# مامۆستای کورد



٢٠

زستانی ١٩٩٣/١٩٩٤

ISSN 1102 - 2000

# Mamostay Kurd



20

Winter 1993/1994

# مامۆستای کورد

ژماره ٢٠ ، زستانی ١٩٩٣/ ١٩٩٤

سەرنووسەر : فەرهاد شاکەلی

ناونیشان : Address

**MAMOSTAY KURD**
Box 615
191 26 Sollentuna
Sweden

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| حکوومەتی کوردستان و بەرپرسیارییەکی مێژوویی : ئامانج شاکەلی | ٣ |
| کچێکی وەنەوشەیی ( چیرۆک ) : مەهاباد قەرەداغی | ٨ |
| وەرامێکی سەر پێ یی بۆ گوتوبێژەکەی کاک کەمال فوئاد : د. م. ئەمین هەورامانی | ١٤ |
| سێ شیعر : هێدی ( جەعفەری حوسەینپوور ) | ٢٢ |
| منداڵ و ئەدەبی منداڵان : کاکە وەیس | ٢٣ |
| هەڵبژاردەیەک لە شیعری نوێی فارسی : و. ئازاد گەرمیانی | ٢٦ |
| شیعری هاوچەرخی سوێدی : و. ڕزگار عەبدوڵڵا | ٢٩ |
| شیعری هاوچەرخی فرانسی : و. فەرهاد پیرباڵ | ٣١ |
| چیرۆکی ڕزگاربوونی وانگ فۆ : مارگرێت یورسنار ( و. مووسا گەرمیانی ) | ٣٣ |
| ئانتۆنین ئارتۆ ( شیعر ) : ڕێبوار سیوەیلی | ٤٠ |
| بیری نەتەوەیی لە نێوان وردە بۆرژوای کورد و مارکسیزمدا : محەمەد عەباس | ٤٢ |
| سێ شیعر : ژیلا حوسەینی | ٤٩ |
| دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی | ٥٠ |
| پەڕی سیمورغ ( چیرۆک ) : مەنسووری یاقووتی ( و. کامەران قازی ) | ٥٢ |
| وەرامی دۆستان | ٥٥ |
| ئەلبوومی کوردەواری | ٥٦ |
| چاو ترووکانی ساتە شێتەکان ( شیعر ) : عیسا چیایی | ٥٧ |
| تۆێکڵە شووتی ( چیرۆک ) : کوردان | ٥٨ |
| مەسیح ڕۆیشت ، مارکس مرد ، گیڤارایان کوشت ( شیعر ) : بەڕۆژ ئاکرەیی | ٦٤ |



ڕێکخستنی هونەری و مۆنتاژ : ئاسۆ گەرمیانی

تابلۆی بەرگی یەکەم : عەبدوڵڵا ناهید ( ئیفتیخار )١٨٩١ـ ١٩٤٥

تابلۆی بەرگی دووەم : ڕێبوار سەعید




# حکوومەتی کوردستان و بەرپرسیارییەکی مێژوویی

( کاکە ئامەننا، ڕاستە، خۆشی لە خۆمان پۆلیس لە خۆمانە کوردە، دائیرەیە، سەیتەرەیە، ئیدی حکوومەتە. لە خوا بە زیاد بێ زوڵم و زۆری بەعسمان بە سەرەوە نییە. کەس تەعەدامان لێناکات . باوکم وەڵاهی جاران خاوەنی نامووسیشمان نەبووین، ئێ کەم و کورتیش هەر دەبێ . بەڵام کاربەدەستان بەپێی بەرەکە پێ ڕاناکێشن ، برۆ تەماشاکە هەرکامیان دەگریت سەرقاڵی خانوو و سەیارە کڕین و ژن هێنانە! ماڵی وات پێ نیشان دەدەم ساڵ زیاترە بە خەونیش گۆشتیان نەبینیوە کەچی ماڵی مەسئوولەکان ژەمی بێگۆشتیان پێ عەیبە، زۆربەیان بۆ نەگبەتی وا سەرخۆشی ئەم دەورو دەسەڵاتە بوون ئاگایان لە چوار دەور بڕاوە وا دەزانن زەمانی محەمەدی مەهدییە). شۆفێری ئەو تاکسییەی لە شەقڵاوەوە پێی گەیشتمە هەولێر، بەدەم ڕێگاوە ئاوا دەردی دڵی خۆی دەربڕی .

ئێستا ئەوەی لە بەر چاوە حکوومەتێکی تازەکار و بێتەجروبە حوکمی وڵاتێکی وێرانە دەکات ، وڵاتێک ، ساڵانێکی دوورو درێژ لە هەموو چەشنە خۆشی و ئارامییەک بێبەری کراوەو برینی هێندە قووڵ و سەختی لێ کراوە کە بەو هاسانییە و لە سێبەری هەڕەشەی چوار دوژمنی خوێنەخۆردا سارێژ نابێ . نەبوونی کەسانی کارامەو خاوەن تەجروبەی بەڕێوە بردن یەکێکە لە کێشە هەرە گەورەکان ، بۆ نموونە کەسانی وا هەن لە سەرەتای ڕاپەڕینە مەزنەکە و پاشتریش و تا ئێستاش بە دەیان شۆفڵ و کارخانەو کەلو پەلی پێویستی دائیرەو خەستەخانەو شوێنە گشتییەکانی بۆ پڕکردنی گیرفانی قووڵی خۆیان ئاو دیو کردووە، بە دەیان فەردەی پڕ لە بانکەنۆتی بیستوپێنجی و دە دیناریی کردووە « بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی نرخی بیستو پێنج دیناری لە لایەن سەدامەوە زۆر لەو کەسانە زیانیان وێ کەوت» کەچی ئێستا لە یەکێک لە حزبەکاندا، یان لە حکوومەتەکەدا مەسئوولن و کەس ناتوانێ بڵێت پشتی چاوتان برۆیە. ئاشکراشە ئاوا کەسانێک هەرگیزو لە هیچ هەلومەرجێکدا بەرژەوەندیی خۆیان بە چارەنووسی میللەت ناگۆڕنەوە. لەوەش بترازێ زۆر کەسی تاوانکارو دەست بەخوێنی بێتاوانی کورد سوور بووی لە بەعسی عەرەب دڕندە تر، ئێستا لە سایەی ململانێی چەوت و ناڕاستەوە جێگەی خۆیانیان لە ڕیزی حیزب و داوو دەزگا ئیدارییەکاندا خۆش کردووەو بە ڕۆژی ڕووناک پاچ لە جەستەی لاوازو خۆ نەگرتووی حکوومەتی هەرێم دەدەن.

ململانێی حیزبایەتی کارێکی تا بڵێی نێگەتیڤی کردۆتە سەر باری هەمە لایەنەی ژیان و زۆر جاران ئەنجامی سەیرو پێکەنیناوی وەبەر دێنێت. هەر بۆ نموونەی خەروارێک ، با خوێنەر سەرنج بداتە ئەم ڕستەیە : ( قیادەی مەنتیقەی کەرکووک !) . کەس بە هەڵەدا نەچێت و ڕستەی سەرەوە بە هی سەردەمی حوکمڕانیی شێخ مەحموودی مەزن نەزانێ . نەخێر ، ئەم ڕستەیە بووە بە زاراوەیەکی ڕەسمی و لە کارو باری سەربازیی لەشکری حکوومەتی هەرێمدا بەکار دەهێنرێت و بە خەتی درشت لە زۆر جێگایاندا نووسراوە ! هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەگەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشنیازی ڕستەی (سەرکردایەتیی مەڵبەندی کەرکووک یان سلێمانی

بکات ) ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان رازی نابێت ، چونکە وشەی (مەڵبەند) زیاتر زاراوەیەکی یەکێتیانەیە ! ، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر پارتی پێشنیازی ڕستەی (سەرکردایەتیی ناوچەی ..) بکات ئەوا یەکێتیی نیشتمانی هەراسان دەبێت چونکە ( ناوچە) زاراوەیەکی پارتییانەیە ! جا بۆ ئەوەی هیچ لایەک دڵگران نەبێ ( قیادەی مەنتیقەی...) نووری عەلا نوورە. خوا نەیبڕێ کوردایەتی وا نەبێ بۆچی خاسە؟!

عەیبی کار لەوەیدایە بە پێچەوانەی دنیا کە حیزبایەتی و سیاسەت لە خزمەتی بوون و قەوارەی وڵات و بەرژەوەندی گەلدایە ، لە کوردستاندا بەرژەوەندی گەل و هەموو شتێکی دیکە لە پێناوی حیزبەکاندایە.

حیزبەکان لە بریتی ئەوەی هەموو توانای خۆیان بۆ پتەو کردنی حکوومەتی هەریم و بنیات نان و دامەزراندنەوەی ژیانی ئاسایی لە کوردستاندا تەرخان بکەن ، چوارچێوەی حکوومەتەکەیان کردۆتە مەیدانی بنیات نان و ڕێکخستنی حیزبایەتی . ئەمەش وای کردووە کەسانی ناشارەزاو ناپسپۆر لە جێگای گرنگ و بەرپرسیاریی گەورە گەورەدا دابنرێن . وایە کابرا لە سەردەمی شاخ و پێشمەرگایەتیدا فەرماندەیەکی ئازا و کادرێکی حیزبیی بە دیسپلین و گوێڕایەڵ بووە . ئێستاش بە پێو دانگی حیزبایەتی کراوە بە قایمقام یان پارێزگار بەبێ ئەوەی تاکە یەک ڕۆژیش پێش ئەوە کارێکی ئیداریی کردبێ ، یان خوێندەوارییەکی باشی هەبێ ! ئەم دیاردەیە لە لایەکی دیکەوە بووەتە هۆی ئەوەی هەر کەسێک یەکدووساڵ زەحمەتی پێشمەرگایەتیی کێشابێ ، داوای کاری پشت مێز و لاندکرۆزەر و حیمایە بکات !. خوا نەکا لەوە کەمتر ڕازی بێت ، ئیدی هەر ئەوەندە دەزانی کە فڵانە فەرماندەی کەرت یان بەتالیۆن بە بیانووی « هەقی خۆمیان پێ نەداوم » لە ماڵەوە تووڕە دانیشتووە و هەر لە خۆ ڕا بە گژ دارو بەردا دەچێ. سەیر



لەوەدایە زۆر بەرپرسی حکوومەتی هەرێم و حیزبەکان ڕێک وەک کاربەدەستانی حکوومەتێکی تەمەن سەدساڵەی بەهێزو دەسەڵات هەڵسوکەوت دەکەن ! پێیان شەرمە بە پێیان بچنە سەر کار، باوجوود مەودای ماڵ و جێگای کارەکەیان بەرداوێژێک بێت . بە ئۆتۆمبیلی دوامۆدێلیش نەبێ ڕازی نابن ! لە بەرامبەریشدا زۆر مرۆڤی بەڕاستی دڵسۆز و کوردپەروەر هەن کە لە ناخەوە لە پێناوی خۆشگوزەرانیی گەلی کورددا تێدەکۆشن و لەو ڕێگایەشدا بێوچان لە هەوڵ و تەقەلادان ، بەداخەوە وەک هەمیشە بەشی ئەو جوامێرانە پشتگوێ خستن و دڵساردکردنەوەیە.

حیزبەکان بە ئاشکرا سوکانی حکوومەتی هەرێمیان بە دەستەوە گرتووە و زۆر جاران ڕێ لە هەوڵ و کۆششی شارەزایان و دڵسۆزان دەگرن و بە بیانووی بێجێ دەست وەرێیان دێنن . یان حیزبییەکی ناشارەزا کراوەتە بەرپرسی چەند ئەندازیاری کارەبایی! چونکە بەپێی بیرکردنەوەی حیزب لەبەر



ئەوەی کابرا حیزبییەکی تەواوە ، ئیتر دەبێ لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا هەر لە تەکنیک و نووسین و مۆسیقا و سەماوە بگرە تا دەگاتە عیلمی غەیب و کەشف و کەرامات مەلەوان بێ.

بێکاری ، گرانی ، کەمدەستی ، نەبوونی دیاردەگەلێکن سیمای ڕۆژانەی هەرێمی کوردستانیان پێک هێناوە . دیارە ئەو دیاردانە لە سەرانسەری جیهاندا کەم و زۆر هەن و ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندان . بەڵام لە کوردستاندا شتێکی نوێیە، دابەزینی نرخی پارەی عێراقی و گەمارۆی UN هێندەی دی قوڕەکەیان خەست کردووە. ڕاستییەکەی لە هەمووان پەرێشانتر ئاوارەکانی پارێزگای کەرکووکن . ئەوانە جگە لە یارمەتییە مەمری و مەژییەکەی UN نەبێ چی دیکەیان نییە. ئەوان لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر لە ناو شارو دەورو بەرەکانیدا نیشتەجێ کراون . زیندان و قەفەسەکانی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی کە ڕۆژگارێک جێگای ئازارو ئەشکەنجەدانی مرۆڤی کورد بوون ، ئێستا بوونەتە خانووی ژیان و گوزەرانی ئاوارەکانی کەرکووک ! ئەوانەی کە لە ئۆردوگا نزیکەکانی سنووری ئێراندان ڕۆژانە تۆپە قورسەکانی ئێران بۆردومانیان دەکات و بۆ جاری دووەم و سێیەم ئاوارەو لانەوازیان دەکاتەوە. شەقام و کۆڵانی شارەکان پڕن لە منداڵی دەستفرۆش . ئەوان بۆ پەیداکردنی بژێویان لە بەر گەرمای پرزەبڕی هاوین و سەرمای زستاندا ڕۆژانە زیاتر لە ٨ تا ٩ سەعات دەسووڕێنەوە. زۆربەیان کەس و کارەکانیان لە ئەنفالەکاندا تیاچوون . ڕۆژی ٩-٩-١٩٩٣ چوومە ئۆردوگای بنەسڵاوەی هەولێر. لە دەرەوەی ئۆردوگاکە ژنێکی تەمەن پەنجا ساڵم بینی بارێکی قورسی سرووتی بە کۆڵەوە بوو، ڕادەی گەرما لەو کاتەدا ٣٨ پلە بوو، ئەو ژنە گوتی « مێرد و دوو کوڕم لە ئەنفالەکاندا تیاچوون ، کاتی خۆی لە هیچمان کەم نەبوو، ئێستاش ئەوە حاڵەکەیە کە دەیبینی . خوا ئاگادارە لەم پووشە زیاتر سووتەمەنیمان نییە. جارێ هاوینە هەرچۆنێک بێت دەیگوزەرێنین ، بەڵام بەیانی دوو بەیانی زستانەکە دێت قوڕی کوێ بکەین بە سەرماندا ؟!.» پاشتریش کە ئۆردوگاکە گەڕام حاڵی زۆربەی ماڵەکان لەو ژنە باشتر نەبوو.

[بێگومان هەموو گرفتەکانی کوردستان بە ڕۆژ و دوو ڕۆژ چارەسەر ناکرێن ، نەخوازەڵا لە هەلومەرجی ئاوا دژواردا . پاشانیش زۆربەی ئەو گرفتانە کێشەی سەرجەمی جیهانن . ڕاستە حکوومەتی هەرێم وەک دەبینی وردە وردە جڵەوی کارەکان بە دەستەوە دەگرێ و شارەزایی پەیدا دەکات ، ئێمە پێمان وایە دەکرێ و، دەتوانێ باشتر خزمەت بکات ، بەتایبەتی ئەگەر حیزبەکان تۆزێک لە خۆپەرستی و بەرژەوەندی حیزبانەیان دەست هەڵگرن. حیزبەکان پارەیان زۆرە، بەڵام تەنها بۆ جێپێ خۆشکردنی خۆیان خەرجی دەکەن]. خوێندکارێکی زانستگای سەلاحەدین



ئاوا دەیڕوانییە هەلومەرجەکە.

کوردستان لە باری فەرهەنگ و ڕاگەیاندنەوە تا بڵێی پەرێشانە. لەوێ چوار کەناڵی تەلەڤیزیۆن و دەیان ڕۆژنامەو گۆڤار و نازانم چەند ئێستگەی ڕادیۆ لەکاردان، خوا هەڵناگرێ مرۆ بە دەگمەن نەبێ شتێکی گوێ لێ نابێ ، نابیستێ ، ناخوێنێتەوە کەتۆزێ ڕووی مەجلیسی هەبێ. جارێ باسی تەلەڤیزیۆنەکان هەر مەکە ! گۆرانیی بێتام ، دەنگوباسێکی لاواز، فیلمی شەڕ و ئاست نزم ، کە لە تێکدانی هەست و مێشک بەو لاوە خێری تریان نییە. بەرنامەی ڕۆژانەی ئەو کەنالانە پێک دێنن . لە کاتێکدا ڕژێمی عێراق بە چەپ و ڕاستدا هاو شانی ئاژاوەنانەوە و تێرۆر کردن و تەقاندنەوەی بۆمب لە شوێنە گشتییەکاندا ، بەهێرشی فەرهەنگی و ڕاگەیاندن دنیای هێناوەتەوە یەک . ئەمانیش وەک نە بایان دیبێ و نە باران ، تا ئێستا بەرنامەیەکی گونجاویان بۆ وەرامدانەوەو دەمکوت کردنی بەعس نییە. کورتە بابەتێکی عەباس بەدری نەبێ بە زمانی عەرەبی ، ئیتر ئاو بێنەو دەست بشۆ! ساڵەهایە گەلی کورد بە ئاواتەوە بوو بتوانێ بە زمانی خۆی ، بە بێترس و لەرز ڕازی دڵ دەربڕێ ، کەچی حاڵەکە ئەوەیە کە دەیبینی. جارێ واز لەو زمانە سەیرو سەقەتە بێنە کە لە داوودەزگاکانی ڕاگەیاندندا بەکار دەهێنرێ. لە هەڵەی ڕێنووس و چاپی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان گەڕێ. بەڕاستی جێگای شەرمەزارییە بەو هەموو دەزگاو دووکانەوە بەرنامەیەکی گونجاوی ئەدەبییان نەبێ. لە بەرنامەی مندالان و ڕەوالان چ باس نییە. پرۆگرامی هونەری و کۆمەڵایەتی کەس نازانێ بەری چ دارێکن . وەزارەتی پەروەردە تا ئێستا هەنگاوێکی بەرچاوی بۆ گۆڕینی بابەتەکانی فێرکردن لە فێرگەکاندا نەناوە، کە دیارە زۆربەی ئەو بابەتانە بە پێی ئارەزوو و کەیفی بەعس دانراون و زۆر جاران زانیاریی هەڵە و زیانبەخشیان تێدایە. ئەمە جگە لەوەی زۆربەی کتێبەکانی پەروەردەو فێرکردن لیپاولیپن لە هەڵەی ڕێنووس و زمانەوانی. فێرگە و زانستگاکان کەم و کورتییان لە هەموو ڕوویەکەوە زۆرە. کتێب ، کاغەز و قەڵەم ، هۆکاری ڕوونکردنەوە تا دەگاتە دەرگاو پەنجەرە! ئەوانە زۆریان لە لایەن شرەخۆرانەوە تالان و ئاودیو کراون .

ڕۆژی ١٦-٩ چوومە زانستگای سەلاحەدین ، خوێندکارانی کۆلێژی ئەدەبییات سەرقاڵی تاقیکردنەوەی خولی دووەم بوون ، ژووری تاقیکردنەوە نە کولەر و نە پانکەی لێ نەبوو، ڕادەی گەرما لە ٣٥ پلە کەمتر نەبوو. کە پرسیاریشم کرد ، وەڵام وەک هەردەم « تالان کرا!».

حکوومەتی کوردستان و حیزبەکان بەرپرسیاریی مێژوویی وە ئەستۆوە دەگرن لە چارە نووسی ئەو دەڤەرە ئازادەی کوردستاندا. دەبێ ئەوان ئەو خاڵەیان لەلا ڕوون و ئاشکرابێت کە لە دەست دانی ئەم ئازادییە و دۆڕاندنی ئەم حکوومەتە مانای لە دەست دانی هەلێکی مێژوویی یە کە بە ئاسانی دووبارە نابێتەوە. چونکە حکوومەتی هەریم زەمینەی بوون و مانەوەی گەلە و بەبێ ئەو زەمینەیە مایەپووچ و سووک و ڕیسوا دەبن. .دەبێ بزانن کە هەبوونی حکوومەتێکی کوردی خۆی لە خۆیدا « سەرباری هەموو ئەو کەموکورتییانە» هیوایەکی گەش و پرشنگداری گەلی کوردستانە. چونکە ئاوا حکوومەتێک ، چەند خراپیش بێت ، هێشتا شمشێری لە ناو بردنی میللەتی بۆ هەڵناکێشرێت ، ناتوانێ گەلێک قڕ بکات . ئەنفالی پێ ساز نادرێ . هەرچی بکات لە چوارچێوەی خاکی کوردستاندا دەیکات و ترسێک لە بنبڕکردنی ڕەگەزی کورد نییە . کە دیارە ئەو ترسە گەورەترین هەڕەشەیەکە کە لە چارەنووسی گەلی کورد دەکرێت لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا. لە لایەکی دیکەوە ، بە داخەوە، هەڵسوکەوتی حیزبەکان کارێکی وایان کردووە کە خەڵکەکە تا ڕادەیەکی کەم متمانە و باوەڕیان بە قسە و وەعدەی حیزب و حکوومەتەکە بێت .

[کێ حەز بە ڕزگاری و سەرفرازی ناکات ؟ مەگەر زۆڵە کورد . بەڵام ئەوان خۆشیان ، حیزبەکان ، مەسەلەکەیان بە فشە گرتووە . کام بەرپرسی





پایەبەرزیان دەگریت ماڵێکی لە ئەوروپایە و پاسەپۆرتی سوێدی و نازانم کوێ و کوێی لە باخەڵدایە . سبەینێ ئەگەر قەوما سواری لاندکرۆزەرە بۆر دەبێ و تورکیا بگرەو هاتم ، لەوێشەوە سووک و باریک بە فڕۆکە دەگاتەوە ماڵ و بێ ئارەق دەردەچێ . خۆ وەکوو من لە قوڕەکەدا ناچەقێ، دوایەش کەی وەزعەکە هێور بوویەوە قوت وەک بەرزەکی بانان دێتەوە سەر پەت و گەسکی جاران !] ئەمە قسەی مامۆستایەکی بێلایەنەو ڕەنگدانەوەی بیرو بۆچوونی زۆربەی کوردەکەیە . ئەوان زۆر بە سادەیی دەپرسن {باشە، ئەگەر ئەوان بەڕاستیانە با ماڵەکانیان بهێننەوە کوردستان ! ناڵێن ئێمە کوردپەروەرین ؟ دە با ژن و منداڵی ئەوانیش وەکوو ئەوانەی ئێمە چوار ژەمی بێگۆشت و ماستاو بخۆن و تۆزێ گڕەی گەرمیان و سەرمای کوێستان هەراسانیان بکات !}.

سی ساڵ حوکمی بەعس لە کوردستاندا ، ڕەوشت و بیری خەڵکەکەی خراپ تێکداوە، نەمانی بڕواو متمانە ، زاڵبوونی خۆپەرستی بەسەر پێوەندیی دۆستانەو گەرم و گوڕیی جاراندا. شرەخۆری و دزی و ڕاووڕووت زۆر بە زەقی هەستی پێ دەکرێت . حکوومەتی کوردستان بە هاوکاریی دەزگا خێرخوازەکانی جیهان گوندێک ئاوەدان دەکاتەوە و خەتی کارەبای بۆ ڕادەکێشێت ، کەچی بۆ شەوێ کوڕگەل دەرگاو پەنجەرەی خانووەکان و تەلی کارەباکە بار دەکەن و بەرەو ئێران هەیپێی دەکەن! سەیر لەوەدایە ئەو دزانە زۆربەیان کەسانی بووە و پارەدارن و لە پەناشەوە بەرپرسی گومرک یان کاربەدەستێکی دەستڕۆیشتوو لە گەڵیاندا هاوبەشە و بە قەولی کوردەکە « شەریکی دز و ڕەفیقی قافڵەیە!».

ئێستا گرنگ ئەوەیە میللەتەکە بزانێ چێژ لەو ئازادییە وەرگرێ و بزانێ چەند بەنرخە. حیزبەکانیش لە خەونی زستانەیان ڕاپەڕن و بزانن کە ئەوان سەرقاڵی ئاشە بەتەنوورەو سێباز نین ، ئەمە چارەنووسی گەل و خاکێکەو بە دوژمنی کارامە و دڕندە حاتە دراوە . مەسەلەکە شەڕەگەڕەک نییە تا بە قۆچەقانی و دارلاستیک یەکلا بکرێتەوە . ئەوان لە دەرەوەی گۆی زەویدا ناژین ، لە گۆڕانکارییەکانی جیهان بە دوور نین . بەڕێوەبردنی کارو باری ئاوا دەڤەرێک بیرو هۆش و هەوڵی دڵسۆزانەی دەوێت و بە خاوە خاو و خەونی هەرزەکارانە کار مەیسەر نابێ .

ئامانج شاکەلی

بەلژیک

# کچێکی وەنەوشەیی

مەهاباد قەرەداغی

١٩٩٣/٩/٥ سوێد

هۆڵەکە تاریک و نووتەک بوو، هەر دەتگوت پارچە ڕەشاییەکە و لە سامناکترین زستانەوە بەربووتەوە، دەتگوت قەترانە و لە شەو هەڵکێشراوە. نەتزانی کەی و چۆن هاتییە ئەو هۆڵە بەڵام دەتزانی چاوەڕێی شتێکی یان چاوەڕێی کەسێکی بێت و لەم تاریکییەت ڕزگارکات، هیچ نەبێ بێت و قسەیەکت لەگەڵ بکا تا ئەم هەستی کوشندەی ترسەت لابەرێ و بتکاتە هاودەمی بەسەرهاتێکی نامۆ، گوێت لە هیچ هەناسەیەکیش نەبوو، هەندێ جار گومانت دەکرد ئەو هۆڵە هیچ کەسێکی تری تیابێ جگە لە تۆ، بشێ وابێ، گومان خەریک بوو زراوت بتۆقێنێ، هەستت بە هەناسەدانی کەس نەدەکرد، بەڵام گوێت لە ترپەی هەزاران دڵ بوو. ساتێ هەناسەت لە خۆت دەبڕی و ترپەی دڵی خۆت دەوەستاند تا باشتر گوێ بگری لە ترپەکانی تر، تا دڵنیابی ئەو دەنگانە ترپەی دڵن و مۆسیقایەکی دەنگبەرز نین، دوودڵ بووی، مۆسیقاکە لە ترپەی هەزاران دڵ دەچوو، ترپەکان لە سەدای مۆسیقا دەچوون، تەنانەت جاروبار وەک سەدان تەپڵی هیندییە سوورەکان دەهاتە بەر گوێت، ترس دەبووە دڵنیاییەکی گوماناوی، بشێ لە جەنگەڵ نەبم و خێڵی هیندییە سوورەکان ئابڵۆقەیان نەدابم، شێوەیانت دەهاتە بەرچاو، دەموچاوی سوور، دوو هێڵی سپی بەسەر گۆنادا کێشراو، پەڕێک بەسەر سەریانەوە، ڕووتوقووت، ڕمێکی درێژیش بە دەستیانەوەیە و لە جەنگەڵستانێکی نووتەکدا لە پشت دارەکانەوە وەستاون، چاوەڕێن بجووڵێی و تیربارانت کەن، چونکە لە خێڵی ئەوان نیت و هاتوویتەتە سنووری ژینگەی ئەوان، دەترسن نوێنەری داگیرکەرێ بیت و هاتبی نەخشەی هێرشێ بکێشی، ڕمەکانیان ئامادەن لە یەک کاتدا بەرەو سنگت و پشتت و هەموو جەستەت بهاوێژرێن، دواجار بتبەن بۆ لای سەرەک خێڵ و لەبەر چاوی ئەودا بە ئاگر بتسووتێنن.

خۆت دەزانی گەر پێت بزانن لەم جەنگەڵەدای ئەوە چارەنووستە، ئەوان لە دێر زەمانەوە ئێرەیان کردۆتە زێد و ئەو دارانە مێژوویانن، ئەوان بەوە نییە کە نازانن لە شێوەی ئێمە بدوێن، ئەوان زمانی تایبەتییان هەیە، بە سەرنج یەکتری دەدوێن، بە هێما کارەکانیان جێبەجێ دەکەن، هەر کە یەکێک لە ئێمە دەبینن گومانمان لێدەکەن و وادەزانن ئەوەی لە شێوەی ئێمە بێت و دەموچاوێکی وەک ئەوەی ئێمەی هەبێ جگە لە داگیرکردن هیچ شتێکی تر نازانێ. لە هیچ ئاژەڵێکی تر ناترسن هێندەی ترسیان لە مرۆڤ، چونکە زۆرجار لە کاتی تەپڵلێدان و بە دەوری ئاگردا سەماکردنیان و لەو ئاهەنگە شادانەیاندا لە ناکاو یەکێکی وەک منیان دیوە هاتووەتە نێو سنووریانەوە و نەخشەی تێکدانی ئەو زێدە ئازیزەیانی کێشاوە، شارستانێتییەکی وەهمییان پێ بنیات ناوە، دارەکان کە مێژووی ئەوانن بڕیویانەتەوە و کورسی و بێشکە و قۆناغە تفەنگ و تابووتیان پێ دروستکردووە. دەترسای ئێستا هەرچی کورسیی ئەو هۆڵەیە لە سەر تۆیدا بشکێن و لەتوپەتت کەن، تەپڵەکانیان جارجار بەرز و



جارجار نزم دەبووەوە، بەڵام تاریکییەکە هەمان تاریکی بوو، نە ڕوون دەبووەوە و نە تاریکتر، لەوە تاریکتر هەر بوونی نەبوو، هەر دەتگوت قەترانە و لە شەوی زستان هەڵکێشراوە، دەتگوت ئاڵایەکی ڕەشە و لە سامناکترین وڵاتی ترسەوە بەربووەتەوە، گوێت لە هەموو ترپەی دڵەکان بوو، هی خۆت نەبێ، ڕێک وەک تەپڵ، ڕێک وەک ئەو ئاهەنگە قەرەباڵغەی کە لە ناکاو دەبێتە شیوەن.

دەستەکانت توند لە کۆشی خۆتا قایمکردبوو، تا زیاتر دەترسای زیاتر و توندتر بە لاقەکانتەوە دەنووساند، توندتر لەسەر کورسییەکە دادەنیشتی و دەترسای لەناکاو بەربیتەوە، هەستت دەکرد کورسییەکە دوو پێی باریکی هەیە و بەقەد ئاسمانێ بەرزی کردوویتەتەوە، وەک بترسی لەو بەرزاییەوە سەیری خوارەوە بکەی ملت ڕەپ بەرەو پێشەوە وەستاند، دەتویست تێر جنێو بە خۆت بدەی کە بەو شەوە بۆ هاتیتە ئەم شوێنە سامناکە، بەڵام بیرت دەکەوتەوە تۆ نەهاتووی بەڵکو خۆت هەر لێرە بوویت. ئەی پێشتر بۆ هێندە تاریک نەبوو، بۆ هەستت بەو هەموو ترس و خەتەرە نەدەکرد، وادیارە پێشتر کوێر بوویت و تاریکیت نەبینیبوو، تەنها ئێستا کە چاوت کراوەتەوە هەست بە سامناکیی ئەو وەحشەتە دەکەی، بەڵام تۆ هیچت نەدی جگە لە تاریکی، بەڵێ، مەملەکەتی هیندییە سوورەکانت بینی و مێژووی ئەو خێڵەت خوێندەوە، خودی تاریکیشت بینی؛ ئاڵایەکی ڕەشە و لە قەتران و شەو هەڵکێشراوە، کورسییە بەرزە دوو لاقە لەرزۆکە سامناکەکەت بینی، هەستیشت کرد ئەمە هۆڵێکی گەورەیە، ئێجگار گەورە. پڕە لە مرۆڤ و مێرووله و سەگ و پشیلە و مشک و فیل و کەر و شێر و کەروێشک و هەڵۆ و پەپوو، پڕە، سیخناخە لە زیندووی مردوو، مردووی زیندوو، بەڵام خۆر کوژاوەتەوە و چاو چاوی تیا نابینێ. هەستت کرد دەنگی تەپڵەکە وردە وردە دوور دەکەوێتەوە و کورسییەکەی ژێرت هێدی هێدی دادەبەزێ و دادەبەزێ تا لاقەکانی بەئێجگاری وندەبێ و لەسەر زەوی دادەنیشی، ڕووناکییەکی کز کزی وەنەوشەیی لە شێوەی ئەستێرەیەک دەبێتە هاودەمت، ترسەکەت دەنیشێتەوە، وەک ئەوەی ئەو ڕووناکییە وەنەوشەییە پەیامی ئاشتی بێ و لە نێوان مرۆڤ و جەنگەڵ نشینەکاندا مۆر کرابێ، وەک ئەوەی ئەو ئەستێرە وەنەوشەییە تروسکەی ئازادی بێ و لە ئاڵا لە قەتران و شەو هەڵکێشراوەکەی زەوی درابێت. ئاوڕت دایەوە، هۆڵەکە سیخناخ بوو لە زیندەوەری مردوو، مردەوەری زیندوو، هەمووشیان تیشکێکی وەنەوشەیی کز ترسەکەیانی دەخوێندەوە، خێرا ڕووت لە ئەستێرە وەنەوشەییەکە کردەوە و لەو کلاوڕۆژنەیە وردبوویتەوە، ئەمە شانۆیە یان گۆڕستان؟ یەک، دوو، سێ، چوار، ئەم هەموو گڵکۆیانە چین؟ بشێ ئێرە گۆڕستان نەبێ و تۆش نەمردبی! خێرا دەستت لە کورسییەکەی ژێرت دا، تا دڵنیابی ئەوەی کە لە سەری دانیشتووی کورسییە و گۆڕ نییە. خۆ ئەو چاڵە ! چاڵێکی قووڵ قووڵ، دەستت بە لێواری چاڵەکەدا هێنا، من کەی مردم؟ لە کوێ؟ بە چی؟ لەبیرم نایەت، کەواتە نەمردووم، نا، ئێرە گۆڕستان نییە و شانۆیە، ئێرە یەکەمجارە شانۆیی تیا نومایش دەکرێ، جاران ئێرە قەسابخانە بوو، بەرخ و مەڕ و گا و گوێرەکەیان تیا سەردەبڕی. قسەی خۆشمان بێ هەندێ جار گورگ و سەگ و ڕێوی و ئەسپیشیان سەردەبڕی و بە نرخی گا و گوێرەکە دەیانفرۆشتن. جارێکیان شێریشیان سەربڕی. زەمانێکی دوورودرێژ قەسابخانە بوو، دواجار هاتن و ئەم بۆیە ڕەشەیان کرد و کردیان بە شانۆ، ناویان نا شانۆی میللی، دەڵێن ئەو شانۆنامانەی لێرە نومایش دەکرێن، هەموویان واقیعین و ئەکتەرەکانیش خودی ئەو کەسانەن کە لە واقیعدا نومایشیان کردووە، حەزم دەکرد جارێک دەموچاوی ڕاستەقینەی ئەکتەر ببینم، هەر بۆیەشە هاتمە ئەم هۆڵە ترسناکە.

ڕووناکییە وەنەوشەییەکە کەوتە سەر گڵکۆیەکی باریک، لاکێشەیی، گڵکۆکە قرچەقرچێکی تێکەوت، وەک قرچەقرچی دارێکی ئەستوور کە لقێکی گەورەی لێ بشکێ و وردە وردە بێتەخوارەوە، شەقی برد، وەک هێلکەیەک لە کاتی ترووکانیدا. ڕووخا، وەک شارێک بوومەلەرزە ڕووخاندبێتی و شوێنەوارێکی ترسناکی تیا بەجێهێشتبێ؛ لەناو خۆڵ و بەردەکانەوە هەستت بە جووڵەیەک کرد، چاوەکانت سەد هێندی تر زەقبوونەوە و چاوت بڕییە جووڵە هێواشەکە، هێدی هێدی بڵند بووەوە،

کراسێکی وەنەوشەیی ئاودامانی لەبەردابوو. ڕەنگبێ ئەویش سپی بووبێ و تیشکەکە ڕەنگی گۆڕیبێ، دەموچاوی وەنەوشەیی بوو، قژێکی درێژ درێژی وەنەوشەیی، چاوی وەنەوشەیی، یەکەم جار بوو کچێکی وەنەوشەیی ببینی، چاوە وەنەوشەییەکانی تێبڕیت و نەیدەترووکاندن. سامت لێدەنیشت و خۆت گرمۆڵە دەکرد. بە پەنجە وەنەوشەییەکانی هێمای بۆ کردی، وردە وردە هاتە پێشەوە، ویستت هەڵسی و تا هێزت تیایە ڕاکەی، واتزانی ئەوە هێمای تاوانبارکردنتە، ئەو هەر دەهاتە پێشەوە، تا گەیشتە بەردەمت، پرسی: تۆ من دەناسیت؟

چاوت بە سەرتاپایدا خشاند. دەتویست بیناسیتەوە یان نەیناسیتەوە، تەنها وەڵامی بدەیتەوە و بڕوات، لێت دووربکەوێتەوە، کچی وەنەوشەییت قەت نەدیبوو، دیمەنەکە بۆ تۆ ئەرژەنگ بوو، هەزار نەفرەتت لە خۆت کرد، بۆ هاتم بۆ ئێرە، چیم دابوو لە دیتنی ڕووی ڕاستەقینەی ئەکتەر، بە من چی؟ ئەوپەڕی ژیانێکی بێباکانە دەژیام، نیو سەدە بەم شێوەیە ژیام و هیچ کێشەیەکم نەبوو، بەناوبانگیش و دارا و خۆشگوزەرانیش بووم. شەوی کچێک میوانی جەستەم بوون و لەسەر داوێنیان داوەت بووم، ئەو کچانە هەموو سپی بوون وەک شووشە، هەر لەو کاغەزە بێگەردانە دەچوون کە پڕم دەکرد لە گەردی وشە و بە خەڵکم دەفرۆشت، بازاڕم گەرم و دڵم سارد بوو، هەزاران جار دەمنووسی خۆشەویستی و یەک جاریشم خۆشەویستی نەکرد. کێم خۆشویستبا، ئافرەت؟ بێ خۆشەویستیش دەمتوانی ئارەزووی خۆمیان پێدامرکێنم، ئیدی بۆ خۆشم بوێن؟ خوا؟ بێ خواپەرستییش وەک شاهەنشا دەژیام، خۆم! تەنها بەبێ خۆم نەمدەتوانی بژیم، تەنها لە بەردەم خۆما دەمتوانی عاشق بم و ڕووت بمەوە، تەنها لە زەریای ئەوینی خۆما دەمتوانی بێماندووبوون مەلە بکەم و نەخنکێم.

نەتناسییەوە، سیمای نە کچ بوو، نە کچ نەبوو، جەستەی نە ماسی بوو نە ماسی نەبوو، قژی نە شۆڕەبی بوو، نە شۆڕەبی نەبوو، هەرگیز لەو نیو سەدەیەی ڕابردووی تەمەنتدا شێوەیەکی وات نەدیبوو، نە کچ بێ و نە کچ نەبێ و، نە ماسی بێ و نە ماسی نەبێ و، نە شۆڕەبی بێ و نە شۆڕەبی نەبێ، هەرگیز وێنەیەکی وات نەدیبوو نە لە شیعرا، نە لە چیرۆکا و نە لە ئەفسانەشدا، هەموو جەستەت بوو بە چاوێکی گومان و سەیرت دەکرد، بە بچڕبچڕی وتت : نا. ناتناسم، تۆ کێی؟

پشتی تێکردی و گەڕایەوە، هەنگاوی هێمن، هێمن وەکو مێرووله، تەنانەت لە ساتێکدا وات زانی ناڕوات و وەک شۆڕەبییەک چەقیوەتە بەردەمت. هێمن هێمن، دەتگوت درەختێکە و شەماڵ دەیلەرزێنێتەوە، بەرەو شانۆکە هەنگاوی دەنا، ورد ورد، دەتگوت قاچەکانی قاچ نین و ڕەگی بەڕوون و بەناو جەستەی زەویدا شۆڕبوونەتەوە، قژی شۆڕبووبووەوە دەتگوت چڵە ئەرخەوانێکی تەریکە، لەبەردەم گڵکۆکەدا ڕاوەستا و سووڕایەوە تا ڕووی کەوتە بەرامبەرت، ڕێک بەرامبەر بە ڕووی تۆ، چاوەکانی تەریب بوون بە چاوەکانت، بزەیەکی بە مانا کەوتە سەر لێوەکانی و وتی: دەتەوێ بمناسیت؟ لە ساتێکدا گومانەکەت ڕەوییەوە. دیارە حەزدەکا بیناسم و وەکو کچانی دی شەوێک لەسەر داوێنی خۆی داوەتم کا، بزەیەکەی بێمانا کەوتە سەر لێوەکانت، یادگارییەکی قەشەنگە، شەوێک لەگەڵ کچێکی وەنەوشەییدا بەسەر دەبەم. ئاخۆ تاموچێژی ئامێزی ئەمیش وەک ئەوانی دییە!، بەڵام ئەم لەوان ناچێ، نە کچە و نە کچ نییە، نە ماسییە و نە ماسی نییە، ڕەنگە ئەمە شاکچی زەوی بێ، نا، نا، ڕەنگە حۆری بێ، بەڵام خۆ من لە بەهەشت نیم، من لە شانۆی میللیم و هاتووم بۆ بینینی ڕووی ڕاستەقینەی ئەکتەر. ئەی باشە ناوی شانۆگەرییەکە چی بوو؟ لەبیرم چووەتەوە، کە هاتم نیو سەعات لەبەردەرگا وەستام و لە



وێنەکان ڕامام و ناونیشانەکەم دەخوێندەوە، بەڵام لەبیرم چووتەوە. دەمەوێ بزانم ئەم ئەکتەرە قەشەنگە کێیە، تا منیش خۆمی پێبناسێنم و بیکەم بە دۆستی خۆم. هیچ نەبێ شەوێک لەگەڵی بنووم و بزانم تامی ئەمیش وەک ئەوانی ترە؟. ڕووت هاوتەریبی ڕووی ئەو بوو، زەردەخەنەیەکی بێمانا بەسەر لێوە ڕەشهەڵگەڕاوەکانتا پان بووەوە، ددانە زەردە دووکەڵ خواردووەکانت بە ئاستەم دەرکەوتن. سەرت بۆ لەقاند و گوتت: بەڵێ، دەمەوێ بتناسم، تۆ کێیت و خەڵکی کوێی؟

شێوەی گۆڕا، زەردەخەنە مانادارەکەی کوژایەوە، دانەوییەوە و داوێنی کراسەکەی بەرزکردەوە، بەرزی کردەوە و هێدی هێدی دایکەند، ڕووت بووەوە. لە سەرەتادا سەرنجت بزێوانە تەنها بەدوای ئەو پارچە چێژەدا دەگەڕا کە لەنێوان هەردوو ڕانیدا بوو، بەڵام هیچت نەدەدی، چاوت بەرزکردەوە تا هیچ نەبێ بە بینینی قوبەی مەمکە قوتە وەنەوشەییەکانی دامرکێیتەوە. تۆ لەبەردەم مەمکی کچانا وەک کێوێکی سەهۆڵ دەتوایتەوە، تا ئەوانت زیاتر گوشیبا خۆت زیاتر دەتوایتەوە، بەڵام قوبەی مەمکی ئەم کچە لە قوبەی هیچ مەمکێکی تر ناچێ، ئەبێ نهێنی ئەم فریشتە وەنەوشەییە چیبێ! لە جیاتی چێژ دەمترسێنێ، لە جیاتی دامرکاندنەوەی ئارەزووم کڵپەی گومانم تیا دادەگیرسێنێ.

تیشکەکە کەوتە سەر سکی، ناوقەدێکی باریک، بەڵام نەخشەیەکی ترسناکی سووری لەسەر کێشرابوو، دەتگوت جێزامی کۆنە و خۆش نەبووەتەوە، دەتگوت ناسۆری هەوکردووە، تیشکەکە نەخشەکەی تەواو پیشان دای، هێندە ڕوون نەخشەکەت بینی وات دەزانی بەو دەستانەی خۆت کێشاوتە، ئینجا تیشکەکە کەوتە سەر دەموچاوی و چاوەکانی وەک ئاسمان کرابوونەوە و دەتگوت سەد حیکایەتت لە ساتێکا بۆ باس دەکات، بە دەنگێکی بەرز، بەرز کە لەناو هۆڵە چۆڵ و بە مرۆڤ و مێرووله و بەرخ و گورگ و

زیندەوەری مردوو، مردەوەری زیندوو سیخناخەکەدا دەنگی دایەوە، هاواری کرد، هاوارێکی لە شێوەی بێدەنگی، کە تۆ واتزانی تەنها و تەنها تۆ بیستت ، گوتی:

- من وەنەوشەم.

- وەنەوشە؟

دەتویست ئەو ناوە لەبیر خۆت بەریتەوە، وەکوو ئەو ڕەنگەت هەرگیز نەدیبێ و ئەو وشەیەت هەرگیز نەبیستبێ، دەمێک ساڵە مامەڵە لەگەڵ ڕەنگدا دەکەیت بێ ئەوەی ڕەنگی وەنەوشەییت بەکارهێنابێ، دەمێک ساڵە وشەسازی دەکەی بێ ئەوەی ئەو وشەیەت لە چیرۆکێکدا داڕشتبێ، وەک ئەوەی بترسی ئەو ڕەنگە یان ئەو وشەیە تاوانەکەت بخاتە ڕوو، کەچی ئەمشەو وەک چارەنووس خۆی بەسەردا سەپاندی و بە ڕووتوقووتی هاتە ناو چاوتەوە.

دووبارە هاتە پێشەوە، ئەمجارە بە بەردەمتا تێپەڕی و بەناو هۆڵەکەدا ڕۆیی و لە بەردەمی هەموو زیندەوەرە مردووەکانا هەڵوێستەیەک دەوەستا و نەخشەکەی سەر سکی پێشان دەدان. مردەوەرە زیندووەکان دەتگوت یەکەم جارە نەخشەیەکی ئاوا بینراو دەبینن و تێی ڕادەمان، دەتگوت خۆیان قەت ڕۆژێ نەخشەیەکی وایان نەکێشاوە. بەڵام دوای لێوردبوونەوە، دوای ئەوەی تیشکەکە تەواو نەخشەکەی پێشان دەدان، بە ڕوونی دەیانبینی و وایان دەزانی خۆیان ئەو نەخشەیان کێشاوە، هۆڵەکە گەورە بوو، دانیشتووانی هۆڵەکەش بێئەژمار، سەراپا هۆڵەکە گەڕا، هەر هەموو نەخشەکەیان دی. هاتەوە سەر شانۆ و ڕووی لە تۆ کرد، تۆ لەرزێکی شاراوە جەستەتی هێنایە سەما، دەتگوت لە دادگادا و لەناو قەفەسی تاوانباریدا دانراوی، هەرگیز لە دادگا نەترسابووی، خۆت زۆر جار عەبا ڕەشەکەت دەخستە سەر شانت و دەچووی لە دادگادا داوەریت لە مافی تاوانباران دەکرد و بە عەباکەت تاوانەکەت بۆ دەپۆشی. ئەی ئێستا بۆ

وا دەلەرزی و دەڵێی لە کێشەیەکدای هەرگیز بە یاسا چارەسەر ناکرێ . تۆ مرۆڤێکی مێژوویيت و کێ هەیە تۆ نەناسێ ، پارێزەرێکی یاساناس و سەرکەوتوو، چیرۆکنووسێکی تازەگەر، هونەرمەندێکی تەشکیلی و ڕابەری سەدان هونەرمەندی لاو کە نموونەی باڵای ئەوانی و چاوت لێ دەکەن، ئەی ئیتر بۆ لە بەرامبەر ئەم تیشکەدا زراوت تۆقیوە و سەما کەوتۆتە جەستەت، چاوەکانی لە چاوت چەقاند و بەهێمنییەوە وتی:

– بەڵێ وەنەوشە... قەت لەبیرت نایە کچێک هەبووبێ لە دنیای ئێوەدا بە ناوی "وەنەوشە"، من ئەوم، بەڵام چارەکە سەدەیەکە لە خزمەتی ئێوە مەرمخەس بووم و هەڵفڕیم، بیربکەرەوە، چارەکە سەدەیەک پێش ئێستا کە تۆ لاوێکی بیست و پێنج ساڵی بووی، تازە پارێزەر بووی، تازە عەبای یاسات نابووە سەرشان و دەتویست سەرکەوتنی خۆت بەسەر زیندەوەرە مردووەکاندا بسەپێنی، دەچوویتە هۆڵی دادگا، ئەوێش هۆڵێکی لەم چەشنە بوو، پێشتر قەسابخانە بوو، مەڕ و بەرخ و گورگ و سەگ و گا و گوێلکیان تیا سەردەبڕی، زۆر جار شێریشیان تیا سەردەبڕی، دوایی بۆیەیەکی سپییان کرد و کردیان بە دادگا. لەجیاتی چەقۆ هەڵواسراوەکان تەرازوویەکیان دانا و قەسابەکانیشیان گۆڕی، بە دادگەر و پارێزەر و پارێزەری گشتی، تۆ پارێزەری تایبەتی بووی، هاتەوە بیرت؟! لاوێکی قۆز، دەیانوت هونەرمەندیشە و پارێزەریشە!، ئەو هەموو بەهرەیەی تیا کۆبووەتەوە، پەنجەکانی گەوهەری وشە دەڕێژێ، چیرۆک دەنووسێ، ڕۆمان دەنوسێ، تابلۆ دەکێشێ، لە یاساناسیشدا بێهاوتایە. هیچ تاوانبارێ نەهاتووەتە بەردەستی، وەک موویەک لە ماست دەرکا لە تاوانەکەی دەری نەکردبێ، هاتەوە بیرت؟ وەنەوشەت هاتەوە بیر؟ هەقیشتە گەر نەیەتەوە بیرت، چونکە من ئەو کاتە لەوێ نەبووم. با زیاتر بیرت خەمەوە، ڕۆژێکی هاوین بوو، تۆ کراسێکی سپی و بۆینباخێکی سوور و قاتێکی ڕەشت لەبەردابوو، لاوێکی قۆز بووی، ئەوەی ئامادە بوو لە هۆڵی دادگادا نیوەیان بۆ دیتنی ئەو دیمەنە جوانەت و نیوەشیان بۆ گوێگرتن لەو وتە نەرم و نیانەت بوو کە هەر زوو دادگەرت پێی ڕازی دەکرد. ژنان دەیانوت دەڵێی نوشتەی چەور و شیرینی پێیە. ڕۆژێکی گەرمی هاوین بوو، پێم وایە دووشەممەش بوو، نا پێم وانییە بەڵکە دڵنیام دووشەممە بوو، چونکە من ڕۆژانی دووشەممە ژووانم هەبوو لەگەڵ فەرهاد، لەڕێی قوتابخانە دەمدی و چەند قسەیەکمان دەکرد، ئەو کاتە من چواردە ساڵ بووم و فەرهاد شانزە، یەکتریمان خۆشدەویست، وەک چۆن دوو چۆلەکە یەکتریان خۆش دەوێ، وەک چۆن دوو پەپوولە یەکتریان خۆش دەوێ، لەڕێی قوتابخانە تۆزێ دەوەستاین و دڵداریمان دەکرد، ئەگەر کەس دیار نەبووایە بەخێرایی دەممان تێکەڵ دەکرد و ماچێکی برووسکە ئاساشمان دەکرد. کۆڵانەکە چۆڵ و هۆڵ بوو دەتگوت سەدەیەکە چۆڵ کراوە و قەد کەسی تیادا ناژی، نازانم چۆن و لەکوێوە؟! ڕێک لە ساتی ئەو برووسکەماچەدا ئامادەبوو، وابزانم هێشتا ماچەکەشمان نەکردبوو، قژی ڕاکێشام و بردمیە ماڵەوە، خۆی و باوکم تێریان کوتام، براکەم گوتی: بە چاوی خۆم بینیم ئابڕوومانی تکاند، باوکیشم فەرمانی دا پیاوانە بمکوژێ، براکەم پیاوانە کوشتمی.

من مردم، هەر ئەوساتە مردم، دەتگوت بە مردنی من تنۆکە ئابڕووەکانیان دەست دەکەوێتەوە، ئەو ئابڕووەی کە بە خۆشەویستی تکا، بە برووسکەماچێکی پەپوولەیی.

بەڕێزان، دیوتانە ئابڕوو بە برووسکەماچێکی پەپوولەیی بتکێ؟ ئەی دیوتانە ئەو ئابڕووە وەهمییە بە کوشتنی کچێک هەڵگیرێتەوە! بەڵێ بینوتانە، هەمووتان بینیوتانە، هەمووتان بە وەهم ئابڕووی خۆتان تکاندووە و بە تاوان هەڵتان گرتۆتەوە، هەمووتان من ئاسایەکتان کوشتووە،



نەشتان کوشتبێ دیلتان کردووە، کەستان نییە لە قەفەسی ماڵەکانتانا چەند دانەیەکتان ماڵی نەکردبێ، بۆ هێلکەکردن و بۆ شەوئاهەنگی شەهوەت، کەستان حەز بە بینینی دوو پەپوولەی حەزلەیەککردوو ناکەن، کەستان توانای بینینی ماچێکی ڕاستەقینەتان نییە، بەڵام ڕۆژی دەیان ماچی درۆینەی فڕوفێڵاوی دەکەن.

بە هێمنی، بە درێژاییی شانۆکە دەهات و دەچوو، دیسان چاوی لە چاوی تۆ بڕی، وەک ئەوەی تۆ تاوانبارترین تاوانباربیت، سەرنجەکانی هاوتەریب دەچەقینە چاوت، بەهێمنییەوە وتی:

– هاتەوە بیرت بەڕێز، ڕاستە تۆ منت هەرگیز نەبینیوە، چونکە ئەوکاتەی تۆ لە دادگادا داوەریت لە مافی تاوانباردەکرد من مانگێ بوو لەناو ئەم گڵکۆیەدا بووم، دیسان ڕۆژی دووشەممە بوو، مردبووم و ئاگاداربووم، یاساکانت تاووتوودەکرد تا درزێ بدۆزیتەوە و بێتاوانیی براکەم بسەپێنی، «بۆ پاراستنی ئابڕووی خێزان، شەرەفی میللەت، نامووسی نەتەوە»، ئیدی هەموو ئەو وشانەی درەوشانەوەیان هەبوو لە یاسادا، یاساکان لە خزمەتتدا بوون و تۆش لە خزمەتی ئەواندا. وەک ئاسانترین مەسەلە براکەمت لە سزا ڕزگارکرد، هاتەوە بیرت؟ ئەوەی کە کوژراوبوو، کە تەنها ناوی لە مەلەفەکاندا مابوو من بووم، دواییش ناوی و مەلەفەکان تووڕدرانە دۆڵابەکەی تۆوە، تا ئێستاش تۆز و گەردی چارەکە سەدەیەکی هەڵگرتووە، تەنانەت نەتویست وەکو ڕەنگیش لە تابلۆیەکدا بەکاری بێنی، یان وەک وشەیەکی جوان لە چیرۆکێ، شیعرێ، ڕۆمانێکدا بینووسی.

ڕووی کردەوە دانیشتووانی هۆڵەکە و بە تووڕەبوونێکی نائاساییەوە وتی: بەڕێزان، ئێوە...، چاوتان لێیە چۆن پێتان دەڵێم بەڕێزان، لەکاتێکدا ئێوە قەت ڕۆژێ ڕێزتان نەگرتووم، قەت لەم هونەرمەندەتان پرسیوە بۆچی ڕەنگی وەنەوشەیی لە تابلۆیەکیدا بەکارناهێنێ؟ ئەی وەنەوشەیی ڕەنگێکی جوان نییە، بشێ کەستان حەزتان لێ نەبێ، بڕواناکەم، هەمووتان حەزتان لێیە، بەڵام ڕانەهاتوون پرسیاربکەن، هەرگیز سۆراخی حەزە نادیارو شاراوەکانتان ناکەن، ئێوە هونەرمەند بە خوا دەزانن، هەرچیی وت باوەڕدەکەن. ئەم هونەرمەندە دەیان جار نووسیویەتی ماف بەڵام مافی منی پێشێلکرد، سەدان جار دەڵێ ئازادی بەڵام داوەری لەو کەسانە دەکا کە ئازادی سەردەبڕن.

دیسانەوە چاوەکانی بڕییەوە ناو چاوت، تۆ خەریک بوو لە شەرما ببی بە تنۆکێ ئاو، گیانت بەوە بوو هۆڵەکە زۆر تاریک بوو و کەس بەئاسانی شێوەی دەموچاوتی نەدەبینی. زەردەخەنە مانادارەکە دیسانەوە هاتەوە سەر لێوەکانی و گوتی : بەڕێز، نەتزانی گۆڕستانیش شانۆیەکە و هەزاران شانۆیی تیا نومایش دەکرێ، من دەڕۆمەوە ماڵەکەی خۆم بەڵام لەبیرت نەچێ تابلۆکانت بێڕەنگی وەنەوشە هیچ مانایەک نابەخشن. گەر توانیت وەنەوشەیان تیا بەرجەستەکەی لە ئاوێنەشدا دەبی بە هونەرمەند، لە ڕوانگەی خۆشتا دەبی بەو مەزنەی کە خەڵک پێیان وایە.

پشتی لە تۆ و هەمووان کرد، بەهێمنییەوە دەڕۆیشت، هەنگاوی هێمن هێمن، وەک مێرووله، تەنانەت لە ساتێکدا واتزانی ناجووڵێ، ئەرخەوانێکە و با دەیلەرێنێتەوە. وردە وردە ون بوو، تیشکە وەنەوشەییەکە کز بوو، کزتر بوو، تا تەواو کوژایەوە، تیشکێکی زەرد، زەرد وەک خۆر هۆڵەکەی ڕووناک کردەوە، ڕات کردە سەر شانۆ، تا توانیت بە دەنگێکی بەرز هاوارت کرد: بمبوورە وەنەوشە. دانیشتووانی هۆڵەکە چەپڵەیەکی توندیان بۆ لێدای، هەر ئەو شەوە تابلۆیەکی وەنەوشەییت کێشا.

# وەرامێكی سەرپێ یی بۆ گوت و بێژەكەی كاك كەمال فوئادی دوكتۆر لەگەڵ گۆڤاری سروەی ژمارە ۳۸ و ۳۹ دا!

دوكتۆر محەمەد ئەمین هەورامانی
خانەگا- پاوە

## وشەیەكی ڕێگاپاككەرەوە

نهێنییەك هەیە كە تاوەكوو ئێستا، لەبەر هەندێ رووپامانیی دنیایی؛ نەیانویستووە، یان نەیانتوانیوە، یان پەیان پێ نەبردووە، بۆیە تا ئێستە مەگەر بە شارۆ و پشكنینێكی زۆر ورد و درێژخایەن بەرچاو كەوتبێ ، ئەویش ئەوەی كە سەلاحەددینی ئەیووبی بۆ چەند جارێ ، هەڵمەتبردنەكانی سەر سەلیبییەكان، سەركەوتنیان بە دەست نەهێنا یان ئەتوانین بڵێین هەندێ جاریش هەندێ لەو هەڵمەتانە سەرنەكەوتن ! بۆیە، سەلاحەددین، بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزەی خۆی تەگبیر و راوێژكارەكانی، لە سەرۆكانی سوپا و هی دیكەش، كۆكردنەوە و بەو مەبەستەی كە ئەو كێشە گەورەیە بخاتە بەردەستیان بۆ دەمەتەقێ و بۆ ئەوەی بەهۆی میكرۆسكۆپی تیژبینییان و وردبینییانەوە، بتوانن ئەو هۆیە میكرۆباویانە دەستنیشان بكەن كە بوون بەهۆی ئەو سەرنەكەوتنانە .

راوێژكارەكان، پاش دەمەتەقێیەكی درێژخایەن هاتنە سەر ئەوەی كە ئەگەر سەلاحەددین بیەوێ بەتەواوی و بە زوویەكی زووین لەو هەڵمەتانەی، كە نیازیەتی بیباتەوە سەر سەلیبییەكان و بە باشی و ئازایانە سەر بكەوێ، دەبێ چاوێ بەو پێكهێنانەوەی ئەو سوپایەدا بگێڕێتەوە، چونكە سوپاكەی هەر بە بۆنەی ئەوەوە كە لە هەمەجۆرە نەتەوە و بەكرێگیراو پێك هاتووە هەرگیز بەدڵسۆزانە جەنگی بۆ ناكەن و پێشنیازیشیان وەها بووە كە هێزە پێشەنگەكانی سوپاكەی بە سەركردەو و سەربازیەوە، لە (كورد) پێكیان بهێنێ، چونكە هەر لەبەر ئەوەی كە سەلاحەددین خۆی كوردە و كوردەكان زۆر زوو كەمەنگیری داخوازی دەبن بە تایبەتی ئەگەر بتوانێ دڵیان خۆش بكات!

سەلاحەددین گوێڕایەڵی ئەو تەگبیر و راوێژە بوو و بۆیە زوربەی سوپاكەی و سەركردەكانی لە كورد پێك هێنایەوە و پەیمانی بەو كوردانە دا، كە پاش سەركەوتنیان، لایەكیان لێ بكاتەوە و پایەیەكی نەتەوایەتییان، بۆ ساز بدات!



هەر لەبەر ئەوەی كە سەلاحەددین خۆی بە پەروەردەی عارەبی گۆچ (گۆش) كرابوو، پاش سەركەوتنە بەناوبانگەكەی (شەڕی حەتین)، وەك نە بای دیبێ و نە باران و ئەو كوردانەش، كە داوای جێبەجێكردنی بەڵێنەكەیان دەكرد تەمەنیان لە بەندیخانەدا تەواو كرد!!

بەو جۆرە لەو كات و دەمەدا، هەستی نەتەوایەتی كرایە قوربانی هەستی دینی و ئەگەرچی، ئەو هەستە دینییەش پاراوی سەرپاكی نەتەوەی كورد نەبووە و بە زۆریش نابێ بكرێ!!

بەهەرحاڵ، ئەو رووداوە و ئەو بەسەرهاتە بوو بەهۆی ئەوە كە ئەوروپایی یەكان بە لێهاتوویی ی سیاسییانەوە بە شێوەیەكی تایبەتی بیر لە هەڵسوكەوتی كورد لەڕووی دەروونناسییەوە و لە ڕووی ئابووری و ڕامیاری و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی دیكەوە، هەروەها لە ڕووی سەرپاكی گۆشەكانی ژیانیەوە، لێكۆڵینەوە و تۆژینەوە بكەن تاوەكوو بتوانن، یاریدەری یەكگرتن و سەركەوتنیان نەدەن و تا بۆیان بكرێ بیانخەنە ژێر دەستەڵاتی ئەوانەی كە ئەمان خۆیان لە پێناویاندا كرد بە قوربانی!!

ئەوەبوو ئەوروپا رۆژی پێشكەوتن و وریابوونەوەی هەڵهات و توانییان پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر هۆشیاربوونەوەدا دنیا بخەنە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی خۆیانەوە و دەوڵەتی عوسمانی تێك بشكێنن و ئیمپراتۆریەتەكە لە نێوان خۆیاندا دابەش بكەن و ئەوجا خواستەكەی خۆیشیان، كە كوردستانە، بهێننە دی و لەنێوان دەوڵەتی بچكۆلە و بێگانە بە كورددا، دابەش بكەن بە جۆرێ كە كورد یاخود ئەو خەڵكە كوردە دابەشكراوە تەنانەت نەتوانێ بە زمانەكەی خۆی و بە بەرگ و پۆشاكەكەی خۆیەوە، لە بەروبوومی خاكەكەی كەڵك وەربگرێ!

ئەوروپایی یەكان بەوەش رازی نەبوون، بەڵكوو بە سەدان كەسیان، چ لە ناوەوەی كوردستان و چ لە دەرەوە خەریكی ئاگرخۆشكردن و هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆیی و دووبەرەكی بوون تا وەكوو كورد نەتوانێ خۆی بگرێتەوە و هەتا ماوە خەو بە باووباپیرە (مادەكان)یەوە، ببینێ!

لەو بێگانانە رۆژهەڵاتناس بوون، كە بەرەو ناوچەیەك یان چەند ناوچەیەكی كوردستان دەكەوتنە ڕێ و هەندێ شتی راست و ڕەوانیان لەبارەی كورد و هەڵسوكەوتی كوردەوە دەنووسی و لە پەنای ئەو راستییەشەوە، هەندێ ناڕاستییان بڵاو دەكردەوە، كە خۆی لە خۆیدا كرمی ناو داری یەكیەتیی كورد و كوردستان بوو!!

ئەو دەستپەروەردانەی ناوەوەی كوردیش بۆنەیان بۆ خۆیان دەرمخساند و درۆیەكەی ئەو رۆژهەڵاتناسانەیان ، وەك تووتی، چەندان پات دەكردەوە، بەبێ ئەوەی خۆیان ئاوەزی ئەوەیان هەبێ كە شتێكی نوێ بهێننە كایەوە!

بەهەرحاڵ وەختی ئەوە هات كە من لە (بیارە)وە، بۆ خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی بۆ سلێمانی بچم! كە لە ئاخر و ئۆخری چلەكاندا، بەندە، بە (چۆخەوڕانك=رانكوچۆخە)ی مەرەزی رەشەوە و بە كوڵەباڵێكی (فەرەنجی) رەشەوە، وەك كوڕێكی لادێ یی، بۆ سلێمانی رۆیشتم و لەوێ لە قوتابخانەی ئامادەیی ی سلێمانی، كە ئەو كاتە مامۆستای پایەبەرز خوالێخۆشبوو (وەدیع فەتحوڵڵا) بەڕێوەبەری بوو! بۆ یەكەم ڕۆژ چوومە ژووری دەرس خوێندنەوە و بۆ پشووی یەكەم هەندێ لە پۆلەكەی خۆم ، وەك كەمالی كەریم بەگ و مەزهەری رەزابەگ و نیهالی شێخ... و چەندانێكی دیكە، كە ناویان نایەتەوە یادم بە كۆمەڵە، بە گوتەی (تاتە ، تووخۆر، جوولەكە...) هەریەكە قۆڵێكی كوڵەباڵەكەم رادەكێشێ و منیش وەك چۆلەكەی باڵ و قاچ شكاوم لێ هاتووە بە دەستیانەوە !!

مامۆستا وەدیع فەتحوڵڵا بەزۆر منی لە دەست ئەو كۆمەڵە دەرهێنا و بڕوا بكە، (رانك و چۆخە و فەرەنجی)یەكەم ئەنجرِئەنجرِ كرابوو، وەك پەڕۆی شەخس، با، بەملاو بەولادا دەیشەكاندنەوە. پاشان لەلایەن مامۆستا (وەدیع)ەوە پۆشتە كرامەوە!!

زۆری پێ نەچوو، لە شەستەکان بەملاوە، رانکوچۆخە و کوڵەباڵ بوون بە ڕەمزی جەنگاوەریی کورد!!

کاتێ کە زانستگای سلێمانی کرایەوە بەڕێز جەنابی کاک کەمالی کەریم بەگ، بە ناوی (کەمال فوئاد دوکتۆر)ەوە هێنرایەوە بۆ سلێمانی و ئا لەو زانستگا نوێیەدا، دەستی کرد بە دووبەرەکی نانەوە، بەوەی کە وتەکانی یەکێکی وەک ئۆسکارمانی دەوتەوە گوایا، ئەو وتوویەتی، هەورامییەکان و لوڕەکان کورد نین!!

لەو کاتەدا، قوتابییەکانی ناوچەی هەورامان کۆبوونەوە بەو نیازەی کە لە هۆڵی زانستگادا دژی بوەستن و ئەو کاتەیش من لە بەغدا بووم کە ئاگاداریان کردم و بەپەلە خۆم گەیاندنێ و بە وتارێ هێمنم کردنەوە و بەو بیانووەی، کە ئەو کاتە بۆ ئەو جۆرە باسانە نەدەشیا و لە هەمان کاتیشدا ئەوەمان ڕۆشن کردەوە، کە هەورامییەکان کوردی رەسەنن!!

شایانی باسە مامۆستای بەڕێز، کاک کەمال فوئادی دوکتۆر، ئا لەو ماوەیەدا کە لە زانستگای سلێمانی بوو، هەندێ وتاری زمانەوانیی، لە گۆڤاری (زانیاری)ی ئەو دەمە کە لە بەغدا دەردەچوو (لام وایە ژمارە ٤،٥) بڵاو کردەوە و ئەو وتارانەش بریتی بوون لەوەی کە هەندێ رۆژهەڵاتناس لەو رووەوە وتبوویان.

خوێنەری بەڕێزیش ئەگەر دەستی کەوتن و خوێندنیەوە، دان بە راستی ئەم وتەیەی مندا دەنێ !

لەم ساڵانەدا لەگەڵ گۆڤاری (سروە) دا، دەمەتەقێیەکەی کردووە و لە و دەمەتەقیەشیدا، هەر هەمان دەستوور شتێکی نوێی نەوتووە.

## بەرەو ناوەڕۆکی دەمەتەقێیەکە!

لە ژمارە (سیوهەشت و سیونۆ)ی (سروە)دا، بە ناوی (گوت و بێژ) لەگەڵ د. کەمال فوئاد- دەمەتەقێیەک کراوە و وا ئێمەیش بە قەدەر ئەوەی، کە پەیوەندیی بە هەورامان و هەورامییەکان و زمان و مێژووی زمانەوە هەیە، بە شێوەیەکی سەرپێ یی دەیخەینە بەر سەنگی مەحەکی لێکۆڵینەوە، بەو نیازەی کە هەلێکی فراوانمان بۆ بڕەخسێ تاوەکوو بتوانین بە بەڵگەی بڕواپێکراوەوە وتەکانی کاک دوکتۆر کەمال پووچەڵ بکەینەوە و ئەگەر بۆیشمان لوا لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆنی کوردستانی ئازاد، بە مەبەستی دەمەتەقێ لەو ڕووەوە، ڕووبەڕووی یەکتریی ببینەوە!! تا ڕاستی و دروستی و ناڕاستیی بخەینە بەردەم ڕووناکبیرانی گەلەکەمان .

بەڕێز کاک کەمال فوئادی دوکتۆر بۆ وەرامی پرسیارێ کە لە لایەن گۆڤاری (سروە)وە بەم جۆرە (بیروڕای ئێوە سەبارەت بە چۆنیەتیی دابەشبوونی زاراوەکانی کوردی چییە؟) لێی کراوە، بەم جۆرەی خوارەوە وەرامی داوەتەوە(...بیروڕاکانی من زیاتر لەگەڵ بیروڕاکانی ئۆسکارماندا یەک ئەگرنەوە.)

هەروەک بۆ خوێنەری بەڕێز دەردەکەوێ کە کاک کەمال فوئادی دوکتۆر، سەرلەنوێ گوتەکەی رۆژهەڵاتناس ئۆسکارمان دەڵێتەوە. کە باسی شێوەی (گۆران)ی هێناوەتەوە گۆڕێ بە شێوەی ناوچەی هەورامانیشەوە و زارەکانی (گۆران) و (لوڕ)یش، بە کوردی نازانێ .

دیسان، بەداخەوە، دەبێ بڵێین کە ئێمە بەتەمابووین جەنابی کاک کەمال فوئاد شتێکی نوێ و نەزانراو و نەبیستراو بخاتە بەردەمی خوێنەری تینووی کورد، کەچی سەرلەنوێ وتەکانی ئۆسکارمان دەڵێتەوە و لە هەمان کاتیشدا، هەر ئەم زانیارییە کۆنانەی لە حەفتاکاندا لە گۆڤاری (زانیاری) ژمارە (٤-٥)دا بڵاو کردبوونەوە!

ئێمە کە چووینە (کەنوولە) دەنگوباسی دوکتۆر کەمال و گەڕانەکەیمان بەدوای بەرهەمەکانی سەرهەنگ ئەڵماس خاندا، بەر گوێ کەوت و پێخۆشحاڵ بووین کە جەنابی هەستی بەوە کردووە گەڕانی مەیدانی شتی زۆر روون و دروست دەدا بە دەستەوە نەک کەوتنە دوای وتە و نووسینەکانی خەڵکی بێگانە، چونکە ئەو بێگانەیە جگە لەوەی کە زمانەکە نازانێ، بە دوو مەبەستیش گەڕاوە و دەگەڕێ؛ بەدوای کەلەپووری میللەتاندا، بەتایبەتی کورد، ئەمەشمان لە پێشەکییەکەدا روون کردەوە!

بۆ وێنە ئۆسکارمان ئەوەی جوێ نەکردووەتەوە کە (دین) و (زمان) ، یاخود شێوەزمان، دەبێ لە یەکتری، جوێ بکرێنەوە. دوکتۆریش پاش ئەوەی کە خۆی سەری ناوچەی کەنوولەی داوە، نەیتوانیوە ئەو هەڵەیەی ئۆسکارمان راست بکاتەوە، چونکە بێ چەند و چۆن خۆی تەسلیمی وتە و نووسینەکانی ئۆسکارمان کردووە!!

یان، ئەگەر واش نەبێ و هەستی بەوە کردبێ، دەبێ بە زەبری دەستەڵات و جێگای ئەمڕۆی خۆی کە بە زۆر و بە پێی خواستی خۆی مێژووی زمانی کوردی بگۆڕێ، هەروەک (سەددام حوسەین) مێژووی عیراقی سەرلەنوێ بەزۆر و چەواشەیی بە مێژوونووسانی بەعسی نووسییەوە!!

با بڵێین جەنابی بەڕێز دوکتۆر کەمال لەوانەیە هەستی بەو ڕاستییە نەکرد بێ کە (گۆران) بە واتای چی بەکار دەهێنرێ و بەکار هێنراوە!! ئەمە، ئەگەر وەها بێ، ئەوا، بە شێوەیەکی سەرپێ یی لەمەش دەدوێین!

## وشەی گۆران : واتا و ڕیشەی

ئێمە وشەی (گۆران)مان، چ لە ڕووی ڕیشەوە و چ لە ڕووی واتاوە، لە بەرهەمی (کاکەیی) و بەرهەمی (فەرهەنگی ئێریان ڤاچ)دا بڵاو کردەوە و لەبەر پێویستیش سەر لە نوێ لێی دەدوێین :

وشەی (گەو) لە سەرەتاوە، لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی دینی ئێسلام لە کوردستان دا بەو کەسە دەوترا کە بە نائیسلامی دەمایەوە و سەرانەی دەدا و بە ئیسلام نەدەبوو! پاش ئەوەی، کە سەرپاکی کوردستان هاتە سەر ئایینی ئیسلام ، پارسانییەکان (کە سان ئیسحاق نوێکەرەوەیەتی) و هەندێ خەڵکی ناوچەی هەورامان، کە لە ناوچە شاخاوییەکانی هەوراماندا، لەسەر دینی زەردەشتی هەر مابوونەوە، بە (گەور) ناو دەبران و کۆیەکەشی (گەوران) بوو و لە هەندێ ناوچەشدا بە (گەبران) ناو دەبران، بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕەی کە دەنگی (ب) و دەنگی (و)، جێگۆڕکێ دەکەن!

هەروەک وتمان ئەم وشەی (گەور) یان (گەبر)یشە، بە (زەردەشتییەکانی) دیکە دەوترا و بە بۆنەیەوە، ئەو وتەیەی (دوکتۆر ئیبراهیم پووررداوود) کە لە پێشەکیی فەرهەنگی بیهدینان (فرهنگ بهدینان)دا وتوویەتی، بە نموونە دەهێنینەوە.

"دوکتۆر پووررداوود، لە پێشەکییەکەیدا، دەڵێ کە وشەی (گەور) ، لە وشەی (کافر)ی عارەبییەوە هاتووە و بە واتای زەردەشتیی نائیسلام بەکارهێنراوە و وردە وردە، لەبەر قورسیی وشەی (کافر)، بوو بە (گەور)..."

هەروەها، دوکتۆر پووررداوود، وتوویەتی: (گەبر) و (گەبرەک) و (گەبرەکی) لە هۆنراوەی فارسیدا بە واتای دینی زەردەشتی هاتووە! بۆ وێنە فیردەوسی دەڵێ :

بفرمان یزدان چو این گفته شد
نیایش همانکه پذیرفته شد
بپرید سیمرغ و بر شد بابر
همی حلقه زد بر سر مرد گبر
ز کوه اندر امد چو ابر بهار
گرفته تن زال را در کنار.

لە جێگایەکی دیکەدا فیردەوسی یەژێ:

که مارا نیاید که شاپور شاه
نصیبین بگیرد بیارد سپاه
که دین مسیحا ندارد درست
ره گبرگی ورزد و زنده است .

بەهەرحاڵ، وشەی (گەور) بەرەو (گۆر) رۆیشت و کۆیەکەشی بوو بە (گۆران) و ئەمەش هەمیشە بەو خەڵکە دەوترا کە لە ناوچە شاخاوییە دوورە دەستەکانی هەورامان دەژیان و بە ڕوواڵەت ئیسلام بوون و لە دڵ و دەرووندا، یان کاکەیی (پاری سانی) یان زەردەشتی بوون وهەروەها بە زەردەشتییەکانی دیکەی ناکوردیش.

ئەم (ناو/زاراوەیە) بەم جۆرە بەکار دەهێنرا تا دەوروبەری پێنج سەدی هیجری و یاخود تەواو ئێسلامبوونی خەڵکەکەی ناوچەکانی هەورامان و ئەوجا بەو جۆرە دینی کاکەیی و زەردەشتی لە ناوچەکانی هەوراماندا، بەرەو کزبوون و بەرەو نەمان چوون و تا هەندێ ناوچەی وەک گۆران و هەندێ ناوچەی بچکۆلەی دیکەی لێ دەرچێ ، سەرپاکی خەڵکەکە دینی ئیسلامی وەرگرت و ئەوجا دووبەرەکی پەرەی سەند و بەو هۆیەوە دینی نائیسلام ، (گەور) یاخود (گەوران)، کە بووبوو بە (گۆران) زۆر کورتی هێنا و خزایە هەندێ ناوچەی تایبەتییەوە، کە ئەو جێگا تایبەتییانە، بەرەبەرە کران بە مەرگەزی دینی (گۆران).

شایانی باسە ئەو مەرکەزە دینیانە بە ناوی دێی (گۆران) و ناوچەی (گۆران)ەوە ناوبران و هەروەها خەڵکەکەش بە ناوی (تایفەی گۆران) ناسران . بۆ وێنە، تایفەی (گۆران) لە ناوچەی (گۆران)دا دەژین، کە مەرکەزەکەیان دێی (گەهوارە)یە و پەیڕەویی دینی (ئەهلی هەقق=پارسان) دەکەن و ئەمانەش، یاخود بە پەیڕەویکەری ئەم دینەش، لە هەندێ ناوچەدا ، بە ناوی (کاکەیی)یەوە، ناو دەبرێن و لە هەندێ ناوچەی دیکەدا بە ناوی دیکەوە.

ئەم تایفەیە بریتین لە ئێلەکانی (گەهوارە) و (قەڵخانی ئەسیری) و (قەڵخانی بەهرامی) و (تفەنگچی) و (تایشە) و (دانیالی) و (بێ دیانی) و (نێریژی). هەر لەم تایفە دینییە، هەندێ لە ئێلی زەنگەنە کە لە کەنوولە دەژین و لە ئێلەکانی کرند کە لە ناوچەکانی (کرند)دا دەژین و بریتین لە: (کرندی) و (بەیوەنجی) و (رەشید عەلی) و (جەلالوەند) و (باتاقی) و (باومجانی) و (سەرمێلی) و (حەریری) و (چەشمە سفیدی) و (خەسرەو ئاوایی) و (نەسر ئاوایی)! هەروەها هەندێ لە ئێلەکانی کولیایی کە لە ناوچەکانی کولیاییدا ، دەژین!!

شایانی باسە ئەهلی هەقق بە زمانی دینی خۆیان، کە بە شێوەی ناوچەی هەورامان داڕێژراوە، زمانی کوردیی یەژن و ناوی (گۆران)، یان ناوی (زمانی گۆران)یش، لەو سەردەمەوە سەری هەڵداوە، کە فەرماندەیەکی فەرەنسایی (کە ناوەکەیم لە یاد نییە )، کە هاتووە بۆ ناوچەی گۆران و لەو رووەوە زۆر شتی نووسیوە و ئەوجا ، یەک بە لاساییکردنەوەی یەکتری؛ ئۆسکارمان و مینۆرسکی و مەکەنزی، ئەو ناوەیان بە هەڵە، وتووەتەوە و جەنابی کاک کەمال فوئادیش دەیڵێتەوە!

## لەبارەی ئەوەوە
## کە هەورامییەکان کورد نین!

ئێمە ئەڵێین نەک هەر بە دەم، بەڵکوو بە بەڵگەی مێژوویی و زمانناسییەوە، هەورامییەکان کوردی رەسەنن و پاشماوەی(ئاریان واچەکان)ن و پارێزگاریی هەڵسوکەوت و رەویە و رەوشتی خۆمان، لە هەموو جێگایەکدا، تەنانەت، لە ناوچەقی (ئەوروپا )شدا ، دەکەین و وێنەش بۆ ئەوە، ئێمە لە هەر جێگایەک بژین و دوور یان نزیک لە کوردستانەوە، لە پێش هەموو شتێکدا ئاگاداری ئەوە دەبین کە منداڵەکانمان دەبێ هەر بە شێوە زارەکەی خۆمان گفتوگۆ بکەن و لەوانەشە دوکتۆر کەمال خۆی یەکێکی وەک تەحسین ـ ی حەمەمین بەگی جافرسان بناسێ کە ماوەیەکی زۆرە لە ئەوروپا دەژی و لام وەهایە،ئەویش وەک دکتۆر خۆی ژنی ئەڵمانیی هێنابێ و لەگەڵ ئەوەش دوو کەنیشکەکەی ناوی کوردییان هەیە و بە شێوەزاری ناوچەی هەورامانیش گفتوگۆ دەکەن و لەوانەشە منداڵانی رەفیقەکەی ئەو، کە لە هەمان وڵاتی ئەوروپاییدا ژنی هێنابێ، جگە لە زمانەکەی دایکیان، هیچ شێوەیەکی کوردی نەزانن و لەوەش گومانم نییە!

کەوابوو، کوردایەتی لە ماڵەوە و لە خێزانەوە و لە تیرەوە دەست پێ دەکات، نەک لە سەرەوە. ئێمەیش، خەڵکی هەورامان، بە ڕەگ و ڕیشەی گیانەوە، بە خوێنەوە، بە سەر و ماڵەوە، هەروەک هەمیشە ئامادە بووین و ئامادەین بۆ قوربانیدان لە پێناوی کورد و کوردستاندا ، هەرگیزیش لە کاتی پێویستدا ، خۆمان لە ئەرکەکانی کورد و نەتەوەی کورد نەدزیوەتەوە و



کورد واتەنی هەمیشە کەوڵی سارد و گەرم بووین!

بەم بۆنەشەوە دەبێ ئەوە بوترێ کە باشترین رێگە بۆ هەورامییەکان ئەوەیە بچنە ژێر ئالایەکەوە کە بە کوردیان بزانێ، بۆ ئەوەی بەدڵنیایی (خەڵکەکەی هەورامان) بتوانن بە کوردێتیی خۆیانەوە بژین، نەوەک بەهۆی ناکوردییەت لە قەڵەم دانیانەوە، دوژمنی کورد بیانقۆزێتەوە و فریویان بدات، ئەگەرچی هەرگیز نەتوانراوە فریو بدرێن !

ئێمە دڵسۆزانە ڕوو دەکەینە دوکتۆر کەمال فوئاد و وەک ئەرکی سەرشانی هەر مرۆڤێکی کوردی دڵسۆز بەو قسانەیدا بچێتەوە و هەوڵی دووبەرەکی نانەوە و ئەوە نەدات، کە (کورد) و (هەورامی) دوو نەتەوەی جیاوازن !

## لەبارەی ئەوەوە
## کە وتوویەتی لوڕەکان کورد نین!

بەڕاستی ئەم جۆرە بیروڕایانە لەوە ناکەن کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەوە هەڵقولابن ، چونکە پشکنینی نوێی ئەمڕۆ، بەتایبەتی لە لایەن خەڵکی بێلایەنەوە، وەها دەگەیەنێ کە گومان لە کوردبوونی (لوڕ)ەکان ناکرێ ، خۆشیان، جگە لە هەندێ هەڵخەڵەتاوی زۆر کەم نەبێ، خۆ بە کورد لە قەڵەم ئەدەن و تەنانەت، هەندێ مێژوونووسی فارسی بێلایەنیش لەگەڵ ئەوەدان کە (لوڕ)ەکان پاشماوەی لۆلۆیی یەکانن و لەم رووەشەوە وتاری زۆر نووسراوە و تەنانەت، لە ژمارە یانزەی گۆڤاری (ئاوێنە)دا ، کە بە کوردی لە تاران دەردەچێ، وتارێ بەو بۆنەیەوە بە فارسی نووسراوە و لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە کراوە بە کوردی و ئێمەیش بە وتارێکی وەرامگۆنەی رەخنەگرانە، پاڵپشتی ئەو وتارەمان بە وتارێ (کە لە ژمارە دوانزەدا بڵاوکرایەوە) گرت، هیوادارم کەسانی وەکوو کاک کەمال فوئاد چیتر هەڵەکانی ئۆسکارمان نەڵێنەوە .

## لەبارەی واتەی
## (ماچۆ) و (دومەلی) و گاڵتەپێکردن!

ئەوەی کە جەنابی بەڕێز دوکتۆر کەمال فوئاد فەرموویەتی، زۆر دوورە لە ڕاستییەوە چونکە: (ئاریان واچ)ەکان ، هۆزێکی گەورەی مادەکان بوون، کە بە شێوەیەکی تایبەتی خەریکی کاروباری دینی بوون و ئەو زمانەش، کە ئاڤێستای پێ نووسراوە، پێش ئەوەی کە ناوی زمانی ئاڤێستا هەڵبگرێ، بە زمانی (ئاریان ڤاچ) ناوبانگی بووە، کە مادەکانیش و زمانی رەسمی و هی دینی دەوڵەتەکەیان، هەر ئەو زمانە بووە و زمانی ناوچەکانی هەورامانیش، کە بە شێوە زمانی (ماچۆ) دەنگوباسی لێرە و لەوێ بەر گوێ دەکەوێ، هەر لەبەر ئەوەی، کە رەگ و ریشە و چاوگی (واچ) ، زۆر بەکار دەهێنێ، هەروەک زمانی ئاریان واچەکانیش، وەها بوو؛ نەوەی نوێی ئەو زمانەیە!

بەهەرحاڵ، لەبارەی زمانی (ئێریان ڤاچ)ەوە و بنەڕەتیان و زمانیان و ناوچەیان، لە بەرهەمی (فەرهەنگی ئێریان ڤاچ)دا ، زۆرمان بڵاوکردووەتەوە و پتریش لەوە، لەم ماوەیەدا ، لە ئێران، وتارێکی دیکەمان بە ناوی (ئاریان واچ)ەکانەوە، وەک وتارێکی رەخنە، بۆ دوکتۆر فرەوەشی، بۆ گۆڤاری ئاوێنە ناردووە ئومێدەوارم کە لەم ماوەیەدا بڵاو بکرێتەوە!

بەڵام دومەلییەکان لە دەم و کاتێکدا لە دەیلەمستان (تەبەرستان)ەوە، یان کۆچ پێ کراون، یان کۆچیان کردووە و مەبەستیش لەو ناوە ناوچەیە نەک (زمان) و بۆ پاڵپشتی راستیی ئەو وتەیەش حاڵی حازر چەندان شێوە زمان و ناویان لە ناوچەکانی دەیلەمستانی ئەو سەردەمە، ئەمڕۆش بەر گوێ دەکەون!

بەم بۆنەیەوە دەبێ وتەی ئەو گەڕۆکانەی سەدەی پێنجەمی کۆچی کە شارەزووریان دیوە و لەو رووەوە هەندێ دەنگوباسیان نووسیوە، بخرێتە بەر چاوی خوێنەران؛ بە تایبەتی باسی ئەوەی کە لەو کاتەدا ، بە زستانان هەزاران خێزانی خێڵەکورد بۆ ناوچەی شارەزوور هاتوون و یەکێ لەو هۆزانەش، بە ناوی (دەیلەم)ەوە بوون و ئەوەش کە دەبێ لێرەدا

بهێنرێتەوە یاد، ئەوەیە کە تا دوێنێ بوو لە (دێ) و ناوچەی ناوگردانی لای زەڵم ، هۆزێ بە ناوی هۆزی (دەیلەم) هەبوون و ئەمەش لە پاشماوەی ئەو کۆچکردنەی گەرمیان و کوێستانی ئەو سەردەمانە دەکات و ئەو کۆچکردنەش تاوەکو پەنجا ساڵێ لەمەوبەر هەر بەردەوام بوو!

شایانی باسە ئێمە لەم بوارەدا وتارێکی خوالێخۆشبوو (فوئاد سەفەر)مان لە زمانی ئینگلیزییەوە کردە عارەبی و لە ڕۆژنامەی (التاخی)دا بڵاومان کردەوە و ئەو وتارە، بە ناوونیشانی (پردە و کناچان) بوو، کە کاتی خۆی حەسنەوییەکان دروستیان کردبوو و حاڵی حازریش پاشماوەی ئەو پردە بووە بەژێر ئاوی دەربەندیخانەوە. ئەو وتارە، جگە لەوە، باسی شەست هەزار خێزانی کۆچەریی تێدا بوو کە لەو دەمەدا بۆ شارەزوور و گەرمیان کۆچیان کردبوو.

## لەبارەی بەرهەمەکانی دیکەوە و پەسەند نەکردنیان

مامۆستای بەڕێز کاک کەمال فوئادی دوکتۆر، بەرهەمەکەی مامۆستا دوکتۆر نەبەز، کە بۆ کوردیی یەکگرتووی تەرخان کردووە، پەسەند نەکردووە و بەبێ ئەوەی بەڵگەی باوەڕپێکراوی بە دەستەوە دابێ! پتر لەوەش وەهای لە قەڵەم داوە کە مامۆستای نەبەز، خۆی پەیڕەویی ڕێڕەوەکەی خۆی ناکات !

ئێمەیش هەروەک ئەو بە تەنها وشەیەک دەڵێین کە وا نییە و ئەگەریش لەم ڕووەوە مامۆستای بەڕێز داوای کرد بەڵگەی باوەڕپێکراوی دەخەمە بەر دەست و ئەوجا منیش ئا لێرەدا و بەم بۆنەیەوە دەبێ ئەوە بێژم، کە بەڕێز مامۆستا کەمال فوئادی دوکتۆر، خۆی ڕێڕەوێ دادەنێ بەبێ ئەوەی لەسەری بڕوا. بۆ وێنە، مامۆستای بەڕێز وەهای سەرژمێر کردووە کە شێوەی گۆران (هەروەک ئەو دەڵێ) شێوەزمانە و ناکوردییە و (ئەڵماسخان)یش، بەو شێوەیە، بەرهەمی خۆی داڕشتووە و کەچی لەپڕێکدا و بەبێ ئەوەی حیسابێ بۆ قسەکەی خۆی بکات، ناوی (ئەڵماسخان)، بە (فیردەوسیی کورد) دەبات!! ئەوجا لێرەدا بۆمان هەیە بڵێین ئەگەر مامۆستای بەڕێز، کوردیی سەرهەنگ ئەڵماسخان، بە کوردی نازانێ، بە چ جۆرێ دەیکات بە (فیردەوسیی کورد) !!

## لەبارەی ئەوەوە کە بەدلیسی هەواڵی زمان نازانێ، مامۆستا سەججادی بابا تایەری نەناسیوە و نەیزانیوە کە کورد نییە و هەندێ وردە شتی دیکە !

بەم فتوایانەی بەڕێز کاک کەمال فوئادی دوکتۆردا وەها دەردەکەوێ کە ڕشتەکەی ئەو لە هەموو شتێ و هەموو ڕشتەیەک زانستیترە و ، ئەمەش دوورە لە یەکێکەوە کە تا ئێستە، جگە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی خەڵک، نەیتوانیوە بەرهەمێکی بەپێزی خۆی، لە یەکێ لەو ڕشتانە کە دەمی پسپۆرییان لێوە دەدات، بڵاو بکاتەوە . هەر لێرەدا دەبێ ئەوەش ئاشکرا بگوترێ کە دکتۆر کەمال فوئاد هەرگیز ئەو ڕاستییە تاڵەی لای کەس نەدرکانووە کە دۆکتۆرایەکەی خۆی لە زانستگەی بەرلینی ڕۆژهەڵات (پایتەختی ئەڵمانی ڕۆژهەڵاتی جاران) وەرگرتووە، لە سەردەمی کومۆنیستیدا ، کە دکتۆرای ئەوێ لە هی سۆڤییێتیش نزمتر و نازانستیتر بوو !!

من گومانم لەوە نییە کە ئەگەر یەکێکی وەک میرشەرەفخانی بەدلیسی بتوانێ مێژوویەکی بەو جۆرە بنووسێ، زۆریشی بەسەر جیاکردنەوە و ناسینی شێوە زارە کوردییەکاندا، دەشکێ! بە شێوەیەکی تایبەتی، ئەگەر دەوروبەری ئەو دەمەی ئەومان هێنایەوە یاد و خستمانە بەر میکرۆسکۆپی تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەوە!

ئێمە لێرەدا ڕوو ئەکەینە بەڕێز جەنابی کاک کەمال فوئادی دوکتۆر و پێی دەڵێین، کە زمانناسان و ڕۆشبیرانی کوردی عێراق، بۆ ماوەیەکی زۆر خەریکی داتاشین و دانانی (زاراوە) بوون، بۆ ئەوەی ئەو زاراوانە بتوانن جێگای زاراوە عارەبییەکان و



ئەوانەی بێگانە بگرنەوە، کەچی جەنابی مامۆستا خۆی (زاراوەی) ئەڵمانی بەکاردێنێ و ئەمەش ئەوەمان بە دەستەوە دەدات کە مامۆستای بەڕێز، جگە لە خۆی کەسی دیکە پەسەند ناکات و جگە لە بەرهەمی نەبینراوی خۆی بەرهەمی کەسانی دیکە پەسەند ناکات و ئەگەریش وەها بێ، هیچ کەسێکی دیکە، جگە لە خۆی، بۆ بیروڕاکانی، دەستیان بۆ بە سنگەوە ناگرن!

ئێمە، لەبارەی (بابا تایەر)ەوە، زۆر زانیاریمان دەست کەوتووە و تەنانەت هۆنراوەشی بە شێوە کوردیی ناوچەی هەورامان هەیە و لای ئەهلی هەققیش بەرهەمی بابا تایەر، زۆر دەست دەکەوێ، بەتایبەتی لای سەییدە ڕێبەرەکانی ئەهلی هەقق.

بابا تایەر خەلیفەی شاه خۆشێن (شاه موبارەک) بووەو خاوەنی ڕێبازێکی دینییە کە لەلایەن ئەهلی هەققەوە زۆر پەسەند و پیرۆزە! لەو بەرهەمانەیدا ئەگەر بێت و بەراوردیان لەگەڵ فارسیی ئەو دەمەدا بکەی، بۆت دەردەکەوێ کە ئەوەندەی (باباتایەر) کورد بووە و کوردیی زانیوە، یەکێکی وەک ئێمە و ئێوە هەرگیز نایگاتێ !

ئەهلی هەققەکان خۆیان بە کورد دەزانن و بە کورد لە قەڵەم ئەدەن، بەڵام جەنابی بەڕێز، مامۆستا کەمال فوئادی دوکتۆر، بە (نا)یەک، یان بە (وشەیەک) بە ناکوردیان دائەنێ!! لەوانەشە ئەوە بگەڕێتەوە بۆ وتەکەی ئۆسکارمان یان بۆ نەزانینی لوڕی و فارسی !

شایانی باسە، سەعدیی شیرازی لە (بەدایع)دا، چاپی بەردیی بۆمبای، نیوەشیعری زۆر وتوون و هەندێ لەوانەش، بە شێوەی ناوچەکانی هەورامانن و سەعدی خۆیشی، هەر وەک حافزی شیرازی، بە (کوردی) ناویان دەبات و تێهەڵکێشی عارەبی و زمانی ناوچەیین و ئەو شێوە ناوچەیی یانەش لە شێوەزاری لوڕییەوە زۆر نزیکن، یان هەر کوردێکی کوردیزان، لێیان تێ دەگات و ئەمەش شێوەزاری ناوچەیی ئەو دەمەی (حافز و سەعدی) بووە.

(باباتایەر)یش شێوە لوڕییەکەی، لە شێوە هەورامییەکە بە ناوی (کوردی)یەوە، جوێ دەکاتەوە و گوایا شێوەکەی خۆی ناوچەیی و شێوە هەورامییەکەش، کوردییە!

لەم هەلەدا دەبێ ئەوە بهێنینەوە یاد کە شێخی سەهرەوەردی [دێی سەهرەوەردی، کوردستانی ئێرانە] پارچە هۆنراوەی هەیە، کە بە شێوەی ناوچەی هەورامانە و بە کوردی ناوی دەبات و ئەمەش دەبێ سەرنجی ئەو کەسانە رابکێشێ کە دەیانەوێ بەزۆر نێوی (لوڕ) و (هەورامی) بە ناکورد دەر بکەن!

بە شێوەیەکی گشتی، دەرکەوتنی تێکستی شێوەی هەورامان و ناوهێنانی بە کوردی، تیۆرییەکەی ئۆسکارمان و مینۆرسکی و کارڵ هەدەنگ و مەکەنزی و دوکتۆر کەمال پووچەڵ دەکاتەوە و ئەوەش ئەمە دەگەیەنێ کە هەرگیز هیچ کامێ یان هیچ یەکێ لەو خاوەن تیۆرییانە، ناتوانن تێۆرییەکەیان بخەنە ڕێڕەوی کردەوەی ڕاستەقینەوە و وەها لە خەڵکی خوێنەر بکەن کە باوەڕیان پێیان بێ، یان لەو ڕووەوە دوایان بکەون!

ئێمە باوەڕمان وەهایە و بەڵگەی زۆریشمان بە دەستەوەن، کە شێوەی هەورامان، زمانی دینی و ئەوجا هی ئەدەبی بووە و شێوەکانی دیکەی باباتایەر و ئەوانەی حافز و ئەوانەی جەزیری، شێوەی ناوچەیی بوون و هەروەها بەرهەمەکانی (نالی و سالم)یش!!

## لە کۆتاییدا

بە شێوەیەکی گشتی وتارەکەی، یاخود دەمەتەقێیەکەی، بەڕێز مامۆستا کەمال فوئادی دوکتۆر دوورە لەوەی کە خۆی بە بەرپرس بزانێ و جۆرە ملهوڕییەک پێشان دەدات و بێگومان تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە و پشکنینی ئەدەبی، دوورە لەو ڕێڕەوەوە و هێزی هەر باوەڕێک تەنها لەوەدایە کە بە بەڵگەی ڕاست و زانستی پشتگیریی بکرێت .

## هێدی (جەعفەری حوسەینپوور)

### هەتاو

گوڵێ گیان ! ڕووگەکەم با چاوی تۆ بێ
کلیلی بەندی دڵ با ناوی تۆ بێ
لە بەر گەرمیی ئەوینت با بسووتێم
هەتاوی ژینی من با تاوی تۆ بێ.

هاوینی ١٩٩٢

### بازی من

پڕ گەوە و هەوراز و لێژە بازی من
خەمگر و پڕ ژان و برکە ڕازی من
دابڕاوی زێدی بندەست و لەتم
تین و تاسە و بانگی مانە گازی من.

١٩٩٠

### بیرەوەری

جاران
یادی تۆ
خۆرێکی بە تین و تیرێژ
دەریایەکی بەرین و بێسنوور بوو
ئێستا ، لێرە
خۆرم لێ ئاوایە
دەریام تراویلکەیەکی بێمەودایە .

زستانی ٩٣



# منداڵ و ئەدەبی منداڵان

کاکەوەیس

چەندێ تێدەفکرم ، دەروونی منداڵم وەک نەمامێکی ساوا دێتە بەر زەین! ئەگەر نووکە نینۆکێکی بەرکەوێ، بە گەورەیی لێی دەبێ بە شەبەقێک و زۆری زەرەر پێ دەگەیەنێ. دەروونی منداڵ هێند ناسکە چۆنی لەگەڵدا خەریک دەبین زەدە دێنێ، لەملاوەی پینە دەکەیت لەولاوە درزی دەردی تێ دەکەوێ. دەوجا وەرە بوێرە بۆ منداڵان بنووسە. منداڵێکی سێ چوار ساڵان لە باوکی پرسی: بابە ئەو شاخانە چۆن دروست بوون؟ چ جوابی پرسیاری وا دەدەیتەوە؟ باسی تەقینەوەی خۆر و گڕکان و بوومەلەرزە و کارەساتی سروشت و دیاردە جیۆلۆجییەکان، بابەتگەلێ نین منداڵی سێ و چوار ساڵانیان لێ حاڵی بێ، ئەویش ناچار و بێ ئەوەی بە خۆشی قەناعەتی وا بێ، وە ئەستۆی خودایدا دا و گوتی: خودا دروستی کردن. ئەدی دەبێ ئەو منداڵە چۆن لە خودا حاڵی بووبێ؟ دەبێ بە پیرەمێردێکی پەککەوتەی تەسبیح بە دەستی زانیبێ یا عەنتەرێکی مەچەکئەستوور یا پیاوێکی بەهێزی وەک باوکی خۆی؟ من نازانم، بەڵام دەزانم هەر منداڵە و بە جۆرێ نیگاری خودا لەناو سەرە بچکۆلە پاکژەکەی خۆیدا دەکێشێ و قایل بین یا نەبین منداڵ خەلقەندەی خەیاڵی لە دنیای خۆیدا دروست دەکات.

من بە خۆم لە منداڵیمدا، وام بە خەیاڵدا دەهات کە خودا ئەفەندییەکی باریکەلەی باڵابەرزی بانتۆڵ تەسک بێ. نازانم بۆ ئەو نیگارەم بۆ کێشا بوو. ئەوجا منداڵەکە پرسی: بابە چۆنی دروست کردن؟ نەخێر قیری کەوای سپییە! دەبێ لە خەیاڵی ئەو منداڵەدا بێڵ و باڵتەی خودا چۆن چۆنی بووبن؟ چاری ناچار، باوکە هەر هات و هەر فێڵی بە فێڵ پینەکرد و دەبوو بەردەوام بێ! خودا گوتی (کون و فەیەکون) و شاخ دروست بوون. پاش بەینێ، منداڵەکە هاتەوە لای بابی و گوتی: بابە! بۆ هەر دەڵێم (پێکون پێکون) کەچی چ شاخ دروست نابێ؟ نەخێر دەبێ (بابە گیان) تا سەر بڕوا! کوڕێژگەکەم ئاخر تۆ خودا نیت.

ئیدی لەو دەمەوە دەبێ خودا جێی خۆی لەو کەللەسەرە بچکۆلەیەدا کردبێتەوە. جا زیان بەو منداڵە دەگا یا قازانج ئەوەیان جێی لەم باسەدا نییە و چ مەبەستیشم نییە خۆی لە قەرە دەم. بەڵام دیارە هەر باوکە بە پێی باوەڕی خۆی و بەپێی توانای خۆی لەو باسە دەدوێ... ئەمەش بە خۆی دەردە منداڵە. ئێ خۆ هەموو باوکێکیش (سەمەدی بیهرەنگی) نییە سروشتی ئاو بکاتە چیرۆک و چۆنیەتیی بەفربارین بۆ منداڵ بگێڕێتەوە.

بۆ ئەوەی بتوانین دەسکاریی هۆشی منداڵ بکەین، دەبێ بتوانین منداڵانە بیرکەینەوە و هاوڕێی منداڵ بین و لە بابەتێ بدوێین کە سەرنجی منداڵ رادەکێشێ. دیارە منداڵ تا تەمەنی پێنج ساڵان بناغەی بنیادەمی تەواوە و لە شەش ساڵانەوە هەموو شتێکی لەسەر ئەو بناغەیە دادەڕێژێ، بۆیە ئەو ماوەیە ناسکترین و پڕ مەترسیترین ماوەی هەموو تەمەنێتی ، ئەگەر سەد ساڵیش بژێ. مەلازادەی بە گەورەیی خوانەناس، لە تەنهایی و چۆڵەوانی و تاریکەشەودا، هەزار بیسمیللا و سەد (قول ئەعوزو بیرەببیبنناس)ی بە دڵدا، ئەگەر نەڵێم بە زاردا، دێن. ئا ئەمەیە نووکە نینۆکی کۆرپەیی کە لێی بۆتە شەبەق و لێی نابێتەوە.

کاکەباس، لە چیرۆکێکیدا بۆ منداڵانی نووسیوە، حاجییەکی کوردی بە جاسووس بە منداڵان ناساندووە و ئەفسەرێکی عارەبیش بە دۆست و پیاوچاک بۆ لە قەڵەم داون. دەبێ ئەم چیرۆکە کە خۆی بە هۆشی منداڵدا کرد

چ کاریگەرییەکی هەبێ! ئەفسەر چاکن چونکە نموونەیەکی چاکیان لێ دەناسێ و حاجی خراپن چونکە نموونەیەکی خراپیان دەناسێ. دەبێ کاکەباس کارێکی چاکی کردبێ ئەو بیرەی خستۆتە هۆشی منداڵەوە؟! با قەناعەت بە من نەکات و نەڵێ: حاجیی خراپ هەن و ئەفسەری چاک هەن. با قەناعەت بە منداڵ بکات. هەروا گەمە نییە قەناعەت لە لای منداڵ دروست کەیت. ویژدانی دەوێ ویژدان. من چۆن بزانم بۆچوونی من هەڵەی تێدا نییە؟ بەوەدا کە نەیاری زۆرم هەن؟! خۆ حاجی و ئەفسەر گورگ نین تا دەمەتەقێ لەسەر مەڕخواردنیان نەکرێ. تەماشای چیرۆکی کۆنی کوردی بکە بزانە پێداویستی ژیان چۆن ئێسکی گورگ و ڕێوی و حەزیا و ماری لەلای منداڵ ناشرین کردووە. بەڵام ئەو چیرۆکەی کە (من) بینووسم بەرەو (پارتایەتی) دەچێ و ئەوەی تۆ دەینووسیت بەرەو (شیوعیایەتی) دەڕوا. ئای لەو هەڵە گەورەیەی کە سەد بەرەکیی ئەمڕۆ بە ناو هۆشی منداڵدا بۆ نەوەی داهاتوو دەگوێزێتەوە.

یا کاک کوردۆ، باسی منداڵێکی کوردی بە کیمیاوی سووتێندراوی لە گۆڤارێکی منداڵاندا بڵاوکردۆتەوە و وێنەیەکی منداڵەکەشی خستۆتە تەک. دەبێ کاک کوردۆ ویستبێتی چی بکات؟! کوردستان لەلای منداڵ خۆشەویست و جوان بکات؟! نەخێر کاریگەرێتیی ئەو باسە لەسەر منداڵ سەد و هەشتا بە پێچەوانەی مەبەستە پاکژەکەیەتی . منداڵە کوردی ئەوروپانشین کە ئەو باسە دەژنەون و ئەو وێنەیە دەبینن جگە لەوەی کەمێ خەم دەخۆن ترسێکی وایان لێ نانیشێ بیر لەوە بکەنەوە بچنەوە ناو ئەو کیمیایی بارانە. گوتم کەمێ خەم دەخۆن چونکە دەزانم دەڵێن: چاک نەبوو ئێمە وامان لێ نەهات! پیاوی زل زل و دەسەڵاتدار کوردستانی بەجێ هێشت و کیمیایی وەدەری نان کەچی کاک کوردۆ ئەو وڵاتە بەو شێوەیە پێشانی منداڵ دەدا و لێشی دەوێن خۆشیان بوێ. من دەپرسم: ئەو زەلامەی کە بە منداڵی ترسی گۆڕستانی لە دڵ چەقیوە، دوای خوێندن و خوێندنەوە و تێگەیشتن و پێگەیشتنیش سام لە گۆڕستان ناکا؟!

ئەدی ئەو منداڵەی باسەکەی کاک کوردۆ ترساندبێتی کە بوو بە زەلام سام لە کوردستان ناکا؟

(پێللە بێکلک) (١) چیرۆکێکی منداڵانەی سوێدیی بەناوبانگە و باسی پشیلەیەکی بێکلک دەکا کە بەهۆی بێکلکییەوە لەناو هاوەڵە پشیلەکانیدا هەست بە کەمایەتی دەکات، بەڵام بەهۆی بێکلکیشەوە، لە پێشبڕکێی ڕاکردنی پشیلاندا یەکەم دەردەچێ. ئەم چیرۆکە وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەرەنسی و وەک دەڵێن زۆری لەسەر نووسرا! چۆن دەشێ دڵی ناسکی منداڵ خەفەتخان کرێ؟ چما چاکە منداڵ خەم لە بێکلکیی پێللە بخوات؟ چیرۆکی وا زیان بە دەروون و هۆشی منداڵ دەگەیەنێ.

دە تەماشا بزانە خەڵکی چۆن بیر لە دەروونی منداڵ دەکەنەوە و ئێمەش چییان پێ دەکەین . منیش دەزانم بار و زرووفی منداڵی کورد جیاوازە، بەڵام نووسەری دەروونناس دەتوانێ کاریگەرێتیی کیمیایی و دەربەدەری و برسێتی و زۆر دیاردەی دی لەسەر منداڵ کەم کاتەوە نەک نووسەری نەشارەزا لە دەروونی منداڵ، هێندەی دی لێیان بکاتە چارەنووس و دوژمنیان لێ بکاتە دڕندەی لە شکاندن نەهاتوو.

ئەسترید لیندگرێن، بەناوبانگترین نووسەری سوێدییە کە گەلێ بەرهەمی بۆ منداڵان نووسیوە و ساڵی دەوری دوو ملیۆن کتێبی لە کتێبخانەکان وەردەگیرێن بێجگە لەوانەی کە دەفرۆشرێن. لە جێیەکدا دەڵێ: "وڵاتێک لەو خوارانە هەیە، خەڵکی ئەوێ، کە خۆریان لێ هەڵدێ دەست بە درۆیان دەکەن و هەر درۆ دەکەن تا خۆریان لێ ئاوا دەبێ." (٢) دەبێ لیندگرێن مەبەستی لەوەدا چی بێ؟ دەیەوێ بەو شێوە ناسکە پێکەنینهێنەرە، منداڵ لە درۆ دوورخاتەوە و لە لایەکی تریشەوە گیانی بەخۆنازینیان تێدا بڕوێنێ کە درۆیان ناکەن. ئەگەر ئاشنایەتیمان لەگەڵ دەروونی منداڵدا هەبێ دەزانین ئەو گوتەیە چیی تری فێر دەکا.

کورد بەرهەمی بۆ منداڵان مەگەر تاکوتەرای وەرگێڕدراو بێ و هەیبێ و بەکەڵک بێ. هێندێ لەو وەرگێڕدراوانەش لەگەڵ دەروونی خەفەکراوی



خۆماندا دەگونجێن بۆیە بە دڵمانن... بەڵام چاکن؟!

با کەمێ لە (یەک هەڵووژە و هەزار هەڵووژە)ی سەمەدی بیهرەنگی وردبینەوە کە کاک کوردۆ کردوویە بە کوردی: وەک مامۆستای وانە، بە جوانترین شێوە و بە تام و چێژەوە باسی رووەکی کردووە. قەتم نەدیتووە مامۆستا، هێندە وەستایانە بابەت لە دڵی قوتابیدا شیرین و سووک و هاسان بکات. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە، منداڵ، تا چڵکن و چڵمن و هەژار و پێخواس بێ، هەڵووژەی گەییو و ناسک و ئاودار پتری خۆش دەوێ و حەز دەکا منداڵی وا بیخوات. زۆریش بەوە قەڵس دەبێ منداڵی دەوڵەمەند بیخوات! بگەیشتینایە ماڵی ئاغا، ناچار دەبوومە بەشی کیژی نازداری ئاغا."

منداڵیش، بۆ ئەوەی ئەوینی هەڵووژەی دەست کەوێ، دەبێ ئەو بابەتە بێ کە هەڵووژە دەیەوێ. وەک ئەوەیە سەمەد بڵێ: "منداڵینە پیس و پۆخڵ و هەژار بن!" کێ نازانێ هێندێ جار منداڵ، حەز دەکات ئیفلیج بێ بۆ ئەوەی عارەبانەی سێپێچکەی هەبێ و سواری بێ؟! یا نەخۆش کەوێ تا خزمەت کرێ و نازی بدرێتی؟ ئەی بۆ نایەوێ پۆخڵ بێ تا هەڵووژە خۆشی بوێ بەتایبەتی ئەو بابەتە هەڵووژەیەی کە سەمەد هێند بەتام و چێژەوەی باس دەکات ئاو دەزێنێتە زار.

ئەوجا مەرگی ئازاد لە لایەکەوە لە کلکی (پێللی) زیاتر خەمی دەوێ، لە لایەکی ترەوە ترسی مار کە بە ئازادیەوە دا و کوشتی وەک ترسی کیمیایییە کە کاک کوردۆ باسی کردووە.

کە باسی سەمەد وەک شۆڕشگێڕێک بکەین شتێکە و وەک نووسەر شتێکی ترە. حەیفە قەناعەتی چینایەتی خۆی بەسەر منداڵاندا فەرزکات و هەژارییان لەلا جوان بکات. لەبەر ئەوە، سەمەد مامۆستای چاکە نەک –وەک کاک کوردۆ دەڵێ– ڕێبەر. ئەوەتا ئەویش وەک کاکەباس قەناعەتی سیاسییانە و بیروباوەڕی خۆی دەخاتە هۆشی منداڵەوە. دیارە ئەمە دەردی ڕۆژهەڵاتیمانە و لە بەرهەمی منداڵانیشدا، هەر کەسە و بە یاری خۆیدا هەڵدەڵێ.

کێشەی فکری و سیاسی کە هێشتا گەورەکان پێیانەوە خەریکن و بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتوون کراونەتە بنەمای پەروەردەکردنی منداڵ ، گوایە: تەئهوو!! دەمێکە لێ بوونەتەوە کە حاجی جاسووس و قۆڵبڕە و ئەفسەری بێگانە پیاوچاکیان تێدا هەن و ئەوینی هەڵووژەی پڕ مشتی منداڵ بە چڵکنی و چڵمنی وەدەست دێ و فڵانە لایەنی سیاسی و فیسارە سەرکردە جاش و ماشن و...

چەند ساڵێ لەمەوبەر، کتێبێکی عارەبیم لەسەر بەرهەمی منداڵان خوێندەوە، داخەکەم نە ناوی کتێبەکەم لەبیر ماوە نە ناوی نووسەرەکەی، باسی پیلانێک دەکا کە بۆ منداڵە عارەب و موسوڵمان ڕێک خراوە. پوختەکەی وایە: (کتێبی تایبەتی بە زمانی بێگانان دەنووسرێنەوە و لیژنەیەکی تایبەتیش دەیانکاتە عارەبی، ئەو کتێبانە لەو وڵاتانەدا بڵاو نابنەوە کە لێیان چاپ دەکرێن. باسەکانیشیان هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی خێزان و باوەڕ بەخۆنەبوون و خۆپەرستییە). کەسێ خەریکی بەرهەمی منداڵان بێ دەبێ چاوی بەو کتێبە و زۆر کتێبی دی کەوتبێ کە لەسەر بەرهەم و دەروون و پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ بڵاوبوونەتەوە. کار وابێ، نووسینی بەرهەمی سەقەت بۆ منداڵان سەقەتکردنی نەوەیەکی تەواوە کە قەت بە ناحەز ناکرێ و ئەنجام نادرێ.

ڕەنگە کەسێ بڵێ: ئەدی خۆت ئەوانە دەزانیت بۆ بەرهەم بۆ منداڵان نانووسیت؟! وەڵامیشم ئەمەیە: نازانم بۆیان بنووسم، بەڵام وا بزانم دەزانم چییان بۆ بنووسرێ باش نییە. جگە لەوەیش بەرهەم و ئەدەبی منداڵان کوڕی خۆی دەوێ تا پێی بوەستێ و بە هەموو کەس هەڵناسووڕێ.

(١) یۆستا کنوتسۆن نووسیویەتی.

(٢) ئاسترید لیندگرێن لە کتێبی ( پیپی گۆرەویدرێژ)دا شتێکی لەو بابەتەی گوتووە و من پوختەکەیم نووسییەوە.

# هەڵبژاردەیەک لە شیعری نوێی فارسی

ئازاد گەرمیانی لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی

فەرەیدوونی موشیری

## مرواریی هەتاو

دوو جامی سەدەفێک بوون ،
" زەریا " و " ئاسمان"
ئەو ڕۆژە
لە نێوانیاندا هەتاو
– ئەم تاکانە مروارییە –
دەدرەوشایەوە !
من و تۆ ، هەردووکمان ، لەناو ئەو دوو جامە لەعلینەدا
شەرابی تیشکمان نۆشی
بەختی تەماشای تۆیان بە من بەخشی و ،
تیشکیان بەسەر گیان و جیهانمدا پرژاند !
دیارییەکیشیان بە تۆ دا ، چاکتر لە گیان و لە جیهان
دڵت ئەو ڕۆژە وەک سەدەف ڕووناک بۆوە :
بە مرواریی هەتاو

## هاواری بێدەنگی

زەریا بە سەبر و سەنگین
دەیخوێندەوە و دەینووسی :
– " ... من نەنووستووم !
بێدەنگ ئەگەر دانیشتووم ،
زەلکاو نیم !
ئەو ڕۆژەی کە ڕاپەڕم و زنجیر بپچڕێنم ؛
ڕوون دەبێتەوە کە ئاگرم و ئاو نیم !"

کۆمەڵە شیعری (مروارید مهر)

محەمەد ڕەزا شەفیعی کەدکەنی

## لە حوزووری بادا

وشەکانم لە جۆگەلەی بەیاندا دەشۆم
ساتەکانم
لەبەر ڕووناکایی ی باران
تا شیعرێکی ڕوونت بۆ بڵێم
تا بێ نیگەرانی
بە ڕووهەڵماڵراوی
وشەکانم
لە حوزووری بادا
– ئەم عاریفەی دەرودەشتان –
بێ پەردە بە تۆ بڵێم
خۆشم ئەوێی تا سنووری شێتبوون .

## چ بڵێم

چ بڵێم کە دڵتەنگی
لە لات بارکات ؟
هەناسەی گەرمی کەڵەکێوی ،
ئاخۆ دەتوانێ چ بکات
بە سەرمای بەفری شەوگاران
کە باڵی بەسەر دەرودەشتدا کێشاوە .

کۆمەڵە شیعری ( اززبان برگ)



هۆشەنگی ئیبتیهاج

## کاروان

درەنگە ، گالیا
ئەفسانەی ئەویندارانەم بە گوێدا مەچرپێنە ،
ئیتر گۆرانیی ئەویندارانەم لێ داوا مەکە !
درەنگە ، گالیا ! کاروان کەوتۆتە ڕێ .

ئەوینی من و تۆ ؟ ... ئاخ
ئەمیش بۆ خۆی داستانێکە .
بەڵام ، لەم دنیایەدا کە هەموو کەسێک
بۆ نانی شەو داماوە ،
ئیتر مەجالێک بۆ ئەوین و داستان نەماوە !

لە شەوی جەژنی لەدایک بوونتا ، شاد و خەرامان
بیست مۆمی تیشکدەر هەڵدەکەی .
بەڵام ئەمشەو هەزار کچی هاوتەمەنی تۆ
ڕووت و برسی لە سەر خاک نووستوون .

سەما و نازی سەرپەنجەکانت
بەسەر پەردەکانی سازدا جوانە
بەڵام ، هەزار کچی قاڵیچن لەم دەمەدا
بە چڵک و زامی سەرپەنجەکانیان
گیان دەدەن لە ڕکەی تەنگی کارگەدا
بۆ هەقدەستێکی کەم ، کە تۆ زیاتر لەوەش
فڕێ دەدەیتە ناو چاکی سواڵکەرێک !

ئەم فەرشە حەوترەنگە کە پێماڵی سەمای تۆیە
لە خوێن و ژیانی مرۆڤ کرتوویە ڕەنگ .
لە تانوپۆی هەر خەت و خاڵێکدا : هەزار ڕەنج
لە ئاو و ڕەنگی هەر گوڵ و گەڵایەکیدا : هەزار نەنگ .

لێرە، لە خاکدا خەوتووە هەزار ئارەزووی پاک
لێرە بەرباد بووە هەزار تازەئاگر
دەستی هەزار منداڵی شیرین و بێتاوان
چاوی هەزار کچی نەخۆش و ناتوانا ...

درەنگە ، گالیا !
وەختی ماچ و غەزەلی ئەویندارانە نییە ،
ئەم سەردەمە هەموو شتێک ڕەنگی ئاگر و خوێنی بە خۆوە گرتووە ،
کاتی ڕزگاریی دەست و لێوانە ،
یاخیبوونی ژیانە .

بە ڕوومدا پێمەکەنە !
حەرام بێ لێم شیرینیی نیگاکەت !
لەمەودوا حەرام بێ لێم شەراب و ئەڤین !
حەرام بێ لێم ترپەی دڵی شاد !

یارانم لە زیندانا !
لە دەخمە تاریک و شێدارەکانی باخشادا ،(١)
لە دوورەپەرێزیی تاهێنەری تاراوگەی خارکدا ، (٢)
لە هەر گۆشە و کەنارێکی ئەم دۆزەخە ڕەشەدا .
زووە ، گالیا !
ئەفسانەی ئەویندارانەم بە گوێدا مەچرپێنە !
ئێستا گۆرانیی ئەویندارانەم لێ داوا مەکە !
زووە ، گالیا ! نەگەیشتووە کاروان ...

ڕۆژێک کە باسکی بلوورینی سپێدە
شمشێری هەڵگرت و پەردەی تاریکی شەوی دادڕی ،
ڕۆژێک کە هەتاو
لە هەر دەلاقەیەک سەری هەڵێنا ،
ڕۆژێک کە لێو و کولمی یارانی هاوخەبات
دیسان ڕەنگی شادمانی و خەندەی ونبوویان لێ نیشتەوە،
ئەودەم منیش دەگەڕێمەوە
بەرەو لای گۆرانی و غەزەل و ماچ ،
بەرەو لای بەهارانی دڵارا و گوڵپشکووتن ،
بەرەو لای تۆ ، ئەڤینەکەم .

تاران ، ڕەشەمەی ١٣٣١

(١) باخشا : زیندانێکی بەناوبانگ و ترسناکە لە تارانی کۆندا .
(٢) خارک : دورگەیەکی پەرت و ناخۆشە لە کەنداو.

سیاوەشی کەسرایی

## بـــڕوا

دڵی من بە مەرگی خۆی بڕوا ناکا
نا ، نا ، من بڕوا بەم یەقینە ناکەم
تا هەناسەکانی ژیان هاوڕێمن
من بە خولیای مەرگەوە ساتێ هەڵناکەم .

ئاخۆ چۆن گوڵ دەبێتە پڕوپووش ؟
ئاخۆ چۆن ئەم هەموو ئارەزووە نەونەمامانە
نەپشکووتوو
بەهار نەدیتوو
دەژاکێن بەسەر گیانمدا و دەبنە خاک ؟

چەندە ئارەزووم پێیە
چەندە دووریم چێشتووە
چەندە دەستەو دۆعا ڕاوەستاوم شەوورۆژ
ئەی ئەمانە چییان لێ دێ ؟

ئاخۆ چۆن ئەم هەموو ئەویندارە بێئەژمارانە
دوور لە وڵات
ڕۆژێک کڕ و مات
لە کوێرەڕێیەکدا هەموویان بێدەنگ دەبن ؟

بڕوا بکەم کە کچۆڵە بێبەختەکان
ناکام و نامراد
لە سەربان و تەنیشت دەلاقەکان
لە چاوەڕوانیی یاردا ڕەشپۆش دەبن ؟

بڕوا بکەم کە ئەوین گۆڕ دەکرێ
بێ ئەوەی گوڵی یاخیبوونی لە خاک سەر دەردێنێ
بڕوا بکەم کە ڕۆژێک
دڵ لە لێدان دەکەوێ
نەفرەت لەم درۆیە ، درۆیەکی سامناک .

شیعرەکەم بەرەو بەستێنی داهاتوو پرد هەڵدەبەستێ
تا ڕێڕەوانی سەرخۆش بە سەریا بپەڕنەوە
پەیامەکەم بۆ ڕامووسینی دەست و لێوان
هەڵدەفڕێ
بەڵکە ئەویندارن بۆ جارێکیش بێ
سرنجی ئەم پەیکی ئاشتییە بدەن .

بە هۆی هەوڵی بەردەوامی دەست و لێوانە
کە ئەم نەخشەی مرۆڤ
لەسەر تابلۆی زەمان
هەتا هەتایی دەبێ .
ئەم تۆزە گەرمایەی بەرەو کوژانەوەی ئێمەش
بێگومان ڕۆژێک
لە جێگایەک سەرهەڵدەدا و دەبێتە هەتاو
تا خۆشمت دەوێ
تا خۆشتم دەوێ
تا لە خۆشەویستی فرمێسکمان بەسەر گۆنای یەکتردا
دەتکێ
تا لە جیهاندا هەیە یارە گیان
کەی مەرگ دەتوانێ
ناوی من لە یادی جیهان بسڕێتەوە ؟

با ، زۆر گوڵی لە دەست ڕفاندووم
بەڵام منی خەمبار
گوڵەکانی یادی کەس هەڵناوەرێنم
من بڕوا
بە مەرگی هیچ ئازیزێک ناکەم .
سەرەنجام ڕۆژێک
گەڵای منیش هەڵدەوەرێ
ڕۆژێک چاوەکانی منیش خەویان لێ دەکەوێ
ــ چاوی هیچ کەس ناتوانێ لەم خەوە هەڵبێ ــ
بەڵام لە ناو باخەکەدا
عەتری بڕوام هەمیشە هەوای ئاخنیوە .



# شیعری هاوچەرخی ســویدی

رزگار عەبدوڵڵا
لە ســوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی

یۆران تونســـترۆێم

## دوورگەمـان ،
## سەردەممان لە زەریـادا

١

لە کۆگاکە چیمەنتۆم دەگرتەوە
باران دایدەکرد ،
ئەوســا لە ڕادیۆوە گوێم لێ بوو
کە "پراگ" شارێکی داگیرکراو بوو،
چیمەنتۆم بۆ دووکەڵکێشێکی نوێ دەگرتەوە
بیرم لە "ژیری" کردەوە
باسی زیندانی دەکرد،
چ هەستێکە لەگەڵ هەزارانی تر
ئازاد بکرێی .
ژنێکی هەبوو بە درێژایی ی ئەو ساڵانە
چاوەڕێی کرد . زۆریان ئەدرێسیشیان نەبوو
لە وێستگەی شەمەندەفەردا وتی :
ئیتر ئێستا کتێبەکانم چاپ دەکرێن
وا دەچمە ماڵەوە
هەفتەیەک لەمەوبەر بوو
لە کۆگاکە چیمەنتۆم دەگرتەوە.

٢

ئەوەی ماوە پەژارەیە
پەژارەی وەزعی جیهان و
نەهاتیی دەغڵ و دانی کێڵگەکانە
پەژارەی ئەوەی کە ئیتر کار و خۆشەویستی
بە خۆیانمانەوە ناپێچن .

بۆیە ئاوا بەختیار دەبم
دەستت بگرم
بە درێژیی ئەم کەنارانە لەگەڵتا بڕۆم و
لە بنچکەکان شیلانە بڕنم .

٣

لە زەردەی ئێوارەدا
کولێرەکان لە تەنوورەکە دەردێنێ
لە سەرنانێکی حەریر لوولیان دەدا
ئەدرێس بۆ منداڵەکان دەنووسێ
چاویلکەکەی لەلاوە دادەنێ و
پەنجەرە واڵا دەکا
بۆ ئەوەی پرشنگی ئەستێرە
لەوەوە
کە لە ئاسماندا، یەک لە دوای یەک ، سەوڵ لێ دەدا،
بکەوێتە سەر کوڵمی ئەم.

٤

[ن ] دەڵێ
من لەسەر گوفەکێک ، لەبن چادرێکی زیندووی
ماسیخۆرە لەدایک بووم .
سەرەتا ماسیخۆرەکان لە من گەورەتر بوون
پاشان سەردەمێک هات لە هێزدا وەکوو یەک بووین
بەڵام ئەوان باڵیان هەبوو .

کە شەڕ هەڵگیرســا سەری باوکم سپی بووبوو و
شەپقەیەکی ماسیخۆرەشی هەبوو

کاتێ لەسەر گوفەک لە شت دەگەڕا
دایکم لەتەک گەزگەزۆک جلی هەڵدەخست
بە یەکەوە تەنیاتر بوون لەوەی
هەر یەکە و خۆی بە تەنێ
کە باوکم وتی جەنگ ، دایکم وتی خوا
من ، داشی هاوارکردووی نێوانیان
لەناو زەمبیلێکدا دەمقیژاند ؛ کەشتییەک !
ئەوسا تەماشای هەمان لایان دەکرد.

٥

دوورگەی بچووک ، چیای ڕووت
لە زستاندا بەرچاون .
لە کەلێنی درمختدا
تا زەریا بەرچاو ڕوونە

لێ تۆ ، لە ئامێزمدا
چەندان میل لە ڕووتیتدا
گەشتم نەکردووە
بێ ئەوەی بە دیمەنێک گەیشتبم .

## یۆران تونستروێم

یەکێکە لە نووسەرە هاوچەرخەکانی سوێد . ساڵی ١٩٣٧ لە شاری کارلستاد لەدایک بووە. ساڵی ١٩٥٩ یەکەم کۆمەڵە شیعری چاپ کردووە . تونستروێم شیعر ، ڕۆمان و شانۆنامە دەنووسێ و تا ئێستا زێتر لە سێ بەرهەمی چاپکراوی هەیە و نووسینەکانیشی وەرگێڕدراونەتە سەر گەلێ زمانی دیکە. ئەم شیعرە بیستودوو کۆپلەیە و لە نێوان ساڵانی ١٩٦٦– ٧٩ دا نووسراوە. هەر کۆپلەیەک شیعرێکی سەربەخۆیە و من هەر پێنج کۆپلەیم کردە کوردی .

ڕزگار



# شیعری هاوچەرخی فرانسی

## وەرگێڕانی لە فرانسییەوە : فەرهاد پیرباڵ

### ئیڤ بۆنفوا
### باڵندەی کەلاوەکان

### هەڵبژاردە لە (بزاوتن و نەبزاوتنی دۆڤ )

I

دەمدیتی لە سەر شۆستە هەتاوییەکاندا ڕاتدەکرد
دەمدیتی بە گژ بادا دەچووی
سەرما لەسەر لێوەکانتدا خوێنی لێ دادەچۆڕا .

بینیتم دابڕایت و گەشایتەوە بەوەی کە مردیت
ئەی لە خودی برووسکە جوانتر، کاتێ
مینا سپییەکانی خوێنت پەڵەدار دەکا .

III

بایەک بوو لە بیرەوەریەکانی ئێمە بەهێزتر،
هەترەشچوونی ڕۆب و هاواری تەلاشەبەردەکان.
تۆش بە بەردەم ئەم بڵێسانەدا تێپەڕ دەبووی.
سەرت لە چوارچێوە درا و، دەستەکانت لێکترازاو
عەوداڵی مەرگی سەر دەفی خرۆشاوی ئاخێزەکانی
خۆت بووی.

ڕۆژ ڕۆژی مەمکەکانت بوو
فەرمانڕەواییت دەکرد و بێ ئاگا لە سەری من.

IV

بێداردەبمەوە، باران دەبارێ. با پێتدا ڕۆدەچێ، ئەی
دۆڤ،
ئەی سەرزەمینی سەمغیی خەوتووی نێزیک من. من
لەسەر
شۆستەیەکی هەتاویندام، لەناو چاڵە مەرگێکدا . چەند
سەگێکی گەورەی کاغەزین هەڵدەلەرزن.

ئەو بازووەی کە هەڵیدەبڕی، لەناکاو بەسەر
دەرگایەکەوە، لە ڕێگای تەمەنەکانەوە دامدەگیرسێنێ.
ئەی گوندی ژیلەمۆ، لە هەر چرکەیەکدا دەتبینم لەدایک
دەبیتەوە، ئەی دۆڤ،
لە هەر چرکەیەکدا دەتبینم دەمریت.

VI

چ ڕەنگ هەڵبزرکانێک دەستت لێ دەوەشێنێ، ئەی
زێبارە ژێرزەمینییەکە؛
چ شادەمارێک لە تۆدا هەڵدەپچڕێ،
کە سەدات ئاوها لە دارووخانتەوە دەنگ دەداتەوە؟

ئەو بازووەی کە هەڵیدەبڕی و لەناکاو دەکرێتەوە، گڕی
تێپەڕ دەبێ.
ڕوخسارت دەکشێتەوە. چ تەمومژێکی پێکهەڵپژاو نیگای
تۆم لێ دابڕ دەکا؟
ڕۆخانەیەکی سەختی ئەنگوستەچاو، سنووری مەرگ.

چەند بازوویەکی لاڵ پێشوازیت لێ دەکەن ، چەند
درەختێکی قەراغێکی تر .

### هاوینیشەو

واتێدەگەم کە ئەم شەو
ئاسمانی ئەستێرەیین ، بەدەم باڵکشانی خۆیەوە،
لێمان نزیک دەبێتەوە؛ شەویش
لەودیو ئەو هەموو بڵێسانەوە، کەمتر تاریکە.
گەلاکانیش بەهەمان شێوە لەژێر گەلاکاندا
دەدرەوشێنەوە،
سەوز، لەگەڵ نارنجێتیی میوە ڕەسیوەکان، زاوزیچیان
کردووە،
فانۆسی فریشتەیەکی نێزیک،
خورپەی ڕۆشنایيەکی شاراوە درەختە گەردونییەکە لە
هەمبێز دەگرێ.

واتێدەگەم کە ئەم شەو
ئێمە چووینەتە ناو چیمەنێکەوە، کە فریشتەکانی
بێ ئەوەی بتوانین بگەڕێینەوە، دەرگاکانی لەسەر
داخستووین.

## درەخت ، فانۆس

دار لە ناو داردا پیردەبێ، ئەمە هاوینە.
چۆلەکە بەناو گۆرانیی چۆلەکەدا تێدەپەڕێ و هەڵدەفڕێ.
سوورایی ڕۆب دادەگیرسێ و لە دوور، لە ئاسماندا
کاروانی کوڤانە دێرینەکە پرژوبڵاودەکاتەوە.

ئەی وڵاتە ناسکەکە،
تۆ تەبای ئەو فانۆسەیت کە هەڵمانگرتووە،
نزیکیت چونکە بێداریی ناو وزەی جیهانیت،
ساکاریت چونکە خورپەی ڕۆحی هاوبەشیت.

تۆش ئەو ساتەت خۆش دەوێ
کاتێ ڕۆشنایی‌ی فانۆسەکان ڕەنگیان دەپەڕێ و بەرۆژ
خەون دەبینن.
تۆ دەزانیت کە ئەمە تاریکیی دڵی تۆیە چارەسەری
دەردان دەکا،
ئەو بەلەمەی کە باوەش بە قەراغدا دەکات و لەوێدا
هەرەس دێنێ.

## سەبووری ، ئاسمان

تۆ دەبێ چی بکەی، ئەی ئەو سەدایەی کە دەنگ
دەدەیتەوە،
نزیک لە خاک، تەبای ئاوی
ئەو زەیتوونەی کە هاوینی گۆڕین بەستی ؟
کاتی خواوەندانە کە پێویستە ئەم گوڵدانەی پێ بکرێتەوە،
بەڵێ ، خۆشویستنی ئەم کاتە بیابانییە پڕ لە ڕۆژگارە و
هیچی تر نا .

سەبووری بۆئەوەی ئاگرێک لەژێر ئاسمانێکی بەلەزدا
بژیەت،
چاوەڕوانیی پارچەنەکراو بۆ شەرابێکی ڕەش،
سات بۆ بایەوانە والاکان کاتێ کە با تارمایی‌یەکانی
بە سەر دەستە خەونبینەکانی تۆوە گلۆردەبنەوە.

## هونەری‌شیعر

نیگا لە دەرەوەی ئەم شەوەدا چاوباشقاڵ.
دەستەکان بێ خشپە و وشک هەڵگەڕاو.
لەگەڵتا ئاشت بووینەوە. بە دڵمان گوت کە دڵ بێت.
لەناو ئەم دەمارانەدا ئەهریمەنێک هەبوو
کە بەدەم گریانەوە تێی تەقاند.
لەناو دەمدا دەنگێکی سوگواری خوێناوی هەبوو
کە شوورایەوە و بانگڕاهێشت کرا.

## باڵندەی‌کەلاوان

باڵندەی کەلاوان لە دەست مردن هەڵدێ،
هێلانە لەناو بەردی بە هەتاو خۆڵەمێشی چێدەکا.
ئەو باڵندەیە بەناو هەموو ئازارێکدا تێپەڕ بوو، بەناو
هەموو یادگارێکدا،
ئێدی گوێی لەوە نییە داخوا سبەینێ لە ژیانی
هەمیشەییدا چ واتایەک دەگەیەنێ.

## ڤێنێراندا

ئاخ ، چ ئاگرێک لەناوئەم نانە زیواڵ زیواڵەدا ،
چ کازێوەیەکی سازگار لە ناو ئەم ئەستێرە ڕەتاوانەدا!
من تەماشای ڕۆژ دەکەم کە لەتوێی بەردەکانەوە هەڵبێ،
تۆ لەناو سپیاتییە بە ڕەش داپۆشراوەکانیدا تەنیایت.

## بەدرێژایی‌ی‌شەو

بەدرێژایی‌ی شەو ئاژەڵەکە لەناو ساڵۆنەکەدا هەر
جووڵەی دەهات ،
ئەم ڕێگایە چییە کە هەر نایەوێ کۆتایی‌ی پێ بێت ،
بەدرێژایی‌ی شەو بەلەمەکە بە دوای قەراغدا دەگەڕا ،
ئەم لە ئێمە غافڵانە چین کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە،
بەدرێژایی‌ی شەو قلینج هەر برینی ناسی،
ئەم ئەشکەنجەیە چییە کە ناتوانێ هیچ وەدەست بێنێ،
بەدرێژایی‌ی شەو ئاژەڵەکە هەر ناڵاندی لەناو
ساڵۆنەکەدا،
ئەم مردنە چییە کە هیچ شتێک چارەسەر ناکا؟



# چیرۆکی ڕزگاربوونی وانگ فۆ

مارگریت یورسنار
وەرگێڕ : مووسا گەرمیانی

«وانگ فۆ» وێنەکێشی پیر و زورهان دەگەڵ مریدەکەی کە ناوی «لینگ» بوو، لە جادەکانی وڵاتی خانەدانی «هان» دەسووڕانەوە. لە ڕۆیشتندا چالاک نەبوون، چونکە وانگ فۆ شەوانە، بۆ سەیری ئەستێرەکانی ئاسمان و ڕۆژانە بۆ تەماشاکردنی پەپوولەکان ڕادەوەستا. کەلوپەلێکی زۆریان پێ نەبوو، چونکە وانگ فۆ وێنەی شتومەکی لە خودی شتەکان خۆشتر دەویست، و بۆ ئەو جگە لە پەڕەمووچ و قوتووی ڕۆنی وێنەکێشی و مەرەکەبی چین و تۆپی پارچەی ئاوریشم و کاغەزی برینج، هیچ شتێکی دیکە لە جیهاندا نەبوو کە شیاوی دڵبەندبوون بێ. هێند لەو بارە بێزار بوو کە تابلۆکانی خۆی تەنیا بە جەمێک خواردەمەنیی هەرزان دەگۆڕییەوە.

«لینگ»، کە لە ژێر قورسایی ی پەردە پڕ نەخش و نیگارەکان کۆم ببۆوە وەک بلێی تاقی ئاسمانی لە کۆڵ کردبێ ، بەڕێزەوە پشتی دادەنواند، ئەو وای دادەنا کە بارەکەی پڕە لە کوێستانی بەفرپۆش و ڕووباری بەهارانە و ڕوخساری مانگی شەوانی هاوین.

لەپێشدا سروشتی «لینگ» وا نەبوو، کە لە جادەکان دەگەڵ پیرەپیاوێک ڕێگە ببڕێ کە کازێوەی بەیانان دە چنگیدا بوو. کە ڕۆژپەڕی زنجیر دەکرد. بابی زێڕینگەر بوو. دایکی تاقانە فرزەندی بازرگانێک بوو کە بەردی یەشمی دەفرۆشت و دەوڵەت و سامانی خۆی بۆ کچەکەی بەجێ هێشتبوو، بەڵام تووکی لێ کردبوو کە بۆچی کوڕ نەبووە. «لینگ» لە ماڵێکدا پێگەیشتبوو کە دەوڵەت و سامان هەموو مەترسییەکی لەسەر ڕێگە لادەبرد. ژیان لە جێگایەکدا کە تا ئەوپەڕی دەستەڵات لە هەموو بارێکەوە پارێزرابوو ئەوی هێدی و هێور ڕاهێنابوو.

لە مار و موور و گرمەی هەور و ڕوخساری مردوو دەترسا. کاتێ پازدە ساڵەی بردە سەر، بابی کچێکی زۆر جوانی بۆ هەڵبژارد و خۆشی بە بیری کامەرانبوونی کوڕەکەی هیوای بە خۆی دا کە گەیشتووەتە ئەو تەمەنەی کە شەوانە دەتوانێ ئاسوودە و ئەرخەیان بنوێ. ژنەکەی لینگ وەک نەی ناسک و وەک دڵۆپی فرمێسک بە نمەک بوو. دوای زەماوەند کەسوکاری لینگ وەها لێی پرینگانەوە وەک بلێی مردبێ، و کوڕەکەیان لە ماڵە شینڕەنگەکەیدا لەگەڵ ژنێکدا کە بزەی لەسەر لێو لانەدەچوو دەگەڵ دارە بەلاڵووکێک کە بەهارە و بەهار گوڵی سوورکاڵی دەردەکرد تەنیا ماوە. لینگ ئەو ژنە دڵسافەی خۆش دەویست وەک چۆن ئاوێنەیەکی بێگەرد یان نوشتەیەکی هەمیشە کارساز خۆشەویستە. بۆ ئەوەش کە دەگەڵ جەماوەر ڕەنگ بنوێنێ سەرێکی چایخانەکانی دەدا و سەماکەر و چاوبەستەکانی دەلاواندەوە و یارمەتیی دەدان.

شەوێک، لە مەیخانەیەکدا وانگ خۆی دیت. پیرەمێرد مەست ببوو تا لە حاڵەتێکدا بێ کە بتوانێ وێنەی ئارەقخۆرێک باشتر بکێشێ. سەری بۆ لایەن خوار ببۆوە. دەتگوت دەیەوێ مەودای دەست و پیاڵەکەی ڕوون کاتەوە. خۆشاوی برینج زمانی ئەو هونەرمەندە کەمقسەیەی کردبۆوە، وەها هەژدەر قسەی دەکرد دەتگوت بێدەنگی دیوارێکە و وشەکانیش ڕەنگن کە دەینەخشێنن. بە ودمی هونەری وانگ فۆ، لینگ جوانیی روخساری مەیخۆرانی لە پشت پەردەی هەڵمی شلەمەنی گەرم دیت و هەروەها شکۆی قاوەکە گڕی ئاو پەیتا پەیتا دەیلستەوە و ڕەنگی وەک هەناری پەڵەپەڵەی شەراب کە لە سفرەکە پرژابوو. باهۆزێکی توند پەنجەرەی کردەوە و ڕێژنەی دەژوور ڕاکرد. وانگ فۆ خۆی کۆم کردەوە تا «لینگ» پەسنی هێڵە ڕەنگپەڕیوەکانی هەورەتریشقە بکا و «لینگ» ئەمجار بەسەرسووڕمانەوە بۆی دەرکەوت کە چیدی لە گرمەی هەور ناترسێ.

«لینگ» پارەی مەیخانەکەی بۆ «وانگ فۆ»دا . «وانگ فۆ»، بێپارە و بێجێگە و ڕێگە بوو. «لینگ» بۆ باپەنایەک لێی

گێڕاوە و وەڕێ کەوتن. «لینگ» فانووسێکی بە دەستەوە بوو. تیشکی فانووسەکە لەنێو قووڵکە و کەندالآن ڕووناکی و ئاورێکی چاوەڕوان نەکراوی بەدی دەهێنا. ئەو شەوە «لینگ» لەوپەڕی سەرسووڕمانەوە تێگەیشت کە دیوارەکانی ماڵەکەی شینڕەنگ نین، بەڵکوو ڕەنگێکی نارنجی لە حاڵی پەرتووکانیان هەیە. لە حەوشی ماڵدا «وانگ فۆ» دەستی کرد بە پیاهەڵدانی دارە چکۆلەیەک کە تا ئەو کاتە سەرنجی کەسی ڕانەکێشابوو. گوتی ئەو دارە لە ژنێک دەچێ کە بسکەکانی بۆ وشککردنەوە پەخشان کردبێ.

لە پێشخانەدا ڕەوتی دوودڵانەی مێروولەیەک بۆ نێو کەلێنی باریکی دیوار سرنجی «لینگ»ی بۆ خۆی ڕاکێشا و بێزاریی «لینگ» لەو گیاندارە لە دڵیدا تواوە. «لینگ» بەو باوەڕەوە کە «وانگ فۆ» ڕوانگە و تێگەیشتنێکی تازەی بۆ بە دیاری هێناوە «وانگ فۆ»ی پیر و بەساڵاچووی لەو هۆدەیە نواند کە دایک و بابی تێیدا مردبوون.

چەندین و چەند ساڵ بوو کە «وانگ فۆ»، بە ئاواتی کێشانی وێنەی شادۆتێک بوو، کە جارێک دیتبووی لەژێر دارە شەنگەبییەکدا خەریکی ژەندنی چەنگە. بەڵام هیچ ژنێک هێندەی ئەو ژنەی دیتبووی لە ڕوواڵەتی ڕاستەقینە دوور نەبوو کە ببێتە مۆدێلی تابلۆکەی بەڵام «لینگ»، بۆ ئەو کارە دەبوو، چونکە ژن نەبوو. ئەمجار «وانگ فۆ» باسی کێشانی وێنەی شازادەیەکی کرد، کە لەژێر دارە سدرێکی یەکجار بڵیند خەریکی کەمانچەژەندنە. هیچ گەنجێک هێندە لە ڕاستەقینە دوور نەبوو کە بۆ مۆدیل ببێ بەڵام «لینگ» ژنەکەی خۆی ئامادەکرد کە لەژێر دارە بەلاڵووکی ناو حەوش ڕاوەستێ و «وانگ فۆ» وێنەی ئەوی لە بەرگی پەرییاندا و لەنێو هەوری سەرە ئێوارانداا نەخش کرد. ژنی لاو گریا چونکە ئەوە زەنگی مەرگ بوو. لەو کاتەوە کە «لینگ» وێنەکەی ئەوی لە خودی ئەو خۆشتر دەویست وەک گوڵێکی بەر هێرشی بای گەرم یان بارانی هاوینانە ڕوخساری سیس دەبوو. بەیانیی ڕۆژێک دیتیانەوە کە بە لق و پۆپی دارە بەلاڵووکەوە ئاوێزان بوو. دوو سەری شاڵێک کە هەناسەی لێ بڕیبوو وێڕای بسکەکانی دەلارانەوە. لە هەموو کات باریکەڵەتر دیار بوو، لەو پەرییانە دەچوو کە دە شیعری شاعیرانی پێشوودا باس کراون. «وانگ فۆ» بۆ دواجار وێنەیەکی لێ کێشا، چونکە ئەو ڕەنگە کەسکەی خۆش دەویست کە لە ڕوومەتی مردووان دەنیشێ. «لینگ» ڕەنگەکانی هاڕی و تواندەوە. ئەو کارە هێندی پێویست بە وردەکاری هەبوو کە گریانی لەبیربردەوە.

«لینگ»، پەردەکان و بەردی یەشم و ماسییەکانی نێو کانیی حەوشەکەی یەک لەدوای یەک فرۆشت تا بە پارەکەیان بتوانێ گۆزەی پڕ لە جەوهەری ڕەنگ ئەرخەوانی بکڕێ، کە لە ڕۆژئاواوە دەیانهێنا. کاتێ ماڵەکەیان چۆڵ بوو بەجێیان هێشت و «لینگ» دەرگاکانی ڕابردووی لە پشت سەری خۆی گاڵە دا. «وانگ فۆ» لەو شارە کە ئیتر هیچ ڕازێکی جوانی یان دزێوی بۆ نەدەدرکاند بێزار ببوو. کەوابوو مراد و مرید پێکەوە وەڕێ کەوتن و لە جادەکانی وڵاتی «هان» ئاوارە بوون.

نێوبانگی ئەوان پێشەکی دەگەیشتە گوندەکان و بەر دەروازەی قەڵاکان و ژێر میهرابی ئەو پەرستگایانە کە دیندارانی بەهات و هەرا سەری شەوانە لێی دادەنیشتن. دەنگۆ بوو کە «وانگ فۆ» بە خشەی بەئاستەمی پەڕەمووچ کە بەسەر چاوی نیگارەکانیدا بێنێ دەتوانێ گیانیان وەبەربێنێ. جووتیاران بەو نیازەوە دەهاتنە لای کە سەگێکی کێشکگریان بۆ بنەخشێنێ و خاوەندەستەڵاتان نەخشی سەربازیان لێ دەویست، قەشە وەک زانایەک چاویان لێ دەکرد و ڕەشایی بە جادووگەریان دەناسی و لێی دەترسان. «وانگ فۆ» کە دەیتوانی لە سایەی ئەو بۆچوونە جیاوازانەدا لە حاڵەتی پەسن و ترس و ڕێزی مریدەکان بکۆڵێتەوە یەکجار دڵخۆش دەبوو. «لینگ» بۆ خواردەمەنی دەچووە دەریۆزە، کێشکگری خەوی وەستاکەی بوو. لە کاتی وەنەوزدانیدا لاقەکانی دادەماڵی. سەر لە بەیانان ئەو کاتەی وەستا هێشتا لە خەودا بوو، دەچوە ڕاوی دیتنی ئەو دیمەنە چکۆلانەی کە لە پشت قامیشەلانەکان شارابوونەوە. شەوانە، کاتێ وەستا لە وەڕەزی پەڕەمووچەکانی فڕێ دەدا، ئەو کۆی دەکردنەوە. ئەگەر «وانگ» تووشی پەژارە دەبوو و باسی پیری و کەنەفتیی دەکرد ئەو قەدی پتەوی داربەڕوویەکی کۆنساڵی پێ نیشان دەدا و ئەگەر «وانگ»



کەیفخۆش بوو، و قسەی خۆشی دەکردن، «لینگ» خاکەسارانە وای دەنواند کە گوێی بۆ هەڵخستووە.

دەمەوئێوارەی ڕۆژێک گەیشتنە نیزیک شاری پادشایەک و «لینگ» میوانخانەیەکی دیتەوە کە وەستا شەو لێی وەرکەوێ. پیرەمێرد، سڕو سیپاڵە دڕاوەکانی دە خۆیەوە پێچا و «لینگ» بۆ گەرمکردنەوەی لەپاڵی ڕاکشا. بەهار ساوا بوو، زەویی ڕووت هێشتا بەستبووی و بەیانی گرمەی چەند هەنگاوی قورس لەنێو دالانی میوانخانەدا دەنگی داوە. سرتەی بەترسەوەی خاوەنمیوانخانە و فرمان و شاتوشووتی چەند کەس کە بە زمانێکی نامۆ دەوترا گەیشتە گوێیان. «لینگ» کە دوێنێ پاروەنانێکی برینجی بۆ وەستاکەی فڕاندبوو، لەترسان وەلەرزە کەوت. گومانی نەبوو کە بۆ گرتنی ئەو هاتوون و لە خۆی دەپرسی کە سبەینێ کێ وەستا لە پەڕینەوەی ڕووبار یاریدە دەدا.

سەربازەکان فانووس بە دەست هاتنە ژوور. گڕی فانووسەکان لە پشت کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ تیشکێکی عابی و سووریان داویشتە سەر بەرگە چەرمینەکانیان. ژێی کەمان لەسەر شانیان دەلەرزی و ئەوانەی دڕتر بوون لەناکاو و بێ هیچ هۆیەک نەعرەتەیان دەکێشا. دەستی قورسیان لەسەر ملی «وانگ فۆ»، دانا و وەستا لەو کاتەدا بیری لەوە دەکردەوە کە ڕەنگی سەرقۆڵەکانیان دەگەڵ ڕەنگی شاقەلیان نایەتەوە. «وانگ فۆ» کە پاڵی وە مریدەکەی دابوو بە لاکەلاک لە جادە بە هەوراز و نشێوەکاندا بەدوای سەربازەکانەوە دەڕۆیشت. ڕێبوارن ئەو دوو کەسەیان بە چاوی دز و پیاوکوژ دەبینی کە بێگومان بۆ کوشتن دەیانبردن و گەمەیان پێ دەکردن. هەرچی «وانگ فۆ» دەیپرسی سەربازەکان بەلالووتی وەڵامیان دەداوە، دەستەکانی کە بەسترابوون دەئێشا و «لینگ» بە دڵێکی شکاوەوە وەڵامی بزەی سەر لێوی وەستاکەی دەداوە، چونکە دەیزانی کە بۆ ئەو بزە وەک گریانێکی ناسک وایە.

گەیشتنە بەر دەروازەی کۆشکی پادشا کە دیوارە وەنەوش ڕەنگەکانی لە ڕۆژی ڕووناکدا لە ئاسۆی چێشتەنگاوان دەچوو. سەربازەکان، «وانگ فۆ»یان بە تالارە بێئەژمارەکاندا دەبرد کە هێندێکیان چوار سووچ و هیندێک وەک بازنە خڕبوون کە وێنەی هەر کامیان نیشاندەری وەرز و ژمارە سەرەکییەکان و نێرینە و مێیینە و درێژی و پانی و بایەخەکانی هێز و توانا بوون، دەرگاکان بە ئاوازێکی ئاسنین لەسەر لاولاوەکانیان دەگەڕان و وەها ڕێکخرابوون کە لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵاتی تالارەکان هەموو ئاهەنگەکانی مۆسیقایان دەگەیاندە گوێیان. هەموو شتێک وا پێکهاتبوو کە بیری هێزێکی ئەوپەڕی توانا و ئاوەزی ئینسانی لە زەیندا بخووڵقێنێ و دیار بوو کە فەرمانێکی هەرە بچووک کە لەم جێیەدا بێتە سەر زمان وەک پەند و دەستووری باووباپیران بێ چەند و چوون و ترسێنەرە. هەوا سەرەنجام زوڵاڵ بوو، بێدەنگی هێند قووڵ بوو کە جەزرەبەدراویش تابوشتی هاواری نەما و کۆمەڵی بچووک گەیشتنە تالارێک کە کوڕی ئاسمان لەسەر تەختی دانیشتبوو.

تالارێک بوو بێدیوار کە کۆڵەکەی ئەستووری بەردی عابیڕەنگ میچەکەیان لەسەر شان گرتبوو. لەوبەر ئەستووندەکە مەڕمەڕەکان باغێک داوێنی ڕاخستبوو کە هەر گوڵێکی لە نەژادێکی دەگمەن هەڵکەوتبوو. ئەو گوڵانە لەوپەڕی ئۆقیانووسەوە هێنرابوون، بەڵام هیچکامیان بەرامەیان نەبوو، مەبادا بیرەکانی ئەژدەهای ئاسمانی بە بۆنی خۆش پەرێشان بێ. بۆ پاراستنی ئەو بێدەنگییە کە بیرەکانی تێیدا نوقم بوون پەلەوەریش ڕێگەی هاتنە ژووریان نەبوو، تەنانەت زەردەواڵەشیان تاراندبوو. شوورەیەکی ئەستوور و پتەو ئەو باغەی لە جیهانی بێروون جیادەکردەوە کە ئەو بایەی لە کەلاکی سەگە و تەرمی نێو شەڕگەکانڕا دەهات نەتوانێ بە سەرەڕۆیی سەر لە شانی شاریار بخشێنێ.

خواوەندی ئاسمانی دانیشتوو لەسەر تەختی بەردی یەشم، دەستەکانی وەک دەستی پیرەمێردان چرچ بوون، گەرچی هێشتا بیست بەهاری زیاتر نەدیبوو، کراسەکەی عابی بوو کە زستان بنوێنێ و کەسکیش بوو تا وەبیرهێنەوەی بەهار بێ، ڕووخساری جوان بوو بەڵام دەتگوت لە بەردە و هیچی تێدا کاریگەر نابێ، یان وەک ئاوێنەیەک بوو کە بەرەو بەرزایی دانرابێ و تەنیا ئاسمان و فەلەکی بێسرنجی تێدا دیار بێ. لای ڕاستی «وەزیری

لەزەتە تەواوەکان» بوو و لە لای چەپیشی «وەزیری جەزرەبەکانی دادگەرانە». لەبەرئەوەی دەربارییەکان لەپای ئەستووندەکان بەریز گوێقولاغ ڕاوەستابوون ڕاهاتبوو کە هەموو کات بەئارامی قسە بکا.

«وانگ فۆ» خۆی خستە زەوی و گوتی: "ئەی ئەژدەهای ئاسمانی، ئەمن کەنەفت و هەژارم، ئەتۆ هەروەکوو هاوینی. ئەمن زستانم و تۆ خاوەنی هەزار ژینی، ئەمنم و ئەو ژینە کە بەرەو نەمانە. چ خەتایەک لە من ڕووی دا؟ دەستیان بەستووم بەڵام حاشا کە لەو دەستانە ئازارێک گەیبێتە تۆ؟" خاقان گوتی: "دەپرسی چ خەتایەک لە تۆ ڕووی داوە ئەی «وانگ فۆ»ی پیر؟"

دەنگی ئەوەندە خۆش ئاهەنگ بوو کە لە بیسەردا مەیلی گریانی هەڵدەستاند. کە دەستی ڕاستی هەڵێنا لەژێر گەڕانەوەی تیشکی سەنگفەرشی یەشمدا وەک گیایەکی مەیلەو ڕەش خۆی نواند کە لەنێو ئاودا شین دەبێ، «وانگ فۆ» کە لە باریکیی قامکەکانی دەستی خاقان سەری سووڕمابوو لەو بیرەدا بوو مەبادا کە لە خاقان یان یەکێک لە باووباپیرانی ئەو نەخشێکی دزێوی کێشابێ کە ئێستا بە مردن سزا بدرێ. بەڵام شتی وا مەحاڵ بوو، تا ئەو کاتە «وانگ فۆ» ڕێی دە دەرباری خاقانان نەکەوتبوو، ئەو خانووی جووتیاران ، لە شاران گەڕەکی ژنە خۆفرۆشەکان و مەیخانەکانی قەراخ ڕووبارەکانی کە بارەبەران تێیاندا ئامبازی یەکتر دەبوو خۆشتر دەویست. خاقان ملی باریکی بۆ لای پیرەمێرد خوارکردەوە، کە ئێستا دەتگوت هەموو گیانی بۆتە گۆمێ و گوتی: "دەپرسی کە چ خەتایەکت کردووە «لینگ فۆ»ی پیر؟ باشە پێت دەڵێم بەڵام چونکە ژاری خەڵک جگە لە نۆکونی جەستەمان ناتوانێ پێمان کاریگەر بێ؛ بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی خەتاکانت ڕاوەستی دەبێ تۆ بە دالانی بیرەوەییەکانی خۆمدا بگێڕم و سەرتاسەری ژیانی خۆمت بۆ بگێڕمەوە:

بابم لە شاراوەترین هۆدەکانی کۆشکدا پیشانگایەکی لە نەخشەکانی تۆ پێکهێنا. ڕای وابوو کە دەبێ ڕووخسارەکانی ئەو نەخشانە لە چاوی نامۆیان بپارێزێ چونکە ناتوانن لەبەرامبەر ئەو نیگارانە چاو داخەن، من لەو تالارانەدا گەورە بووم، ئەی «وانگ فۆ»ی پیر، لە دەوروبەری من پەنایەکیان پێک هێنابوو هەتا لەودا پێ بگرم و دزێویی گیانی ئینسانان نەگاتە دەروونی بێگەردی من، لافاوی بێئامانی ژێردەستەکانی داهاتووی منیان لێ دوور کردبوومەوە و کەس بۆی نەبوو کە پێ بنێتە دەروازەی هۆدەکانی من، مەبادا کەنیسێی ئەو ژنە یا پیاوە بگاتە نزیکی من. چەند خزمەتکاری پیریش کە ئاڵقە لە گوێی من بوون کەمتر خۆیان نیشان دەدا، سەعاتەکان یەک لەدوای یەک وەک جەغزی بازنە ڕادەبووردن و ڕەنگی نیگارەکانت دەگەڵ ڕووناکیی کازێوە گیانیان وەبەردەهات و دەگەڵ تاریکایی چێشتانان ون دەبوون.

شەوانە کاتێ خەو لە چاوم نەدەکەوت لێیان خورد دەبوومەوە و نزیکەی دە ساڵ چاوم تێبڕین. ڕۆژانە لەسەر مافوورەیەک کە نیگارەکانی لە زەینمدا نەخش کرابوون دادەنیشتم و بەری دەستەکانم لەسەر ئەژنۆ زەردە ئاوریشم ڕەنگەکانم دادەنا و دەفکر ڕادەچووم و دمخەونی ئەو لەزەتانەدا کە داهاتوو بەڵێنی دەدامێ نوقم دەبووم. جیهان و وڵاتی «هان»م لە نێواندا دێنا بەرچاوان وەک پانایی "گا". ڕێک و گا، قووڵیی بەری دەست کە هێڵەکانی چارەنووسسازی «پێنج رووبار» دەیکێڵا. دەورانپشتی، زەریاکە تێیدا دێو و درنج دەهاتنە دونیا، و دوورتر، کوێستانەکان کە ئاسمانیان لەسەر شان بوو. بۆ هێنانە بەرچاوی ئەو هەمووانە، لە نەخشەکانی تۆ یاریدەم وەردەگرت. تۆ پێت باوەڕاندم کە زەریا وەکوو پاناوکی ئاوەکە لە تابلۆکانی تۆدا خۆ ڕاکێشاوە ، ئاوێکی هێند شین کە ئەگەر بەردێکی تێکەوێ دەبێتە لاجیوەرد. تۆ پێت سەلماندم کە ژنان وەک گوڵ دەکرێنەوە و وێکدێنەوە وەک ئەو گیانلەبەرانەن کە لە کووچە باغەکانی تابلۆکانت بە بای شەماڵ کۆم دەبنەوە. وە ئەو شەڕکەرە لاوە کەمبەر باریکانە کە لە قەڵاکانی سەر سنوور کێشکگرن خۆیان وەک تیر وان و دەکارن دڵان لێک بکەنەوە.

لە شازدە ساڵیدا ئەو دەرگایانەی لە جیهان جوێیان دەکردمەوە لە ڕووم کرانەوە و هاتمە ژووری بەهار خەوی کۆشک کە سەیری هەوران بکەم، بەڵام ئەوان هێندەی هەوری چێشتا نانی تۆ جوان نەبوون.



نوێنەرەکانم داواکرد، و لەو جادانەدا کە نە گیا و نە گوڵیم ناسیبوو و نە بەردەکانی، لەسەر تەختم کەوتمە جەولە، حاکمنشینەکانی وڵاتی خاقانم هەموو پێوا، بێ ئەوەی باغێک بە دی بکەم کە وەک باغەکانی تۆ پڕ بێ لە ژنی شلکەباڵا. ئەو ژنانەی تۆ کە هەر کامەی خۆی باغێکە. زێخ و چەوی چۆمەکان لە دیداری ئۆقیانووس بێزاری کردم. خوێنی ئەشکەنجەدراوان لە هەناری نەخشەکانت کەمڕەنگتر بوو، مار و مووری گوندەکان لە جوانیی مەزرای برینج بێبەشیان کردم. جەستەی ژنانی زیندوو وەک کەلاکی مردوو، کە بە چەنگاڵی قەسابانەوە ئاوێزان بێ بێزاریهێنەرە، و پێکەنینی بەهات و هەرای سەربازەکانم دڵم تێکەڵاو دێنێ. تۆ قسەی ناڕاستت وتووە، وانگ فۆ، ئەی درۆزنی پیر، جیهان هیچ نییە جگە لە پەڵەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ کە نیگارکێشێکی ناشارەزا لەسەر تابلۆی ڕشاندبێ و پەیتاپەیتا بە فرمێسکی ئێمە دەشۆرێتەوە. وڵاتی «هان» ڕازاوەترین مەڵبەندی جیهان نییە و من خاقان نیم. تاقانە وڵاتێک کە شایانی فەرمانڕوایی بێ ئەو جێگەیەیە کە تۆ بە «هەزارپێچ» و «دەهەزار ڕەنگ» دەیخەیە ژێر باندووری خۆت ئەی وانگ فۆی پیر، تەنیا تۆی کە لەسەر ئەو کۆسارەی کە بەفری لێ ناچێتەوە و بەسەر ئەو نێرگزەجاڕانەی کە مەرگ ناناسن لەسەر تەختی خۆت دانیشتووی. جا هەر بۆیە ئەی «وانگ فۆ» کە من جەزرەبەیەکی تایبەتم بۆ داناوی. بۆ تۆ کە بێزارت کردووم لەوەی هەمە و تاسەی ئەو شتانەت تێدا بێدارکردووم کە نیمە. دەمەوێ لە سیاچاڵێکت بەند بکەم کە ڕزگاربوون لێی مەیسەر نەبێ، ویستم بڵێم چاوەکانت بسووتێنن چونکە چاوەکانت، ئەی «وانگ فۆ»، دوو دەروازەی جادوون لە بەرەو هەرێمی تۆ دەکرێنەوە. دەستەکانت دوو ڕێگەن کە دە ڕێچکەیان لێ دەبێتەوە و تۆ دەبەنە نێو جەرگی وڵاتەکەت. دەمەوێ فەرمان بدەم کە دەستەکانیشت بپەڕێنن. قسەکانم تێگەیشتی ئەی «وانگ فۆ»ی پیر؟

لینگ کە فەرمانەکەی بیست خەنجەری بەر پشتێندی دەرکێشا و شاڵاوی بردە سەر خاقان. دوو پیاوی شا گرتیان، کوڕی ئاسمان بزەیەکی هاتێ و بە هەناسە هەڵکێشانەوە گوتی:

"لە تۆ بێزارم ئەی «وانگ فۆ»ی پیر، زیاتریش بەو هۆیە کە دەتوانی خۆشەویست بی، بیکوژن ئەو سەگەی". لینگ دەرپەڕی کە خوێنەکەی شاقەلی وەستا چەپەڵ نەکا. سەربازێک شمشێرەکەی هەڵێنا و سەری لینگ لە جەستەی جیابۆوە. وەک گوڵێک لە پەلەکەی. دەستوپێوەند کەلاکەکەیان برد. «وانگ فۆ» بە دڵشکاوی ئەو پەڵە جوانە ئەرخەوانییەی بە چاوی پەسن و ڕێزەوە تەماشا دەکرد کە خوێنی مریدەکەی لەسەر بەردە فەرشە کەسکەکە پێکی هێنابوو.

خاقان ئاشێرەیەکی کرد و دوو غوڵام چاوەکانی «وانگ فۆ»یان پاککردەوە. خاقان گوتی:

"گوێ بگرە ئەی «وانگ فۆ»ی پیر، فرمێسەکانت بسڕەوە چونکە کاتی گریان نییە. وا چاکە چاوەکانت کراوە بن تا ئەسرینەکەت ئەو تۆزە سۆمایەی ماویانە نەشێوێنێ. بزانە تەنیا ڕکم نییە کە مەرگی تۆ دەخوازێ. تەنیا لەبەر بێبەزەیی نییە کە دەمەوێ ڕەنج و مەینەتت ببینم. پیلانی دیکەم دە سەر دایە ئەی «وانگ فۆ»ی پیر.

لەو نیگارستانەدا کە لە شوێنەوارەکانی تۆ هەمە پەردەیەکی بێوێنە هەیە کە پڕ لە دیمەنی کوێستان و بەستێنی زێ و دەریا. دیارە لە چاو سروشتی ڕاستەقینە یەکجار چکۆلەترن کەچی هێن زوڵاڵ دیارن کە لەوپەڕی ڕاستەقینەوە ڕادەوەستن. هەروەک وێنەیەک کە دەکەوێتە سەر گۆیەکی بلوور. بەڵام ئەو پەردەیە ناتەواوە و ئەی «وانگ فۆ» شاکارەکەت وەک گەڵاڵەی تابلۆیەک هەروا ماوەتەوە، بێگومان لە کاتێکدا کە لە دۆڵێکی چۆڵ دانیشتبووی و نەخشت لێ دەدا هەڵفڕینی باڵدارێک یان مناڵێک کە وەدوای باڵندەیەک کەوتبوو، دیتنی دندووک یان گۆنای مناڵەکە وای لێ کردی کە پێڵووی شینی ئاوت لە بیرچۆوە ، نە ڕیشووەکانی شاقەلی زەریات تەواوکرد و نە بسکی قەوزەی گابەردە زەرياییەکان.

ئەمن دەخوازم کە تۆ ئەو دوا سەعاتانەی ڕووناکایی کە بۆت ماوەتەوە پایەندازی تەواوکردنی ئەو نیگارە بکەی تا بەو شێوە دوا ڕازەکانی ژیانی دووروودرێژت لە سینگی خۆیدا تۆمار بکا.

گومانی تێدا نییە کە ئەو دەستانەی تا جیابوونەوە

ماوەیەکیان نەماوە کاتی نیگارکێشان لەسەر پەردەی ئاوریشم وە لەرزە دەکەون و جیهانی هەمیشەیی لە ڕێگەی ئەو هێڵە شوومانەوە دەچێتە سەر پەردەکەت. چاوەکانت کە تا مردن مەودایەکیان نەماوە سنووری هەستەکانی ئینسان دەبیننەوە، پیلانەکەم ئەوە بوو ئەی «وانگ فۆ»ی پیر، و دەمەوێ ئامانجی من بەجێ بگەیەنی و ئەگەر وا نەکەی بەر لە کوێرکردنت هەموو شوێنەوارەکەت دەسووتێنم و تۆ وەک باوکێکت لێ دێ کە هەموو ڕۆڵەکانیان کوشتبێ و هیوای بەردەوامبوونی بنەماڵەی خۆی لە دەست دابێ. بەڵام ئەگەر دەتەوێ بزانی، بزانە کە ئەو دوافرمانە لە دڵ و دەروونی چاکی ئێمەوە سەرچاوە دەگرێ، چونکە دەزانین کە پەردەی ئاوریشم تەنیا گراوێکە تۆ لە هەموو تەمەنی خۆتدا دەستی بلاوێنیت بەسەردا کێشاوە. پەڕەمووچ و ڕەنگ و جەوهەر کە بدرێ بە تۆ وەک ئەوە وایە پارە بدەی بە کەسێک کە لە نەداری بەرەو مەرگ بۆتەوە.

بە ئاشێرەی قامکە چکۆلەکەی خاقان، دوو غوڵام پەردەیەکیان هێنا کە «وانگ فۆ» وێنەی ئاسمان و زەریا لێ کێشا بوو. «وانگ فۆ» ئەسرینەکانی پاک کردەوە و بزەی کەوتە سەر لێوان، چونکە ئەو گەڵاڵە چکۆلەیە لاوەتیی خۆی وەبیر دێناوە. هەموو شتێکی نیشانەی تەڕ و تازەیی و پاراویی بوو. ئەوە شتێک بوو کە ئێستا ئیتر «وانگ فۆ» نەیمابوو، بەڵام شتێکی کەم بوو، چونکە لەو ڕۆژگارەدا کە «وانگ فۆ» ئەو نیگارەی کێشابوو هێشتا نە بە جوانی لە کۆسار وردببۆوە و نە ئەو گابەردانەی جوان دیتبوو کە لەشی رووتیان لە دەریادا دەشۆن و نە بەباشی چوو بووە ناخی ئەو پەژارەیە کە چێشتانان هەموو سروشت دادەپۆشێ.

«وانگ فۆ» یەکێک لە پەڕەمووچەکانی کە بە ڕای ئەو لە غوڵامێک دەچوو هەڵبژارد و چەند شەپۆلی عابیرەنگی هاویشتە سەر زەریای ناتەواو، غوڵامێک دانیشتبوو و رەنگی دەهاڕی، لەو کارەدا هیچ شارەزا نەبوو، «وانگ فۆ» زۆرتر لە جاران هەستی بە جێی بەتاڵی «لینگ» کرد. وانگ بە لێدانی ڕەنگی گوڵی لە گۆشەی باڵی هەورێک دەستی بەکار کرد کە لەسەر کۆسار راوەستابوو. دوایە توێژ و چینێکی ناسکی خستە سەر پاناوکی دەریا کە هەستی و هێدی و هێمنیی تابلۆکەی زیاتر لە پێشوو قووڵ دەکرد. بەردە فەرشی یەشم بە شێوەیەکی سەیر خەریک بوو تەڕ دەبوو، بەڵام «وانگ فۆ» کە نوقمی کێشانی پەردەکەی خۆی بوو نەیدەزانی کە لاقەکانی دە ئاودایە. لۆتکە باریکەکە لەژێر زەبرەکانی پەڕەمووچی وێنەکێش گەورە بوو. ئێستا ئیتر زۆربەی تەختی ئاوریشمەکەی گرتبوو. دەنگی ئاسنینی بێڵەکانی لۆتکە لەپڕە لە دوورەوە هەستا. دەنگێکی توند و زیندوو وەک دەنگی شەققەی شاباڵی پەلەوەران. دەنگەکە نزیک بۆوە. نەرم نەرم هەموو تالارەکەی پڕ کرد، ئەوجار بێدەنگیی بەسەردا کشاو دڵۆپی بێجووڵە و ئاوێزان لە بێڵی لۆتکەوان وە لەرزە کەوتن. قەدەرێک بوو ئەو ئاسنە سوورهەڵگەڕاوەی بۆ کوێرکردنی «وانگ فۆ» داندرابوو لەسەر ئاگردانی جەللاد ساردببۆوە. ئاو هەتا ڕێکی شانی دەربارییەکان هەستابوو، بەڵام ئەوان بەئەدەبەوە لەسەر نووکی پەنجە خۆیان هەڵدێنا. لەدواییدا ئاو هەتا ڕێکی دڵی خاقان گەیشت. بێدەنگی هێند قووڵ بوو کە دەنگی دڵۆپی فرمێسک دەبیسرا.

لینگ بوو، کراسە کۆنەکەی هەمیشەیی خۆی لەبەردا بوو، لەسەر قۆڵی ڕاستی هێشتا شوێنەواری پینەوپەڕۆکە ئەو ڕۆژە بەر لە هاتنی سەربازەکان نەیتوانیبوو بیدروێتەوە دیار بوو. بەڵام لە دەوری گەردنی شاڵێکی سوور و سەیر پێچرا بوو، «وانگ فۆ» هەروا کە گەرمی وێنەکێشان بوو لەسەرەخۆ پێی گوت: "پێم وابوو مردووی."

لینگ بە ڕێزەوە گوتی: "کاتێ ئێوە زیندوو بن چ جێگەی مردنە؟"

ئەوجار یارمەتیی وەستای دا کە سواری لۆتکە بێ. میچەبەردی یەشمەکە دە ئاوەکەدا دیار بوو، لینگ وای دەزانی کە لەنێو ئەشکەوتێکدا سواری لۆتکە بوون. بسکی دەربارییەکان وەک ماران لەسەر ئاو پێچیان دەخوارد و سەری ڕەنگپەڕیوی خاقان وەک نیلۆپەڕ لەسەر ئاو دەهات و دەچوو. «وانگ فۆ» بە دەنگێکی پڕ پەژارەوە گوتی: "بڕوانە مریدەکەی من، ئەو بێبەختانە لە ڕێگەی نەماندان، یان ئەو ڕێگەیان بڕیوە. گومانم نەبوو کە زەریا ئەوەندەی ئاو هەیە کە خاقانێک نوقم بکا چ بکەین؟" مرید لەژێر لێوەوە گوتی: "هیچ بیری لێ مەکەوە مامۆستا، هەر بەو زووانە ئەوان خۆیان لە وشکانیدا دەبیننەوە و لە بیریشیان نامێنێ کە تەنانەت قۆڵێکیان تەڕ بووبێ. تەنیا خاقان نەختێک لە تاڵایی زەریای لە دڵیدا دەمێنێ. سروشتی ئەو جۆرە خەڵکە وا نییە کە بتوانن لەناو تابلۆیەکدا بتوێنەوە. دوایە ئاوا درێژەی بە قسەکەی دا: "زەریا جوانە و با دەگەڵمانە. باڵندەی زەریایی هێلانەیان ساز دەکەن، با بڕۆین، ئەی مامۆستا، با بڕۆین بەرەو هەرێمەکانی ئەوپەڕی ئەو ئاوانە."

وێنەکێشی پیر گوتی: "با بڕۆین."

«وانگ فۆ» فرمانی لۆتکەکەی گرت و لینگ خۆی بەسەر بێڵەکاندا خوارکردەوە. دەنگی پاروەکان دیسان سەرتاسەری تالارەکەی پڕکردەوە. ئاهەنگێکی سەنگین و کێشدار بوو وەک دڵەکوتە. ئاو لە دەوروبەری گابەردە هەڵکشاوەکان کە وردە وردە بە وێنەی ئەستووندەک دەردەهاتنەوە دەنیشتەوە. قەدەرێک دوایە چەند کەنداڵی بریقەدار لە قووڵایی ی بەردە فەرشەکاندا ماوە. بەرگ و پۆشاکی دەربارییەکان وشک بوو، بەڵام چەند پوڵەک کەف لەسەر ڕێشووەکانی عەبای خاقان مابۆوە.

پەردە تەواوکراوەکانی «وانگ فۆ» لەسەر پایەیەک دانرا بوو، لۆتکەیەک تەختەی پێشەوەی پەردەکەی گرتبوو، وردە وردە دوور دەبۆوە و هێڵێکی باریکی بەدوای خۆیدا دەهێشتەوە کە دە زەریای ئارامدا وێک دەهاتەوە، بەڵام هێشتا شاڵەسوورەکەی لینگ و ڕدێنی «وانگ فۆ» دیار بوون کە دەگەڵ شنەی با دەجووڵانەوە.

کوتانی بێڵەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچوو، لەدواییدا لەدوورەوە دەست خامۆش بوو، خاقان کە خۆی کۆمکردبۆوە، دەستەکانی لەسەر برۆیان راگرتبوو خەریک بوو دووربوونەوەی لۆتکەی «وانگ فۆ»ی سەیر دەکر کە ئێستا لەنێو بوولێڵی چێشتەنگاودا جگە لە خاڵێک نادیار هیچ نەبوو. تۆزێکی زێڕین هەستا و پاناوکی زەریای داپۆشی. سەرەنجام لۆتکە بایداوە پشت تەختە بەردێک کە ڕێگەی زەریای دەبەست. شوێنی لۆتکە لەسەر زەریا پاکبۆوە و «وانگ فۆ»ی وێنەکێش و مریدەکەی لەسەر ئەو زەریایەی کە «وانگ فۆ» کێشابووی بۆ هەمیشە لە چاو ونبوون.

## مارگریت یورسنار

مارگریت یورسنار لە ۱۹۰۳ دا لە برۆکسل لە دایک بووە، لە باوکێکی فەرەنسی و دایکێکی بەلچیکی. منداڵی لە فەرەنسە بردۆتەسەر، بەڵام لەوەدوا لە ئیتالیا، سویسرا، یۆنان و پاشان لە ئەمریکا ژیاوە. ساڵانی دوایی تەمەنی گۆشە گیر بوە و هەمووی تەرخان کردوە بۆ نوسین.(ڕۆمانەکانی ئەلکسیس ) ۱۹۲۹ لە بەرهەمە نۆبەرەکانێتی، دواتر کۆمەڵە شعرێکی کلاسیک و چەند کۆمەڵە داستانێکی بڵاوکردەوە، لەوانە ( چیرۆکە ڕۆژهەڵاتیەکان ). هەندێک لێکۆڵینەوە و شانۆنامە و وەرگێڕانیشی هەس.

لە ساڵی ۱۹۵۱ دا ڕۆمانی ( بیرەوەریەکانی ئادرین ) ی بڵاوکردەوە و لە ۱۹٦۱ دا خەڵاتی ( فێمینا ) ی وەرگرت و لە ۱۹۸۰ دا بوو بە ئەندام لە ئەکادیمی فەرەنسە و یەکەمین خانم کە ئەو پایە بەرزە وەرگرێت. لە ساڵی ۱۹۸۸ دا دنیای بەجێهێشت.

ئەم چیرۆکە لە کۆمەڵەی ( چیرۆکە ڕۆژهەڵاتیەکان ) هەڵبژێردراوە.

# ئانتۆنین ئارتۆ

ڕێبوار سیوەیلی
دانمارک ١٩٩٢

کتێبەکەی ئانتۆنین ئارتۆ لێرەیە
ژوورەکەم پڕە لە ئەندێشە.
ئانتۆنین ئارتۆ خۆی کوشت
لەوپەڕی ئاگاییدا خۆی کوشت ئانتۆنین ئارتۆ
ئانتۆنین ئارتۆ مەسیحێکی درۆزن نەبوو
بە ناوی خواوە نەدوا
گوێی لە خۆی گرت،
لە سەمبوولە ئەفسانەیی‌یەکانی ئەبەد، ئانتۆنین ئارتۆ

* * *

ئانتۆنین ئارتۆ منداڵێک بوو لەناو منداڵەکانا
ڕۆژگارێ وەک هەموومان دەستی خوشکەکەی لە ملیا بوو
وەک هەموومان بێسڵ دەچووە ئامێزی دایکیەوە
وەک هەموومان سەرەتا خرپن
بە باوکی دەگوت : " پاپا "
بە دایکیشی دەگوت : " ماما " ، ئانتۆنین ئارتۆ

* * *

ئانتۆنین ئارتۆ وەک هەموومان
کۆمەڵێ هاوڕێی هەبوو
پاشان یەک - دووانێ
دواجار تەنیا مایەوە ئانتۆنین ئارتۆ

* * *

کتێبەکەی ئارتۆ لێرەیە
ژوورەکەم پڕە لە ئەندێشە .

* * *

زۆر شت هەیە وەک ئێمەی نەکرد، ئانتۆنین ئارتۆ :
عەشق و جنسی جوێ کردنەوە
لەودیو دیواری شەهوەتەوە بۆ ئامێزی پێکەوە بوون دەگەڕا



بەزەییش لای ئەو تاریکستانێ بوو
ڕووناکیی سەر شەقامەکانی ڕادەدا
حوکمی زۆربەی پەسەند نەکرد هەرگیز
گەلەکە پێی دەگوت : " شێت "
کەچی ئەو هەر ئانتۆنین ئارتۆ بوو .

* * *

کە سەیری خۆم دەکەم ، ئانتۆنین ئارتۆ
کتێبی تەبریر دادەخەم و سەرسەختیم دەدۆزمەوە
شەرم دەمگرێ ، ئانتۆنین ئارتۆ
لە شانۆیی‌یەکاندا کەس خۆی ناکوژێ
هیچ شۆڕشێکیش لە هۆڵەکانی نەمایشەوە بەرپا نەبوو
ئانتۆنین ئارتۆ
ئەگەرچی گشت هونەرمەندانی گەلەکەم
منداڵێک بوون لە نێو منداڵانا
ڕۆژگارێ دەستی خوشکەکانیان لە ملیانا بوو
وەک تۆ ئانتۆنین ئارتۆ
بە دایکیان دەگوت : " ماما "
بە باوکیشیان دەگوت : " پاپا "

* * *

( گومان پێم دەڵێ :
ئەو پەڕتوکانە ئاگردە کە لە خۆتت دەدزنەوە
کە ناهێڵن لە ڕۆحمانا دەنگ باتەوە ئانتۆنین ئارتۆ )

* * *

هاوار دەکەم ، پڕ بەسەرای کولتووری ئاسایی‌یەکەمان :
- " ئانتۆنین ئارتۆ من لێرەم .. "
هەمان دەنگ دێتەوە " ئانتۆنین ئا .. ر .. ت .. ۆ "

* * *

کتێبەکەی ئانتۆنین ئارتۆ لێرەیە
ژوورەکەم پڕە لە پرسیار
ئەندێشە لە ئاسمانی خەیاڵەوە
دڵۆپ دڵۆپ دەڕژێتە خوار
- " ئانتۆنین ئارتۆ ، من لێر ..ە .. م "

دەنگێ تێکەڵ لە ئەفسوون و مەرگ سامی ئەم مەستییە
دەشکێنێ :
- " تۆ دەبێ لێرە بی "
- بۆ ؟ !
- " ............................ "
- لای من بمێنەوە ، ئانتۆنین ئارتۆ ..
ئەمجارە تەم دەنگەکەی کپ کرد :
- " دەبێ بڕۆم "
- لەبەر چی ، ئانتۆنین ئارتۆ ؟
- " پرچی ئەفسانەیەکی ژاپۆنیی ئاڵۆزکاو ،
تۆش لێرە بە، پرچی ئەندێشەکانت دابێنە "
- ئانتۆنین .. ئار ... تۆ ...

* * *

ئانتۆنین ئارتۆ لێرە بوو
ئەوەتا قژە هەڵوەریوەکانی ئاڵاون لە سەرینەکەمەوە
پایپەکەی لەسەر مێزەکەم جێ ماوە
بە دەستی خاڵی ڕۆیشت ، ئانتۆنین ئارتۆ

* * *

کتێبەکەی ئانتۆنین ئارتۆ لێرەیە ،
من خەونی پێوە دەبینم و شیعر و جنوون ئاشت دەکەمەوە
وەک مەرگ و سکێچەکانی ئانتۆنین ئارتۆ
بەردەوام دەبم لە هاوار کردن :
- من بۆ لێرەم ، ئانتۆنین ئارتۆ ؟
من بۆ لێرەم ؟

ئا
نتۆ
نین
ئار
تۆ .. ؟

# بیری نەتەوەیی لە نێوان وردە بۆرژوای کورد و مارکسیزمدا

محەمەد عەباس

پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، بە ماوەیێکی کەمیش پێش جەنگ، وردە بۆرژوای کورد، لە ژێر کاریگەریی بڵاوبوونەوەی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی، وەک ئەنجامێکی سروشتیی شۆڕشی مەزنی فەرەنسای ١٧٨٩ز و شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ز و دامەزراندنی کۆمەڵێ ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیری لەناو ڕۆشنبیرانی عەرەب و تورکدا، وردە بۆرژوای کوردیش لە ژێر کاریگەریی ئەم هۆیانە و چەند هۆیێکی دیکەش کەوتە خۆی و چەند حیزب و ڕێکخراوێکی دروست کرد. هۆیەکانیش ئەمانە بوون:

١- پەیدابوونی حیزبی «اتحاد و ترقی» کە لە دواییدا بووە هەڵگری بیری تۆرانییەت و بە زۆر دەیویست نەتەوەکانی غەیری تورک لە ناو ئیمبراتۆریەتی عوسمانیدا بکات بە تورک.

٢- مەبدەئە چواردە خاڵیەکەی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە پاشان بە «مەبدەئە چواردە خاڵیەکەی ویڵسن» ناسرا، کە تیایدا بۆ یەکەمجار بنچینەکانی مافی مرۆڤ و مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، لەلایەن دەوڵەتێکی گەورەوە جاڕ درا.

٣- دابەشکردنی کوردستان بەسەر هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و فارسیدا بە پێی ڕێکەوتننامەی زەهاو ١٦٣٩ز، پاشانیش ڕێکەوتننامەکەی سایکس پیکۆ ١٩١٧ کوردستان دووبارە دابەش کرایەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەسەر چوار دەوڵەتدا، ئەمە لە کاتێکدا کورد چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە مەبدەئەکانی سەرەک ویڵسن پیادە بکرێ و ئەویش «بەگوێرەی پەیمانی سیڤەر» بە مافە ڕەواکانی خۆی شاد بێت و دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ.

٤- بڕیارەکانی کۆمەڵی گەلان «عصبە الامم» دەرهەق بە گەلی کورد کە پاشان لە پەیمانی سیڤەردا ڕەنگیان دایەوە و پاشگەز بوونەوە لەو بڕیارانە و هێنانەکایەی پەیمانی لۆزان.

٥- گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لەناو گەلانی ژێردەستەی عوسمانیدا.

ئەمانە و لەپاڵ دڕندیەتی کەمال ئەتاتورک و حوکومەتی فارس لە سەرکوتکردنی هەموو جووڵانەوەیێکی ئازادیخوازی کوردی، بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی لەناو کورددا، بەتایبەتی پاش پەیدابوونی چینی وردە بۆرژوای خوێندەواری کورد، تەنانەت سەرۆکایەتیی ئەو بزووتنەوانە لە زۆر حاڵەتدا هەر بە دەست سەرەک هۆز و پیاوانی ئاینییەوە مایەوە. بەڵام سەیرەکە لەوەدایە ئەو حیزب و کۆمەڵانەی لەو سەردەمەدا دامەزران، زۆربەی هەرە زۆریان درۆشمی سەربەخۆیی کورد و یەکخستنەوەی خاکی کوردستانیان بەرز کردبووەوە، کەچی پاش جەنگی یەکەم و دووەم و دوای ئەوەی وردە بۆرژوای کورد، سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی گرتە دەست، درووشمی سەربەخۆیی لە بیرکرا و «حوکمی ذاتی» هاتە جێی



کە لە دواییدا دێینەوە سەری و لە هۆیەکەی دەدوێین.

واتە لە کاتێکدا دەبوایە دروشم و ستراتیج و تاکتیکی حیزبە کوردستانییەکان بەرەو پێشەوە بڕوا، دەبینین پاشەکشەی کرد و نەیتوانی بگاتە ئاستی ئەو دروشمانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە سەرۆکایەتیی سەرەک هۆز و پیاوانی ئاینیی پێش جەنگی یەکەم بەرز دەکرایەوە کە سەربەخۆیی و یەکێتی بوو. لێرەشەوە تەڵەزگە - مأزق - ی چینی وردە بۆرژوای کورد دەست پێ دەکات و تا ئێستاش بەردەوامە.

## لە نێوان هەردوو جەنگدا

لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگدا و پاش جەنگی دووەمی جیهانی و سەپاندنی دابەشبوونی کوردستان وەک «امر واقع» بەسەر گەلی کورددا، دروشمی ئازادی و یەکێتی لەبیرکرا، دروشمی برایەتی، خەباتی هاوبەش و «حوکمی زاتی» بەرزکرایەوە. هۆی سەرکیی پەیدابوونی ئەم بیر و بۆچوون و دروشمانەش بڵاوبوونەوەی مارکسیزم بوو لە ناو چینی وردە بۆرژوای کورد بەتایبەتی پاش جەنگی دووەم.

وردە بۆرژوای کورد بە حوکمی ئەو نامۆیی‌یە نەتەوەیی‌یەی لەناویا «وەک توێژی ئەنتاجنسیای کورد» زیاتر تەشەنەی کردبوو و لە هەست و نەستی ئەودا ڕەگی کوتابوو، هەستی خۆبەکەمزانین و بێگانە بە گەورە، بلیمەت و داهێنەرزانین، لە ناویاندا و لە دەروونیاندا جێگیر بووبوو، لەپاڵ ئەمەشدا، سەرنەکەوتنی شۆڕش و بزۆتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلی کورد کە زۆربەیان، ئەگەر نەڵێین هەموویان، لەژێر سەرکردایەتیی ئاغا، سەرەکهۆز، میر، شێخ و خاوەن موڵکە دەستڕویشتووەکانی کورددا بوو، ئەو هەستی خۆبەکەمزانینەی لە ناویاندا سەقامگیر و قایمتر کرد، جگە لە بڵاوکردنەوەی هەندێ قسە و «پەند!!»ی نابەجێی وەک کورد کورتە و قەت نابێ بە هیچ و خۆخۆرە و....هتد کە هەر هەموویان ئەنجامێکی سروشتیی نەخشەی نامۆکردنی کورد «تغریب» بوون. ئەمانە هەموویان هۆی سەرەکیی بڵاوبوونەوەی مارکسیزم بوون لە ناو وردە بۆرژوای کورددا.

ئەم نوشوستی و ژێرکەوتنانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دووچاری بووبوو دەکرایە پێودانگی بەراوردکردنێکی ناعادیلانە لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی هێزی هاوپەیمانەکان بە ڕووسیای سۆسیالیستەوە لە جەنگی دووەمدا دژ بە بەرەی فاشیزم و نازیزم وەدەستیان هێنا و پاشانیش دروستکردنی ئۆردوگای سۆسیالیزم بە زەبری پۆستاڵی سوپای سووری رووسی و سەرکەوتنی شۆڕشی چین، هەموو ئەمانە زەمینەخۆشکەر بوون بۆ وردە بۆرژوای کورد کە چالاکانە بکەوێتە بزاڤ بۆ بڵاوکردنەوەی مارکسیزم و دروستکردنی ڕێکخراوی مارکسیستی لە ناو کورددا و پاشانیش دوورخستنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە دروشمە سەرەکی و بنەڕەتیەکان و سەرقاڵکردنی بە جەنگکردن دژی کۆمەڵێ دوژمنی «وەهمی»ی دروستکراو وەک سەرمایەدار و دەرەبەگ و بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونی پاراستنی یەکێتیی نیشتمانی ( مەبەست لە نیشتمانە دروستکراوەکانی دوای جەنگی یەکەمە کە لە سەر حسابی خاکی کوردستان دروسکران) و برایەتی و خەباتی هاوبەش و...هتد. جگە لە هەندێ دروشمی دیکەی بریقەدار کە ئەرکی سەرەکیی لادان و لەخشتەبردنی بزاڤی کوردایەتی بوو لە ئەرکە بنەڕەتییەکەی کە ڕزگاریی گەلی کورد و یەکگرتنەوەی خاکی کوردستان بوو. چونکە بزووتنەوەی کوردایەتی لە سەدەکانی نوزدە و بیستدا وەک تان و پۆ لەگەڵ چینی دەسەڵاتداری کورددا گرێ درابوون، جا ئەو دەسەڵاتە لە سەرۆکایەتیی هۆز و عەشایەرەوە هاتبێ یان بە هۆی موڵکایەتیی گوند و زەوییەوە، کە لەوەشدا هەر بۆ سەرەک هۆز و شێخەکان بوو. جا بۆ ئەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد سووک وتاوانبار بکرێ، یەکسەر زاراوەی دەرەبەگ هاتە کایەوە، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە خەبات و چالاکی و هۆی سەرکردایەتیی هەندێکیان کە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات و «نفوز»یان لە ناو خەڵکیدا، جگە لەوەی تاقە توێژی ڕۆشنبیر بوون لەگەڵ مەلا و فەقێکاندا.

لە نێوان هەردوو جەنگدا توێژی تەنتلجنسیای کورد گەشەی کرد و کەوتە ڕێکخستنی خۆی و دروستکردنی

ڕێکخراوی مارکسیستی. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ڕێکخراوی دیکەی بە ناو «نەتەوەیی» نەبووە وەک «هیوا»، تەنها ئەوەندەیە ئەو ڕێکخراوە بەناو نەتەوەیی‌یا زۆر بە زەحمەت خۆیان بۆ ڕادەگیرا لەبەردەم لێشاوی تۆمەت و توانجی بۆرژوازییەت و ڕاستڕەوی و بیری کۆنەپەرستانە کە مارکسییەکان دەیاندایە پاڵیان و کەڵکێکی زۆریشیان وەردەگرت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندەکردنی بەرەی سۆسیالیست و حیزبە شیوعییەکانی جیهان. لەگەڵ ئەمەشدا، لەبەر ئەوەی گەلی کورد دووچاری چەوساندنەوە و هەڕەشەی نەمانی لێ دەکرا و بۆخۆیشی بوبووە قۆچی قوربانی بەرژەوەندییەکانی ئەورووپای ڕۆژاوا ، کە هەموو دروشمە بریقەدارەکانی مافی مرۆڤ و مافی چارەنووس و ئازادی و دیموکراتیی لە بیر چووەوە و تەنها ئەو بۆنی نەوتەی کەوتبووە بەر لووت کە لە ناوچەکەدا هەبوو، هێشتا هەر تووشی نائومێدی و ڕەشبینی نەبوو.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد سەرەڕای ئەو گشت ژێرکەوتنانەی تووشی هاتن، پێش جەنگی یەکەم و لە ناو هەردوو جەنگدا، توانیی بکەوێتە خۆی و دوو تاقیکردنەوەی مێژوویی بهێنێتە کایەوە، یەکەمیان «حوکمداریتیی شێخ مەحموود» بوو، دووەمیشیان «کۆماری مەهاباد». بەڵام هەردوو تاقیکردنەوەکە لە جغزی شارێک نەچوونە دەرەوە - سلێمانی و مەهاباد - هەردووکیشیان کران بە قوربانی پیاڵەیەک نەوت. حوکمداریتیی شێخ مەحموود لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی (سایکس-پیکۆ) و کۆماری مەهابادیش دوای کەمتر لە ساڵێک بە پیلانی ستالین و ئەشرەف پەهلەویی خۆشکی شای ئێران ڕەشکوژ (اغتیال) کرا.

### پاش جەنگی دووەم

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەم و ڕووخانی فاشیەت و نازیەت و سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان و دامەزراندنی دەوڵەتە سۆسیالیستەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و سەرکەوتنی شۆڕشی چین بە سەرۆکایەتیی ماوتسی تۆنگ، ئەمانە هەموو بوونە هەوێنی بەهێزکردن و بڵاوبوونەوەی بیری مارکسی لە ناو توێژی ئەنتلجنسیای کورددا، جگە لە چەند هۆیەکی دیکەی وەک:

١- هەموو تاوانەکانی نازیەت و فاشیەت درانە پاڵ بیری نەتەوایەتی، ئەمەش هاندەرێکی باش بوو بۆ پڕۆپاگەندەکردن دژی بیری نەتەوەیی.

٢- کەرەنای پڕۆپاگەندەی بەرەی ڕۆژهەڵات و سۆڤیەت و حیزبە شیوعییەکانی ناوخۆ، بەوەی کە «شیوعیەت» سەرکەوتنێکی مەزنی وەدەست هێناوە، وەک بڵێی تەنها ئەوان دوژمنی نازیەت بووبن و هەر ئەوانیش جەنگیان دژ گێڕابێ، لە کاتێکدا هەموو جیهان دژی نازیەت بوو و هەموو ئەورووپا و ئەمریکاش جەنگیان دژ دەگێڕا و سەرکەوتن سەرکەوتنی هەمووان بوو نەک لایەنێک بە تەنها.

٣-کەڵک وەرگرتن لە بارودۆخی دواکەوتویی کوردستان لە ڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و سیاسییەوە بۆ بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگەندە کردن بۆ شیوعیەت.

٤- کەڵک وەرگرتن لەوەی ئەو بزووتنەوە و ڕێکخراوانە کە لە کوردستاندا هەبوون و بەناو «نەتەوەیی» بوون و هەندێ لە سەرکردەکانیان ئاغا یان شێخ بوون، ئەمەش بەسە بۆ ئەوەی شیوعییەکان دەس بکەن بە توورەکە پڕ لە تانە دڕۆکەیاندا و «کۆنەپەرست»، «ئاغا»، «دەرەبەگ»، «ڕاستڕەو و...هتد لێ دەربهێنن و بیدەنە پاڵ ئەو بزووتنەوە و ڕێکخراوانە.

٥- ئەو نامۆیی‌یە نەتەوەیی‌یەی پێشتر باسمان کرد کە نەتەوەی کوردی دووچاری کۆمەڵێ گرفتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کردبوو، جگە لەو ئەنجامە خراپەشی کە بریتی بوو لە کەمهۆشیی سیاسی و لاوازیی هەستی نەتەوەیی.



٦- بەڵام بە بڕوای من باشترین هەل و دەرفەت کە بۆ مارکسیستەکان هەڵکەوت، هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول بوو لە بەهاری ١٩٧٥دا. ئەو هەرەسە بووە هۆی ئەوەی بەرەی مارکسیزم بیقۆزێتەوە و بیکاتە داردەستی پاچهەڵگری ڕووخاندنی بیری نەتەوەیی، بەوەی کە کوردایەتی هیچی بە هیچ نەکرد و ناکا و سەرکردەی عەشایەری و بۆرژوازی ناتوانێ تا سەر ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانی و نەتەوەیی جێبەجێ بکات و بیگەیەنێتە ئەنجام.

بێگومان، هەموو ئەمانە دەگوتران و دەکران بێ گوێدانە پێودانگی توێژینەوەی زانستییانەی لێدوان و لێکۆڵینەوە لەو هەرەسە کە ئەنجامی پیلانێکی گڵاوی نێودەوڵەتیی دژ بە کورد بوو و هەردوو ئۆردوگای سەرمایەداری و سۆسیالیستیی تێدا بەشدار بوون.

ئەوە بوو هەرچی ڕێکخراوێک لە ساڵی ١٩٧٦بەدواوە دروست بووە دەبووایە نازناوی سۆسیالیستیی بۆ خۆی دابنایە وەک پاکانە و پاسەپۆرتی پەڕینەوە لە پردی کۆنەپەرستی و عەشایەری و بۆرژوازییەت بەرەو ڕۆخە پڕ لە هیوا و ئاواتەکانی سۆسیالیزم و پێشکەوتنخوازی و بەرەی گەلان!!. لەو ڕێکخراوانە ، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کە پاشان بوو بە حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەران، حیزبی زەحمەتکێشان، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، تەنانەت پاسۆکیش کە حیزبێکی نەتەوەیی بوو، ئەویش سۆسیالیستێکی بە خۆیەوە نووسان بۆ ئەوەی لە تاوانی گۆشەگیریی نەتەوەیی و کۆنەپەرستی ڕزگار بێ.

ئەمە نەخشەی سیاسیی کوردستانە تا ئەمڕۆ کە بیری مارکسیزم - بە هەموو لقەکانیەوە - تیایدا تاکە سواری مەیدانە و یەک ڕێکخراوی بەناو نەتەوەییشی تێدا نییە، ڕەنگە هەندێ کەس لێرەدا ناوی «کاژیک» یان «پاسۆک» بهێنێتە ئاراوە و بڵێن: خۆ ئەمانە ڕێکخراوی نەتەوەیی بوون، پاشانیش لەوانەیە هەبێ باسی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بکات، بۆیە بە پێویستی دەزانم هەندێ لەو سێ حیزبە بدوێم.

**کاژیک**: ڕێکخراوێکی بەناو نەتەوەیی بوو، بەڵام کۆمەڵێک هۆ هەبوون کە ڕێگەیان لە گەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی ئەو حیزبە دەگرت وەک:

١- ئەو ڕێکخراوە لە یەکەم ڕۆژەوە بە ئیفلیجی لەدایک بوو، ڕێکخراوێک بوو هیچ بنەمایێکی فیکری و فەلسەفیی نەبوو، بەڵکە لەناو کۆمەڵێ هیوا و ئاواتی ئایدیالی و تۆباویدا نوقم بووبوو و زیاتر لە وڕێنەی وشکەسۆفییە گۆشەگیرەکان دەچوو.

٢- سەرکردەکانی کاژیک ڕەنگە کۆمەڵێکی دڵسۆز و کوردپەروەر بووبن، بەڵام ئەو تۆباویەتە کە مۆرکی بیروباوەڕەکەیان بوو پابەندی کردبوون، ئەمە جگە لەوەی هیچ کامێکیان مرۆڤی لێهاتوو و شۆڕشگێڕ نەبوون، بەڵکە زیاتر لە «حلقە»یێکی ڕۆشنبیری دەچوون کە تەنانەت لەناو خۆشیاندا نەیاندەوێرا باسی فیکرەکەی خۆیان بکەن. ئەو ترسنۆکییە وای کرد کە ئەو ڕێکخراوە چۆن بە مردوویی لە دایک بوو ئاواش لەناو بچێ بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێ یان جێدەستێ بەسەر کۆمەڵی کوردەوارییەوە بەجێ بهێڵێ. پێویستیش ناکا باسی پەروەردەکردنی نەتەوەیی بکەین، چۆنکە ئەوانەی کە خۆیان بە سەرکردە دادەنا لەناو خۆشیاندا نەیاندەوێرا باسی بیروباوەڕی خۆیان بکەن، ئیتر چۆن چاوەڕوان دەکرێ خەڵکی پەروەردە بکەن؟ جەمال نەبەز کە نووسەری کاژیکنامەیە و ئەو گشت قسە زل و قەڵەوانەی نووسیبوو، لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٦١ خاکی کوردستانی بەجێ هێشت و وا سی و دوو ساڵە سەرێکی بە کوردستاندا نەکردووەتەوە، سەیرەکەش لەوەدایە کە تا ئێستاش بە شان و باڵی کاژیکدا هەڵدەدا و خۆی

به ڕدێن سپی و کوێخای نەتەوەییەکان دەزانێ و هەندێ دەروێشی گەمژەشی هەیە لە ناو کوردستاندا.

ئێمە پێمان وایە بۆ هەر کەسێک رەوا بێت خاکی کوردستان و گۆڕی خەبات بەجێ بهێڵێت، بۆ مرۆڤی نەتەوەیی نەک رەوا نییە، بەڵکە تاوان و ترسنۆکییە.

پاسۆک : ئەگەرچی پاسۆک لە ڕووی بیروباوەڕ و شۆڕشگێڕییەوە زۆر پێش کاژیک کەوتبوو، لە زۆربەی دەرد و نەخۆشی و کەموکورتییەکانی ئەو ڕزگاری بووبوو، بەڵام ئەمیش وەک کاژیک نەیتوانی گەشە بکات و ببێتە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی ئەوتۆ کە جێگری هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی وردە بۆرژوای کورد بێت «وەک دامەزرێنەکانی بە هیواو و ئاوات بوو»، ئەمەش بە بڕوای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی خودی و بابەتی کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیارییان دەکەین:

١- پاسۆک حیزبێکی شۆڕشگێڕی پاک و پوختە بوو و دامەزرێنەرەکانی چەند لاوێکی خوێنگەرم، چاونەترس و دڵسۆزی ڕاستەقینەی بیری نەتەوەیی و کوردایەتی بوون. بەڵام هەر زوو دووچاری لێکترازان و جیابوونەوە بوون و ساڵێکی نەخایاند دوو ئەندامی سەرکردایەتییان گیران - فەرهاد و ئازاد - پاشانیش کە بەربوون چوونە شاخ و بێ ئەوەی تا ئێستا ئاشکرا بێت لەسەر چی بوو حیزب (انشقاق)ی تێکەوت و ئەندامێکی سەرکردایەتی سەری خۆی هەڵگرت بۆ سوێد و یەکێکی دیکەش بۆ سووریا و تەنها شەهید ئازاد مایەوە لەناو کۆمەڵێ ئەفسەری عەسکەر و پۆلیسدا. واتە حیزب لە سەرەتاوە مۆرکی عەسکەرتاریای بەخۆیەوە گرت و وردە وردە دەسەڵات و «نفوز»ی شەهید ئازاد کەم دەبووەوە تا مردنە ناکاوەکەی بە تەواوی کۆتاییی بە حیزب هێنا و کردی بە بووکە شووشەی بێگیانی دەستی عەسکەرتاریا.

٢- هەر لەسەرەتاوە پاسۆک هەڵەیێکی مێژوویی‌ی کرد و هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە حیزب گەشەی نەکرد و نەیتوانی وەک فیکر و ڕێکخستن لە گۆڕەپانی کوردستاندا جێی خۆی بکاتەوە، ئەو هەڵەیەش دروستکردنی مەفارزی چەکدار بوو. پاسۆک یەکەم ڕێکخراو بوو دوای هەرەسەکەی ساڵی ١٩٧٥ مەفرەزەی چەکداری دروست کرد، پاش ئەو، ئەوجا بزووتنەوە و کۆمەڵە پەیدا بوون کە لە دواییدا یەکێتیی نیشتمانییان پێک هێنا، ئەمەش وای کرد ئەو حیزبانە بکەونە خۆیان بەتایبەتی کۆمەڵە و یەکێتی بۆ لەناوبردنی پاسۆک، یان هەر هیچ نەبێ بۆ (تحجیم)کردنی و ڕێگەکرتن لە بڵاوبوونەوەی بیر و بۆچوونەکانی و گەشەکردنی -لە ڕاستیشدا یەکێتی ئەم کارەی بەرامبەر گشت ئەو حیزب و ڕێکخراوانە کرد کە دوای هەرەسەکە هاتنە گۆڕەپانی خەباتی چەکدارییەوە.

٣- پاسۆک کۆمەڵێ لاوی نەناسراو لە گۆڕەپانی سیاسەتدا دایانمەزراند. مەبەستیشمان لە نەناسراو پەیوەندیی دەرەوە و عەشایەری و دەستەڵاتدارانی ناوخۆش، جگە لەوەی بێ دەرامەت و بێ چەک و بێ یارمەتیش بوون و کەوتنە ناو کۆمەڵێ قاچاخچیی سیاسەتەوە کە چەندین ساڵە بازرگانی بە مەسەلەی کوردەوە دەکەن و بە هەزاران سەرەداوەوە بە دەرەوە بەسترابوون و هەر ئەمانەش بوون پاشان حیزبەکانی دوای هەرەسیان دروست کردەوە وەک مام جەلال و بنەماڵەی بارزانی و سامی عەبدولڕەحمان و...هتد، بۆیە بە هەموویان دژایەتیی ئەو کۆمەڵە لاوەیان کرد و ئەگەر - لەبەر هەر هۆیێک بێت - لەناویان نەدان، توانییان لە قەوارەیێکی بچووکی بێ دەستەڵات و بێ تواناییدا بییانهێڵنەوە.

٣- مردنی ناوادەی شەهید ئازاد کە تاکە ڕۆشنبیری خاوەن توانا و خاوەن فیکری ناو



حیزب بوو «لە شاخ» و زۆربەی هەرەزۆری، ئەگەر نەڵێم هەموو، نووسین و پەخشنامە و بەیاننامەکانی حیزب بە خامەی ڕەنگینی ئەو دەنووسران. ئەم مەرگە لەپڕ و چاوەڕواننەکراوەی ڕابەر و سەرکردەی حیزب بە تەواوی حیزبی ئیفلیج کرد و کردی بە بووکە شووشەی بێگیانی دەستی عەسکەرتاریا (بەتایبەتی کەریم و شوان)، ئیتر حیزب وردە وردە بەرەو پووکانەوە و نەمان چوو تا دوای ڕاپەڕین ئەو عەسکەرییانە بە یەکجاری حیزبیان کفن و دفن کرد. سەرەتا کۆمەڵێ پیاوی ناپاکی بەعسیان هێنایە ناو سەرکردایەتیی حیزبەوە و سەرکردە دڵسۆز و دامەزرێنەرەکانی حیزبیان دوورخستەوە، پاشانیش کۆنگرەیێکی ناشەرعییان بەست و حیزبیان بەتەواوی لە بیرو بۆچوون و ناوەڕۆکە نەتەوەیی‌یەکەی دابڕی و تەنانەت ناو و دروشمەکانیشیان گۆڕی و لە دواییشدا تێکەڵ بە دوو حیزبی دوور لە نەتەوە و نەتەوایەتییان کرد بە ناوی یەکگرتنەوە و ئیتر پاسۆک کۆتاییی پێ هات وەک حیزب.

## پارتی دیموکراتی کوردستان:

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی دامەزراندنی پارتی دەبینین نموونەی فیکری وردە بورژوای کوردە و کاڵای پڕبە باڵای ئەوانە. پارتی وەک هەمووومان دەزانین لە سەر دەستی کۆمەڵێ کادری هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم دامەزرا و پاشانیش هەرچەندە لەساڵی ١٩٥٩ بەدواوە بە کاریگەریی بارزانی بەرەی مارکسیستەکان لەناو پارتیدا نشوستییان هێنا، بەڵام پارتی هەر لە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیدا ئەو ماددەیەی هێشتەوە کە دەڵێ کەڵک لە بیروباوەڕی مارکسیزمی یان (تێورە زانستییە پێشکەوتنخوازەکان) وەردەگرێ کە هەر مەبەست مارکسیزم بوو، ئەمە جگە لەوەی تەنانەت لە شانەکانیشدا مارکسیزم دەخوێندرا و (مناقشە) دەکرا. هەموو ئەمەش هەر بۆ ئەوە بوو پارتی پاسەپۆرتی پێشکەوتنخوازیی لێ نەسێنرێتەوە کە لەو سەردەمەدا حیزبە شیوعییەکان وەک (صک الغفران) بە خەڵک و حیزبی جیا جیایان دەبەخشی. هەرچەندە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەڵوێستێکی لاوازی خۆبەکەمزانینی پارتی بوو کە ئاکارێکی (صفە) سەرەکیی وردە بورژوایە، بەتایبەتی وردە بورژوای کورد کەوا گۆش کراوە چاوی لە دەستی بێگانان بێت و گوێ قوڵاغی بیروباوەڕی نامۆی لە دەرەوە هێنراوبێت تا تۆمەتی ڕاستڕەوی و دواکەوتنخوازیی لێ دوور بخاتەوە و پاسەپۆرتی چەپڕەوی و پێشکەوتنخوازیی پێ ڕەوا ببینرێ. ئەمەش مۆرکی تایبەتیی ئەو نامۆیی‌یە نەتەوەیی‌یەیە کە لە سەرەتادا باسمان کرد، بۆیە پارتی هیچ کاتێ نەیتوانیوە هەڵوێستێکی تایبەتی دژ بە کۆمۆنیزم یان مارکسیزم هەبێت لە کوردستاندا، ئەگەر جاروبارێک ئەو هەڵوێستەی هەبووبێ ئەوا بە زووترین کات خۆی لێ پاک کردووەتەوە و هۆ و بناغەی ئەو هەڵوێستەی داوەتە پاڵ زیادەڕۆیی و بەرەڵایی‌ی هەندێ لە ئەندامەکانی. لە ڕاستیشدا پارتی وەک حیزب هیچ ستراتیجی و تاکتیکی زانستییانەی نەبووە و نییە، بەتایبەتی دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ عیراق و دەستەڵاتگرتنەوە دەستی ئەو لە ناو حیزبدا کە وای کرد حیزب ببێ بە (مرادف)ی بارزانی و بە تەواوی مۆرکی عەشایەری وەربگرێ کە تا ئێستاش و دوای کۆچکردنی بارزانی نەک کەم نەبووەتەوە بەڵکە زیاتریش بووە. هەر کەسایەتیی بارزانیشە ئەمڕۆ جەماوەری لە دەوری پارتی کۆ کردووەتەوە وەک حیزبێکی گەورە لە باشووری کوردستاندا و هۆی مانەوە و بەردەوامبوونی بۆ ڕەخساندووە. لەبەر ئەوە بزووتنەوەی نەتەوایەتی ناتوانێ هیچ کاتێ پشت بە پارتی ببەستێ وەک پاڵپشت و یاریدەری بزووتنەوەکە و هێنانەدیی هیوا و ئامانجە نەتەوەیی‌یەکانی کورد حسابی بۆ

بکا. ئەمە جگە لەوەی نەک پارتی، بەڵکە هەموو حیزبەکانی بەرەی کوردستانی کەوتوونەتە داوی کاریگەریی ڕۆژاوا و ناتوانن هیچ هەنگاوێکی سەربەستانە و بە ویست و ئیرادەی خۆیان بنێن و بە درێژایی مێژووی ئەم حیزبانە، چ پارتی و چ ئەو حیزبانەی دوای هەرەسی ١٩٧٥ دامەزران، هەر چاویان لە دەستی بێگانە بووە و دەیان بەڵگەی دروستکراو و بەهانەیان هێناوەتەوە بۆ ئەم هەڵوێستەیان، وەک هەڵکەوتنی شوێنی جۆگرافیای کوردستان (جیۆسیاسی) و بێکەسی و بێدۆستیی کورد. لە ڕاستیشدا، بە ڕای ئێمە، هیچ خیانەتێکیان لە خۆیان و لە نەتەوەکەیان نەکردووە، چونکە ئەو حیزبانە دەستکردی وردەبۆرژوای کوردن و خاسیەتی وردە بۆرژواش هەر نۆکەری و خۆبەکەمزانینە. لەم ڕاستییانەی سەرەوە دەگەینە یەک ئەنجام کە پارتی ناتوانێ پێشەنگایەتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بکات ئەگەر لەم حاڵ و بارەی ئێستایدا بمێنێتەوە.

حیزبە سۆسیالدیموکرات و مارکسیستەکانیش هەر ناتوانن، چونکە نە بڕوایان بە نەتەوە هەیەو نە بە خەباتی نەتەوایەتی، با گۆڕانی سیاسی و هەرەسهێنانی بەرەی کۆمۆنیزم ناچاریشیان بکات هەندێ دروشمی نەتەوەیی بەرز بکەنەوە و وای پێشان بدەن گوایا دڵسۆزی نەتەوەن و هەوڵی دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد دەدەن ! کە واتە چی بکەین !؟.

ئێمە بڕوای تەواومان بە کورد هەیە وەک نەتەوەیێکی بلیمەتی خاوەن توانا و وزەیێکی لەبن نەهاتووی شاراوەی ژێر هەزاران کۆسپ و تەگەرەی مێژوویی و سیاسی، بڕوامان بەوە هەیە ئەگەر کورد لەو کۆسپ و تەگەرانە ڕزگار ببێ و سەرلەنوێ مێژووی کورد نەتەوەییانە بنووسرێتەوە و وەچەی کوردی داهاتووی پێ پەروەردە بکرێ و تەوقی پۆلاینی « نامۆییە نەتەوەییەکە » بپچڕێنێ، ئەوسا دەردەکەوێ کورد چەندی لەباردایە و چەند لێهاتوو و زیرەک و بلیمەتە.

بۆیە سەرشاری خەباتی ئێمە لە بیر و دروشمی نەتەوەییانەوە دەست پێ دەکات و بڕوامان وایە کە ئاواتی نەتەوەی کورد لە ڕزگاری و یەکگرتنەوەی و سەربەخۆیی کوردستانادا تەنها بە حیزبێکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕ دەکرێ، حیزبێک بتوانێ خۆی لە هەموو کەم و کوڕی و نەخۆشییەکانی وردە بۆرژوای کورد و حیزبەکانی ئەوان ڕزگار بکات و چیتر ڕێگە نەدات مەسەلەی کورد بە دەست (محترف)ەوە لە سیاسییەکانی وردە بۆرژوای کوردەوە ببێتە مایەی بازرگانی و قاچاخچیەتی و هەراجکردن لە بازاڕی سیاسەتدا. حیزبێک جڵەوی سیاسی و فیکریی بە دەست خۆیەوە بێت و نەبێتە کلک و پاشکۆ بۆ هیچ لایەن و دەوڵەتێک، هەمیشە ستراتیجیەتێکی ڕوون و ئاشکرای هەبێت و تەکتیکی سیاسی و عەسکەریی لە خزمەت ستراتیجیەکەیدا بێت و بتوانێت زیرەکانە ناکۆکی و ناتەباییی دەوڵەتە داگیرکەر و دراوسێکانی کوردستان (استغلال) بکات بۆ بەرژەوەندی کورد و هێنانەدیی ئاواتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی.

جا کە ئەمڕۆ بە هۆی ئابڵۆقەی سیاسی و عەسکەری و فیکری و ڕۆشنبیریەوە کە لەلایەن حیزبەکانی بۆرژوای کورد لە باشووری کوردستاندا، ڕێگە لە پەیدابوون و گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی و حیزبی نەتەوەیی گیراوە، جگە لە کەمدەرامەتی کە وای کردوە کەسانی نەتەوەیی نەتوانن بەیانێکیش بە نهێنی دەربکەن، ئەگەر ئەمانە ئەمڕۆ تەگەرە بن، بەڵام لە هەمان کاتدا هۆی کاریگەر و بزوێنەری گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی و هیوا و ئاواتی نەتەوەیین لە ناو کۆمەڵانی میللەتەکەماندا و بڕوای تەواویشمان هەیە کە دواڕۆژ هەر بۆ بیری نەتەوەییە، کە ئالاهەڵگری ڕزگاریی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی خاکی کوردستانە، هەر لە زەریای ناوەندەوە تا دەگاتە کەنداوی فارس.



# ژیلا حوسەینی

## سێتار

دڵی تەنگم سێتارێکە
کاتێ پەنجەی خۆشەویستیت
تاڵی کەزیەی تاسەکانی ئەبزوێنێ
لەو ساتەدا
یادی دووریت
دڵی ماندووی ئەلەرزێنێ
مۆسیقای خەم لێ ئەدات و
پڕ بە زاری ، شیعرێکی نوێ
ئەچریکێنێ .

١٣٧١

## خەندە

ئازیزەکەم یادی کردووم
ئەم جارەشیان مۆسیقای ژین
بە ئاهەنگێ شادی کردووم

خۆرەتاوی هیواکانم
لەسەر لووتکەی پێکەنینا
گرشەوپرشەی ڕازی پێیە ،
دیسانەوە
پەپوولەی حەز ، شەمی تاسەم ئەدوێنێت و
دەمی شیعرم پڕ خەندەیە .

ئازیزەکەم یادی کردووم
ئەم جارەشیان
مۆسیقای ژین بە ئاهەنگێ شادی کردووم .

٢٥- ٦- ١٣٧٢

## مەلەک خاتوون

بەژنی چەماوەی شادی تۆ
چەندە بێڕەنگ لە ڕەنگی پرسە ئالاوە
دەنگی ناڵەت
لە کوولەکەی بێدەنگیدا هەڵهێناوە ..
دادە مەلەک
لە پەنجەرەی مێشکێکی پڕ لە هیواوە
چاوی ڕەشت بڕیوەتە ئاسۆیەکی
دوورەپەرێز
بۆ هاودەنگێ
لانی کەم بۆ تەنیا ساتێ
ئامێز بۆ هاوارەکانت بگرێتەوە
فرمێسکی وشکەوەنەبووی
چاوەکانت بسـڕێتەوە

* * *

مەلەک خاتوون
تۆ ئەی کیژە ڕەشپۆشەکەی شاری بۆکان
دڵنیا بە
سەمفۆنیای ژین ، تا هەتایە
ئازارەکەت
بەدەم سروودێ تازەوە
پڕ بە دۆڵی کوێستانێکی رووبارخنکاو
ئەچڕێتەوە ،
شاعیرێکی سەوداسەری هاوزمانت
بە سەد زمان
ئاوازی کچەڕەشپۆشی بێدەسگیران
بۆ خەڵکوخوا ئەڵێتەوە
دڵنیا بە .

١٥- ٥- ١٣٧٢

# دیوانی
# شێخ ڕەزای تاڵەبانی

### عەشرەتی جاف

خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا
مێرووڵە نەچێ چاکە بە گژ قوللەیی قافا
کێ بێ لە دلێرانی عەشایر کە نەچووبێ
وەک تیری ئەجەل نووکەڕمی جافی بە نافا
خوێنڕێژ و شەڕەنگێز و عەدووبەند و تەنوومەند
کامیان کە گەنە شێرە لە مەیدانی مەسافا
چونکە ڕەسەنی ورد و درشتیان هەموو جەنگین
مەی سارییە نەشئەی چ لە دڵدا چ لە سافا
وا بێ غەم و پەروا دەچنە عەرصەیی هەیجا
تۆ ناچییە سەر دۆشەکی بووکی لە زەفافا
( یبغون الی الامر صغارا و کبارا
یسعون الی الحرب ثقالا و خفافا )
وەسمان بەگیان ئامرە وەختێ کە بڵێ دەی
دێنە جەوەلان هەر وەکوو حاجی لە تەوافا
خواهم ز خدا اینکه شود دشمن جاهت
کۆتی لە دەسا، دەس لە ملا، مل لە تەنافا
لوطفێ بکە با شـێخ ڕەزا بێتەوە گوفتار
حەیفە بڕزێ تیغی موجەوهەر لە غیلافا

### کاکە جاف کوڕی کەریم ئاغا

شیرین وەکو خوسرەو پسەری هورمزە جافە
چاو مامزە ، لێو قرمزە ، ئیمانسزە ، جافە

....................................................

بورهانە لەسەر قودرەتی حەق ئایەتی حوسنی
بۆ دەعوەیی ئیسباتی خودا موعجیزە جافە

....................................................

تەنیا نە ڕەزا بۆی بووەتە بەندەیی فەرمان
فەرمانی لەسەر شاه و گەدا نافیزە جافە.



جارێ خانمی وەسمان پاشا قەول ئەداتە شێخ ڕەزا کە ئێسترێکی بۆ ئەنێرێ. ئەو ئێسترەئەمرێ ، ئەمجا خەبەر ئەداتە شێخ کە ئەو ئێسترە مرد، چی ئەڵێیت ئێستری زیندووت بۆ بنێرم یا مردووەکەت بۆ بنێرم.

ئێستری زیندوو بڵێم ، بۆم چاکە ، یا مردووم دەوێ
ئیحتیاجم زۆرە خانم با بڵێم هەردووم دەوێ
بێچووەکانم سەر لە صبحەینێ هەموو دەورم دەدەن
ئەو ئەڵێ پوولم نەماوە ، ئەم دەڵێ بێچووم دەوێ
با وجوودی ئەم هەموو تەکلیفە گێژیان کردووم
کوڕ خەیاڵی ژن ئەکات و کچ دەڵێ من شووم ئەوێ

* * *

بە جێ ما کاکە جاف خۆی و کڵاوی
دەری کرد ئافەرین خدری گڵاوی

* * *

ئەسبابی طەرەب زیر و بەمە ، ئەی بەگی جافان !
بەزمێ بگرین چاکە ، لە من زیر و لە تۆ بەم

### قەڵادزێ

بەدە ئاب و هەوای قەلعەدزە
کە سەگیشی لە عومری خۆی وەڕزە
ملی ئەهلی لەبەر لەڕی و چرچی
هەر وەکوو کێری پیری پشت لە کوزە.

### ماڵ مودیری

ماڵ مودیری ، کە خەڵکی هەولێـرە
هەر وەکوو موویی خایە بێخـێـرە
صوورەت و سیرەتی لە پیاو ناچێ
ئەو قوڕومساغە مێیـە یا نێـرە

....................................................

وتی یا شێخ ! ئەمان مەکە مەنعی
ئەهلی قۆنییان بە قوونی ئەو فێـرە
نییە باکم گەر ئەو خەبیســە بڵێ
ئەوە ئەشـعاری ( لامیع ) ی کـوێـرە .

# پەڕی سیمورغ

مەنسوور یاقووتی

وەرگێڕانی: کامەران قازی

هەموو شەوێک ، جانەوەرەکە بە سۆراغیەوە دەهات . ڕێگەی هەڵاتنی نەبوو، دەمی ئەشکەوتەکە بە گابەردێ بەسترابوو. ئەویش لەو گۆشە تاریکەدا، دەلەرزی. بە ترسەوە لەو دەلاقەیەی دەڕوانی کە جانەوەرەکە لەوێوە دەهاتە سۆراغیەوە. پاڵی ئەدا بە دیوار و بەردێکی ساردەوە، چنگی لە بەردە سەخت و گرنجگرنجەکان گیردەکرد. پێ ڕووتەکانی درێژ دەکرد تا جانەوەرەکە، ئەشکەنجەی خۆی دەست پێ بکات. هیچ ڕۆشناییەیەک لەو گۆشە تاریکەی نەئەدا . بەردەکان تەنانەت نیشانەیەکیان لە (گوڵی بەرد)یش لەسەر نەبوو. لەوێدا چڵەگیایەک نەدەبینرا. لەسەر بەردەکان تەنیا شوێنەواری خوێن بوو، وردە ئێسقان. لەسەر دیوارەکانیش چەندین یادگار کە بە بەردی نووکتیژ یا بە خوێن نووسرابوون.

جانەوەرەکە لە کەنغەر دەچوو، تەنیا ئەوە نەبێ کە دەستەکانی وەک دوو قامچی درێژ بوون و ڕوخساری وەک کەمتیار و چاوێکی درشت و خوێناویی هەبوو، کوڵکن بوو، کینە لە دڵ و توورە. کە کاتی ئەشکەنجە دەهات، هەناسەی سوار دەبوو، لە ترسان دانە چۆقەی پێ دەکەوت، بێئومێد بوو لە هەڵاتن، هیوابڕاو لە ئازادی چاوی لە بنمیچی نزمی ئەشکەوتەکە دەبڕی. جانەوەر ددانە تیژەکانی لە بنی پێیدا نوقم دەکرد و دەمارەکانی دەکرۆشت . هەندێ جار ئێسقانێ دەکەوتە ژێر ددانەکانی و خرچ خرچ ، وردی دەکرد. دەیقیژاند، سەدای قیژەی بەرز و تۆقێنەری لەناو ئەشکەوتەکەدا پێچی دەخوارد و، جانەوەر زمانە مشارییەکەی دەهێنا بە بن پێی خوێناویی ئەودا و، پاشان دەستە قامچی ئاساکانی، کە سەخت و قورس بوون، بە تەواوی هێزیەوە بە بنی پێکانیدا دەکێشا. لەگەڵ پێکێشانیاندا، مێشکی دەشڵەقا. هێزێکی نادیار لە دەروونیەوە، تەوژمیان دەخستە سەر چاوەکانی تا دەرپەڕێن. گورچیلەکانی خوێنیان دەپالاوت. سیستەمی دەمارەکانی، وەک زنجیرەی ئاگر دەسووتان و گیانی تاگرتوویان هان ئەدا بۆ گریان و ناڵە و فوغان، لقەدارێکی پەیداکردبوو، دەیخستە نێوان ددانەکانیەوە و توند گازی لێ دەگرت. جانەوەر لەسەرخۆ بە دیانەکانی گۆشتی بنی پێی تیکەتیکە دەکرد. وردە وردە، ئێسقانی پێ ئاوساوەکانی، کە هەریەکەیان بە قەد سەرینێ ئاوسابوون، دەکرۆشت. زمانە مشاراساکەی بەناو گۆشت و پێست و ئێسقاندا دەچەرخاند ، دەستەکانی بە تەواوی هێزەوە دادەهێنایەوە. ئەو قامچیانە ئەگەر بدرانایە لە بەردی ئەشکەوتەکە ورد دەبوون. ئەو قامچیانە ئەگەر بەر بەردی ئەشکەوتەکە بکەوتایە هاواریان لێ بەرزدەبۆوە. ئەو قامچیانە ئەگەر بدرانایە لە زەریا، زەریا یەک پارچە دەبووە شەپۆل.

نەیدەزانی ئەشکەنجەدان چەندی دەخایاند، زەمان لەوێدا مانایەکی نەبوو، زەمان لەوێدا وەستابوو، شەوێکی پڕ لە کێم و خوێناوی و پڕ لە هاوار و ناڵە و دەرد خۆی دەسەپاند بەسەر ئەشکەوت و ئەو گۆشە تاریکەدا و جووڵەی نەدەکرد. هاواری دەکرد و لقە دارە وشکەی ژێر دیانی گاز لێ دەگرت و شەپۆلی ژان و دەرد وەک ڕووبارێ



ئاسنی تواوە، لە بنی پایەوە تا تەوقی سەری هێرشی دەهێنا. لقەدارەکەی فڕێ ئەدا و هاوارێکی وای دەکرد کە دیواری ئەشکەوتەکە دەلەرزی.

هێلانەی سیمورغ لەسەر قوللەی قاف بوو، کە لە دوورەوە لە خەرمانەی بەفر و تەمدا لەژێر تیشکی هەتاودا ئەدرەوشایەوە. دەبوو ڕووبار و زنجیرەی چیای سەخت و بڵند ببڕن و بە کوێرەڕێی ڕاکشا و بەسەر زەرد و هەڵەمووتدا بڕۆن و لە پێچی لە موو باریکتر بپەڕنەوە. لە هەر هەنگاوێکیشدا بەرەو پیری مەترسییەک دەچوون. حەوت خوان کە ڕۆستەم گرتی و ئەسفەندیار بەسەریا زاڵ بوو، بە بەراورد لەگەڵ ئەو مەترسییانەی لەڕێی ئەماندا، خۆی لە بۆسە نابوو، هیچ نەبوو، ئەوان دەبوو لە هەزار خوانی پڕترس و خەتەر تێ بپەڕینایە تا بە دیاری سیمورغ دەگەیشتن. لە هەر هەنگاوێکدا جادووگەرێ، لە هەر هەنگاوێکدا دێوێ، لە هەر هەنگاوێکدا داوێک و دەسیسەیەک و دڕەندەیەک، بەڵام ئەوان بڕیاریان دابوو، کە بچنە خزمەت سیمورغ و پەڕی پیرۆز بێنن و بگەڕێنەوە.

لە هەر جێگایەک کە پشوویان ئەدا، تا هەناسەیەکی نوێ بدەن و گەردی ماندوویی لە ڕوخساریان بتەکێنن و لێویان بخەنە سەر گۆنای ئاوی زوڵاڵی کانییەک، جادووگەری ژیان بە جلوەیەکی نوێ و ڕەنگێکی نوێوە دەهاتە پێش و بەرامبەریان دەستی دەکرد بە خۆنواندن.

ئەوان ماندوو، ماندوو، چاویان لە قوللەی قاف دەبڕی، لەوێدا کە سیمورغی شکۆدار لە کەناری سەرروویەکی باڵابەرز و سەوز و مەزندا دەژیا. سەرەتای ڕێگا، یەکێکیان بووە دیلی وەسوەسەی جادووگەری ژیان:

- تا قوللەی قاف ڕێگایەکی دوورە!
- ئەگەر هیممەت بکەین دەگەین.
- خەڵکانی دی هیممەتیان کرد و نەگەیشتن.
- ئێمەش تاقی دەکەینەوە.
- تاقیکراوە، نابێ تاقیی بکرێتەوە.
- لە ئەزموونی خەڵکانی دی سوود وەردەگرین.
- ئەم قسانە کۆن بوونە.
- بێزاریی تۆش، شتێکی نوێ نییە.

* * *

ئەوان هەردووکیان کەوتنەڕێ، بە ڕێگایەکی دیاریکراودا کە بەسەر لووتکە و هەڵەمووتی ترسناک و بە دەروونی جەنگەڵی چڕ و تاریک و بە قووڵایی دۆڵی چۆڵ و ترسئامێزدا تێدەپەڕێ. نەفەری دووهەم لە نیوەی ڕێدا ماندووبوو. بۆ ماندووبوونەکەشی پەڵپ و بەهانەی نەهێنایەوە، بە سپیدارێکی بەرزەوە پاڵی دایەوە و وتی:

- ماندووبووم ، توانای ڕێکردنم نەماوە.
- بە پشوودان ماندوێتیت دەردەچێت و دەکەویتەوە ڕێ.

نەفەری دووەم وتی:

- لەناخەوە ماندووبووم، کێشی دەروونیم نییە.
- بیر دەکەیتەوە بۆچی ماندووبوویت؟
- توانام ئەوەندە بوو، بۆ درێژەدان. مەبەست و ئامانجی بەهێزی دەوێ، من نیمە.

ئەو بەتەنیا کەوتەڕێ، دڵێکی بڵێسەداری هەبوو، پای بەهێز و پڕ لەتوانای لاوێتی.

* * *

قامچییەکان دادەهێنرانەوە، گڕێکی مەزن لە بنی پێکانیەوە، بەرەو ناخی بڵێسەیان دەسەند.

- هەڵسە!

هەڵسا، بەپێی خوێناوی و ئاوساو و لەت و پەتەوە، هەڵسا.

- ڕاکە!
-ناتوانم!

جانەوەر بە پا قورسەکانیەوە چووە سەر پەنجەی پاکانی. هاواری لێ بەرزبۆوە و تەپاوتل بەناو ئەشکەوتەکەدا تلۆربۆوە. قامچییەکان بەرەو پشتی داهاتنەوە. هەڵسایەوە.

- سیمورغ لە کوێیە؟ بۆچی ڕزگارت ناکا؟ ڕاکە!

ئەو لە دڵیا ناڵاندی! لە کاتی خۆیدا دێت.

* * *

– ئایا، ئەگەر بە تەنیا جێیان نەدەهێشتم، دوچاری سزایەکی ئاوا بە ئازار دەبووم؟

ئەژنۆکانی لە ئامێزگرت و چاوی لە تاریکیی ئەشکەوتەکە بڕی. جگەری لە تینووان گڕی گرتبوو، دڵی بۆ دڵۆپێ ئاو دەتوایەوە، تەوێڵی لە گەرمیی یاودا دەسووتا.

جانەوەرەکە ماندوو ببوو، ڕۆیشتبوو تا هێزێکی تێ بگەڕێتەوە و ئەوسا بێتەوە. ڕێگەی هەڵاتن نەبوو. لە درزەکانی ئەو گابەردەی کە دەمی ئەشکەوتەکەی بەستبوو بۆنی (گوڵی سوور) دەهاتە ناو ئەشکەوتەکەوە؟

١٩٩٠/٣/١٤

کرماشان



" مەنسوور یاقووتی، ساڵانێک لەمەوبەر، کاری داهێنانی خۆی بە شیعر دەست پێ کرد. پاشان وەک یەکێ لە چیرۆکنووسە پێشڕەوەکان، لە کۆمەڵگای فەرهەنگیی ئێمەدا، درێژەی بەم ڕێگایە دا. یاقووتی، چیرۆکنووسێکی بەتوانا و شاعیرێکی ئەندێشە فراوانە."

س. ع. صالحی گۆڤاری چیستا، ژمارە ٩ی ١٩٩٠

مەنسووری یاقووتی، نووسەر و شاعیری کورد، کە تاکو ئێستا بەرهەمەکانی بە زمانی فارسی بڵاوکراونەتەوە، نووسەرێکی بەبەرهەمە کە گشت نووسینەکانی لە ئازار و ژانی میللەتی کوردەوە سەرچاوەیان گرتووە.

ئەم چیرۆکنووسە دانیشتووی شاری کرماشانە.

ئەم چیرۆکەی کە کردوومانە بە کوردی لە ژمارە ٩ی ساڵی ١٩٩٠ گۆڤاری چیستادا بڵاوکراوەتەوە.

### لە بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

نەمام : چیرۆکێکی درێژ

داستانی دۆڵی ئاسک ( داستانهای اهودره) : کۆمەڵەچیرۆک

مانگ و پەرژین : شیعر

ئاسۆیەکی تر: ڕۆمان (دوو بەرگ)

لەژێر بەفردا : کۆمەڵەچیرۆک

قووڵایی : کۆمەڵەچیرۆک

گەنج و مار : چیرۆک ( بۆ لاوان)

چرایەک بە لووتکەی کۆماینەوە (چراغی بر فراز مادیان کوه) : چیرۆکێکی درێژ

منداڵانی کرماشان : دوو بەرگ (کۆکردنەوە و ئامادەکردن)

منداڵیی من (کودکی من) : چیرۆک

جووتیاران : ڕۆمان

ئەفسانەگەلێک لە دێنشینانی کوردەوە (افسانەهایی از دەنشینان کرد) ، کۆکردنەوە و ئامادەکردن .



# وەرامی دۆستان

بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە :

– جێژنی مەرگە (شیعر)،
– ئەم دیلخانە بە جێ دێڵم (شیعر)،
– جەولەی هاوین (شیعر)
– بەسەرهات (شیعر)
– دیاری (شیعر)،
– زەنگی ئاشتی (شیعر)،
– کۆچی مامۆستا هەژار (شیعر)،
– قسەی من بۆ یار (شیعر)،
– نەو وهار (شیعر)،
– شیعری گەوهەرینی حاجی قادری کۆیی زێڕی تێزابە هەرگیز ژەنگ هەڵناگرێ ( لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ) ،
– تەنانەت سەگیش مەڵبەندی خۆی خۆش دەوێ (کورتە چیرۆک)،
– مزگێنی (شیعر)،
– عەرووس نەورۆز (شیعر)،
– زەبروزەنگ (شیعر)،
– گەورەترین تاوانبارێک لە مێژوودا (شیعر)،
– سەمای دارستان (کورتە چیرۆک)،
– مەحاڵ (شیعر)،
– کارەساتەکانی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و تێرامانێک ( وتاری سیاسی)،
– لە چاکە ڕادەکەی (شیعر)،
– بۆچوونێک سەبارەت بە شیعر (شیعر)،
– بۆ ئەمجارە بە بێ ئالاین ؟ (شیعر) ،
– شەڕ و ئاشتی... لە ڕوانگەی شەهید " ساڵح یووسـفی" یەوە (وتار) ،
– مرۆڤ لە موجیزەکان دەترسێن ( پەخشانە شـیعر) ،

ببوورن کە ناتوانین بەرهەمەکانتان بڵاوبکەینەوە

# ئەلبوومی کوردەواری





مامۆستا نەجمەدین مەلا ( ١٨٩٨ ـ ٢٣ / ٤ / ١٩٦٣ )






# چاوترووکانی ساتە شێتەکان

عیساچیایی

شەپۆلێکم ، دەڕژێمە زەریای بوونەوە
بای بێدەنگی بە سەرمدا دەقیژێنێ .. و
ئۆقیانووسی کەبت و کپ بوون هەڵمدەمژێ ..
کەی ڕەوایە ..؟
کەی ڕەوایە ، بەرد و شووشە بجەنگن و
گوڵ بسووتێ..
کەی ڕەوایە ، تێکەڵ بین و
لەودیو دەروازەی شەوەوە
کەسێک هەبێ ، لە سەرمانا هەڵتووتێ ..!

***

ئەی شەپۆلە فریشتەکان
گەر ناتوانن
ڕێڕەوی ئەم سەرچاوانە وەرگەڕێنن
مەگەڕێنەوە مەداری زەلکاوەکان ،
گلاو مەبن ..!!

***

ئەم خەمانە لە کوێوە دێن ،
نایەڵن چاو بکەمەوە ..
لێم ناگەڕێن ..
تۆسقاڵێ بیر لەم گرفت و تەگەرانە بکەمەوە ...
ئەو خەونانە لە کوێوە دێن ،
بەسەر جەستەی ئەم گرێ و ئاستەنگانەدا
بێباکانە کێشـم دەکەن ..
ڕەشەباکان بمهەژێنن
لە چرکەیەکی شـێت بووندا ..
من چیاییـم ... وەکوو ئێوە
زۆر بێزارم لە سـنوور و ..
لە کەنار و ..
لە چوارچێوە ...!!

بەغدا – سەرەتایساڵی ١٩٩٠

# توێکڵە شووتی

کوردان

یادێک لە هەموو ئەو ئەستێرە سوورانەی کە وا
گازی کیمیاویی فاشیزمی ڕەش خنکاندنی.

چەند جاران لە جێ هەستا و کەوتەوە سەر چۆک . هیچ هێز و توانایەک کە بکرێ هەنگاوێکی تری پێ بنێتە پێش ، لە ئەندامیدا نەمابوو. بەڵام بە هەموو بێتواناییشەوە ، نەیدەویست ورە بەربدا و خۆی بداتە دەسی بێهێزی و زەبوونییەوە . تەنانەت چەک و فیشەکدانەکەشی کە قورسایییان دەکرد بە لاشان و دەوری قەدیدا ، بە لاشان و کەمەریەوە مابوونەوە . پێی شوورەیی بوو لە ئاخرین دەمدا لە خۆیان بکاتەوە و لێیان دوور کەوێتەوە .

پێ بە پێی کزبوونی هێزی لەش و لارەکەی ، بەژنی بەرزی کووڕ دەبۆوە و سۆمایی‌ی چاوەکانیشی بەرەو کزی دەچوون . هەروەک دووجارەکەی پێشوو کە لە شەڕدا پێکا بوو، هەنووکەش هەستی دەکرد خەستە خەوێک بە ئارامی دێ لە ناخی ماسوولکە و ئێسقانەکانیدا وەرکەوێ و دڵی بگرێ ؛ خەوێکی قورس و گران بانگی دەکرد. دەمیشی تەڕایی‌ی لێ بڕابوو. زمانی بە میچی مەلاشوویەوە نووسابوو و جگە لە تامی تاڵی ، هیچ تام و چێژێکی دیکەی بە دەمدا نەدەهات . چەند جاران زمانی لە دەمدا بزواند و ئەوەندەی کە فرزە و بڕستی لەشی بێهێزی ڕێی پێ دەدا ، هاواری کرد:

ـ « هەستنە پێ هاوڕێیان ... بەرزەوە‌بن و بەرەو سەر هەڵکشێن ...

هیچ نەبێ بەسنگەخزە بەرەو سەر وەرن ! ... »

چاوێکی بە داوێنی گردۆڵکەکەدا خشاند . وەک چاوەکانی پەردەیەکی تۆڕی ڕەش و تەنکیان بەسەرکشابێ ، یان لەپشتی شووشەی ماتی پەنجەرەوە بڕوانێتە داوێنی گردەکەوە ، دنیای داوێنی گردەکەی لە تەم و تۆزدا دەبینی . نیگای چاوەکانی هەر وەک نیگای دووچاوی ئازیز لێ بزربوویەک ، نیگەران و بە پەلە ، بەشوێن ئاخر هاوڕێی گومبوویدا وەیلانی داوێنی گردەکە بوو ، بەڵام تۆز و تەمی بەرچاوی ڕێی پێ نەدەدا دوورتر لە چەند هەنگاوێک ئەولاتر ببینێ . دەنگی هاوارەکەشی ئەوەندە نەبوو کە لە خۆی سەر بکا و بگاتە خوار گردەکە . زۆر نزیک ، کەمێک خوارووتری خۆی ، چەندێک لە هاوڕێیانی داکەوتبوون ؛ بە چاو دەیدیتن کە هەموویان هەروەک مۆمی بەئاخر گەیشتوو لەپاڵ یەکدا گورمیلە کرابوون .

قەت ئاوا ئەوتۆ گیرۆدە و ئەسیری دەسی بێهێزی نەبووبوو . کەللەی هاتبوویە تەمێ و لەخۆی قەڵس و تووڕە بوو. پێی سووکایەتی بوو لەدەمی مردنیشدا بە ڕاکشانەوە پێ ڕابێ و بەبێ چەکی بمرێ . لە ناوەوە ، لە خۆی ڕاخوڕی و جووتی پەنجەی دەستەکانی نایە سەر هەرد و ، بەهەرچی تینی کە لە توانایدا بووی ، خۆیەکی ڕاپسکاند و چۆکی لە زەوی جیاکردەوە . هەستا سەرپێ. یەکەم هەنگاو کە بەرەو پێش چوو ، سەرەخولە دایگرت و دڵیشی کوڵی . بە یەکەم هێڵنج زەرداوێکی خەستی لەدەم دەرپەڕی و دەمی تاڵتر بوو. سەرەخولە جارێکی تری سووڕاند . هات بە دەمدا بکەوێتەخوار، دیسان لە خۆی ڕاخوڕی و بە زۆرەملێ خۆی ڕاگرتەوە . بەڵام زۆری خۆ پێ ڕانەگیرا، بە لادا هات ، کەمێک بەرەو پاش داگەڕا، لاترەیەکی بەست و بەرەو پێش چوو ، ئەوسا بە لاشاندا کەوتە سەر گابەردێک و لە سەر پێ گێرسایەوە . سەری نایە سەرپشتی بەردەکە وتاوێک چاوەکانی نووقاند . دیسان دەمی بزووت . بە نەرمە ورینگەیەکی زۆر ئاسپا هاواری بە دەمدا گەڕا . هاواری کرد:

« هاوڕێیان ! ... هەستن ... مەوێستن ... بەرەو سەر وەرن ... »

دەنگی هاوارەکەی زۆر دوورتری خۆی دانەکشا. بەڵام بەم لەجێ هەستان و بەرزبوونەوەیە ، پشوویەکی تازەی بردەوە بەر و تۆزکاڵێک حاڵی هاتەوە جێ . چاوەکانی هەڵێنان . دەستی برد و چەکەکەی لە لاشان کردەوە و هەر وەک جاران کە لە مەتەرێزدا ڕوو بە دوژمن سێرەی پێ دەگرت ، نایە سەر پشتی گابەردەکە و خۆی بە سەردا کووڕ کردەوە . ئەمجارە بەڵام گەرووی چەکەکەی ڕوو بە دووژمن نەبوو ، ئاسمانی لە بەر تێزکەی تفەنگدا بوو .

هەردووک ڕانی هەتا ژێر قاچەکانی ورتەی ژانیان پێدا دەگەڕا . ئەم ئازارە چەند ساڵێک بوو کە بە نێو دەماری پێ و پەلانیدا دەهات و دەچوو ، بەڵام دڵی بە شۆڕشەوە گەرم بوو وگوێی نەدەدایە . ئەمڕۆ سەرچۆکی چەپەیشی ژانی دەکرد . دەستی کێشا و پەنجەی نایە سەر جێی ژانەکە . سەرچۆکی پانتۆڵەکەی دادڕابوو. خوێن بە سەر کڵاوەی ئەژنۆیەوە مەییبوو و بەشێک لە دەلنگی چەپی پانتۆڵەکەی بە ژێر ئەژنۆیەوە نووسابوو . جاران فیشەکی دوژمن زامداری دەکرد ، بەڵام زامی ئەمجارەکەی لە هەڵاتن و کەوتن و گلۆر بوونەوە پێ بڕابوو.

کە هەڵاتن ، پێشمەرگەی ماڵ لەچیا و خەڵک و زیندەوەری گوندەکان پێکەوە هەڵاتن . ئاژەڵ و پەلەوەری ماڵانیش بەبێ ترس و تەقێ ، دەگەڵ گورگ و چەقەڵی کێوی ، ڕوو بە چۆلگە هەڵاتن . لەم هەڵاتنە کوتوپڕەشدا زۆربەی زیندەوەری دووپێ و گەلێ ئاژەڵ و پەلەوەر پێی هەڵاتنیان بەسترا و دەرنەچوون ؛ لە ناوماڵاندا ، لە سەر ڕێ و لەبەر ڕێیان و لە دۆڵ و دەرە و چۆڵ و چەماندا بەسەر یەکدا کەوتن و ، لە وشکانی و لە ئاواندا ، بە گازی ژاراوی خنکان .

هێڵنج جارێکی تریشی دەم پێ کردەوە و زەرداوێکی مەیلەو سەوزتری بە لالغاوە دا هێنایە خوار . ددانەکانی بەسەر یەکدا تەپین و هەر وەک دەمی قفڵ و قەپات کرابێ ، بۆ کورتە دەمێک توانای دەم هەڵپچڕینی پێ نەما. بەرە بەرە پێڵووی چاوەکانی کرانەوە و چاوی بە زیتە وەستان . لە هەموو ئەجزای لەش و لاری بەرز و باڵای بڵندیدا، هەر بەس چاوەکانی زیت و زیندوو مابوونەوە . مێشکیشی لە هەوڵ و هات نەوەستابوو . بەڵام لە هەموو کۆگا و کانگای مێشکە بەتواناکەی جارانی ، هەر بەس بەشی ڕاگرتنی بیرەوەری و هەوڵ و هەڵسووڕانی ڕۆژانی ڕابوردووی چالاک مابوونەوە . بۆرە نەرمە هەناسەیەکیشی بە دەمدا دەهات .

بە لاشانەوە لەسەر گابەردەکە مابۆوە . هەستی دەکرد شتێکی وەک خەو و شەکەتی و لە خۆ جیا بوونەوەیەکی ساردوسڕ ، دێ لە خۆی جیاکاتەوە و لە باوەشی بێشکەیەکی لە تاریکان مردوودا وەریکەوێنێ . بەڵام بیرەوەریی ڕۆژانی ڕابوردووی ، چەشنی گەرما و شەوقی مۆمێکی بە ئاخرگەیشتوو ، گەرمتر لە هەموو دەمان گەرمی دەکردەوە . یادی یاران دەستی لە بەرۆکی مێشکی بەرنەدەدا . هەڵسوکەوتە کۆنەکان بەچەشنی شیلەیەکی خەستی هەنگوینی ، ڕەواقیان بە داوێنی بیردانیدا دەتکاندەوە و ئەم شەکەتی و لەخۆ چوون و خەستە خەوەی ئاخرینیان مەزەدارتر دەکرد . گلێنەی چاوەکانی تۆزکاڵێک لە بەریەک کشانەوە و کوڵمی و دوو لا لێوی هەر وەک زەردەی پێکەنینیان پێدا گەڕابێ، جووڵەیەکی ناسکیان پێدا هات . وەک خەوتبێ و لە خەودا بە خەون بیبینێ ، بە مێشکیدا هاتەوە و ، هاتەوە یادی :

« ـــ ... تۆ بێنووسە ئازاد ! تۆ دەستی نووسینت باشترە و بە ڕێ و جێ تری دەنووسی ...

ـ کوڕە ئەوە دەڵێی چی « مەناف بەدیع *» !... کوا هەتا دەست و پەلی تۆمان بۆ نووسین هەبێ ، نووسین لە پەل و پەنجەی من هەڵدەوەرێ ؛ ئەویش نەخوازا لەسەر دیوار و بەم شەوە تاریکە !! ... تۆ بنووسە حەیات ... بینووسە مامۆستا جوانکیلەکەی مناڵەکانمان . لەوانەیە ئەم دیوارە تەخت سپییەی کە هەر ئێستا دروشمەکەمانی بە بۆیەی سوور لەسەر دەنووسی ، دیواری ماڵی قوتابییەکی قەدیمەی خۆت بێ . لەوانەیە سبەی بەیانی کە هەڵدەستن و دەیبینن کە دیوارەکەیان بە خەت نەخشاوە ، لەترسی تەرەسان ، هەزاران تووکی

بەدرۆت لێ بکەن و بە جوێنی دەمەکی هەڵتبچنن !...

ــ نا ئازاد گیان وا نییە . خۆم دەزانم کە ئەم دیوارە ، دیواری ماڵی کێیە و دەشزانم سبەی کە هەڵدەستن و دەیبینن ، نە جوێنم پێ دەدەن و نە تووکم لێ دەکەن ، بەڵکوو دەبەر دەست و خەتیشم دەمرن ... دەزانن و تێدەگەن کە کاری کێیە و کێ نووسیویەتی ...

ــ ئای سەهەندە ... نەکا ماڵی حەزەکەت بێ !... بەڵێ ، بەڵێ ... هەر بۆیە کاکم ئاوا ئەوتۆ لووتی ناوەتە ناو قەڵشی دیوارەکە و بەبیانووی نووسین ، خەریکە بۆن و بەرامەی دڵدارەکەیی پێدا هەڵدەمژێ ... ئەرێ دڵداری خۆشە بەدیع ؟! ...

ـ قەت شت لەمە خۆشتر نابێ کاکە !... لە هەموو شتی دنیا خۆشترە ؛ شتی وا خۆش هەر نییە و نابێ . نەکا تۆ تاهێشتا نەتچێشتبێ ؟! ... وەڵاهی بەو قەد و باڵایە و بەو هەموو شۆخ و شەنگییەی کە خۆت هەتە، ئەگەر تا بە ئێستا نەکەوتبیتە داوی دڵ ، بۆ ئەوە دەبی بە زیندی سەر کەوڵت کەن و پێستت لە نەرمە کا بئاخنن و هەر لێت نەپرسنەوە ...

ــ مەدرەسە و زانکۆ ماڵیان ئاوابێ بەدیع ! کوا خوێندن دەرفەتی چاوکردنەوەیەکی پێ داوم کە چاوێک بکەمەوە و ئەسپی خۆم زین کەم و ڕوو لە گوڵزارێک بکەم ؛ هەر هەمووی خوێندن وخوێندن وخوێندن . ئەوا ئیمڕۆش گەرمی خەباتین و سەروماڵمان لەپێناوی شۆڕشدایە . بەشی ئێمە لەم شەکرە شیرینە ، چەلێ هەر خەونەشەکرینەیە بەدیع گیان. وەکی دەڵێن : « هەڵوا، هەڵوا ، زار شیرین ! » ... دەبا واز بێنین بەدیع . دەست پێ بکە . دروشمەکانمان بنووسە !

ـ من ئامادەم ئازاد گیان ... پێشەکی چی بنووسم ؟

ـ بنووسە : « ... لێ بگەڕێن با کۆنەپەرست و هەلپەرستەکان بکرووزێنەوە ... ئەوەی کە دەیبینن ... »

ــ نووسیم . پێم وایە بەشی ئەم دیوارە بەس بێ . دروشمەکانی دی بەشی کۆلانەکەنی تر بن باشە ...

ــ نا ، ئەم دروشمەی تریشمان هەر لەژێرەوەی ئەمەیان بنووسە . ئەم دیوارە سەرەڕێی هاتوچۆی سێ قوتابخانەیە و بازاڕی خوێندنەوەی گەرم دەبێ . بنووسە :« شۆڕشەکەمان زرێ و زەریایە . دانە دانە و سەر بە سەری خەڵکەکەمان دڵۆپە ئاوەکانی زەریای شۆڕشن و، ئێمەی پێشمەرگەش ماسی و مەلەوانی ئەم زرێیەین . هەتا خەڵکمان هەبێ و لەگەڵ خەڵک بین ، زیندووین ... چەک و پووڵی بێگانە ، خەیانەت بە کوردانە . »

ـ نووسیم . چی تر هەیە بینووسم ؟

ـ نەء ! با بڕۆین . دەبێ سەری کاتژمێری چواری نیوەشەو ، خۆمان بگەیەنینە چوار چرا و دەستێک لە بنکەی دوژمن بوەشێنین ... »

تینی گەرمایەکی گڕدار لە دەروونی هەناویەوە پۆڕگی دا. تین و گەرما زۆر بە نەرمی ، بەرەو گەرووی هات . تین و تیژایی لەحاستی ئەوکیدا بڵقی تەقی و کەفێکی سەوزی بەژێر ددانە قفڵکراوەکانیدا دەڵاندە دەر . تکەی خەست و لیچقی زەرداو ، بە دوو لالغاوەیدا تکانەوە و کەوتنە سەرپشتی بەردەکە .

هەر لەسەرپێ مابۆوە . لایەکی کەلەکەی بە چەشنێک چەسپی شانی بەرەدەکە ببوو، کە قوورسایی‌ی جەستەی لەسەر قاچی نەمابوو . زەندی دەستی ڕاستی لەژێر فیشەکخۆری کلاشینکۆفەکەیدا مابۆوە و چەناگە ناوچاڵ قووڵەکەی و لایەکی ڕوومەتی کەوتبوونە سەر قۆنداخی تفەنگەکەی .گەرووی چەکەکەشی هەروا ڕوو بەئاسمان ڕاگیرابوو. چاوەکانی زیت و زیندوو مابوونەوە ، تەنانەت تەڕاییشیان تێدا هەر مابوو .

بیبیلەی چاوەکانی تۆزێک وێک هاتن و دیسان لەبەریەک کشانەوە . وەک بڵێی تووڕە بووبی و یادی تووڕە بوونێکی هاتبێتەوە بیر، شەپۆلێک بە هێوری بەسەر سیمای کشا . لێوەکانیشی هێدی هێدی جوولانەوە و بەدەم هەناسەی کورت و کەم دەوامەوە ، بە ورتە گوتی :

ـ « لە سەری مەڕۆ چالاک ! من پێم گوتی دەبێ دەگەڵ من و ئەم چوار هاوڕێیەی ترمان بێ ... مەترسە ! سەر و ژێری ئەم شەقامەم بە پێشمەرگە بۆ گرتووی ، لە هاتنی دوژمن مەترسە ... ئەرخەیان بە ئەگەر زێڕی سوور بە کۆگا بۆ دوژمن هەڵڕێژی ، وزەی هاتنە دەریان نییە و بەم نیوەشەوە نایەنە دەر ... نازانم لە چی دەترسی ... ها ؟ ...

ــ ناترسم کاک ئازاد ! بەڵام بۆم نییە و نابێ بزانم بەرنامەمان چییە و چی دەکەین ؟ ...



ـ بەرنامەمان دروشم نووسینە و دەستێکیش لە دوژمن دەوەشێنین و چەند چەکی لێ دەستێنین و لەشار دەر دەکەوین و دەڕۆین ... چەکمان پێویستە کاکە ! زیاتر لەمە چیت گەرەکە بیکەین ؟...

ـ دروشم نووسینەکەمان بەجێی خۆی ، بەڵام خەڵکی شار هەر ئێستێ سەرپاکی گەرمی خەون و ...

ـ کەوایە ترسی ئەمەت لە دڵدایە کە نەوەک بە دەنگی تەق و تۆقمان خەو لە چاوی خەڵک بڕەوێ و لێمان بتۆرێن ...

ـ نەخێر لەمە ناترسم ... هەر لەهیچ ناترسم . بەڵام ...

ــ لەسەری مەڕۆ ، دەزانم دەڵێی چی و مەبەستت چییە ! خەریکی ژێر باغەڵە قورسەکەتمان بۆ هەڵتەکێنی و سیاسی بوونەکەتمان بەچاودا دەیەوە ؟ گۆڕەپانی خەبات ، هەم سیاسەتی تێدایە و هەم دەست و چەکیشی گەرەکە . بەڵام دەرخەمی ئەم خەیاڵەش مەبە کاکە ! چونکە هەر سبەی بەیانی ، ناگاتە نیوەڕۆ کە ڕێکخراوەی نهێنیمان هەموو ئامەنجەکانمان دەکەنە هێلکەی پاککراو و لەبەردەمی خەڵکی شاری دادەنێن ... تێگەیشتی ؟!

ــ بەلێ شتێک نییە کە تێی نەگەم کاکە . بەڵام هەر تەنێ ئەمە تێ ناگەم کە ئێمە بۆچ شەو بە دزە ڕێیاندا لە گوندەکانەوە دادەخزینەوە شار و دژ بە شارەکان شەڕ دەکەین ؟ دەمەوێ پرسیار بکەم کە ئەرێ شار جێ هێشتن و ڕوو لە چۆل و هەرد کردن ، ڕێ و ڕەسمی شۆڕشــی دەوری دەرەبەگایەتـــی نییـــە کە ئێمـــەیـش دەیکەین ؟ ئەرێ شەڕی گوند لەشار کردن ، ئەویش لەم چاخ و سەردەمەدا، دەکرێ ئالای سووری بۆ هەڵگرین ؟ ئەرێ خەڵکی لە خەودا خەوتووی شارەکان بەخرمەی چەکمان هەڵدەخرێن و دێنە ژێر ئالای سووری خەباتمان؟ ئەوانە هەمووی بە فیدای سەرت ... ئەرێ لەم جەنجاڵە بازاڕەی کە جیهانی ناوە و ئێمەی تێدا کۆڵەوارین ، خەباتی سوور بە ڕێی چەکداریدا ڕێیەکی ماوە کە پێیدا بڕوا و قاچی نەشکێ ؟ ...

ــ چالاک ئەم فەلسەفە وشکەڵانە بە لای خۆتەوە ڕابگری باشە ... ڕەنگە لە دانیشتنەکانماندا بەکەڵکت بێن و بتوانی دەمێکیان پێ ببزێوی ؛ لێرە کەس کڕیاری نییە و بەلای کەسەوە قەدری نییە . ئێستێ کاتی ئەم بلمە بلمە نییە . ئێمە شێوەی خەباتی خۆمان هەڵبژاردووە . دژایەتیی ئێمە و سەرمایەدار، دژایەتییەکی دوور لە ئاشت بوونەوەی هەتاسەرە . خەباتەکەشمان خەباتێکی درێژخایەنی چەکدارییە و بە درێژایی‌ی ئەم خەباتە ، چەک لە دوژمن دەستێنین و بەگژیدا دەچینەوە ...

ـ بمبوورە قسەکەت دەبڕم و دێمە ناو کەلامت کاکە ئازاد ! بەڵام ناچارم برا... دەسا ئەگەر خەباتی دژ بە سەرمایەداریت درێژ خایەنە و چەکدارییە ، هەتا زووە و زۆر درەنگ نەبووە ، بێژە با ئەم دروشمە بێناوەرۆکەی کەوا لەسەر دیوارت نووسیوە ، بیسڕنەوە با نەمێنێ ، ئەگینا لەوانەیە سبەیەکی نەهێندە دوور ، چەکی دەسی دوژمنت نەکەوێتە دەست و چەکت پێ نەمێنێ و تووشی...

ــ منیش ناچارم قسەت ببڕم و نەهێڵم چیتر لەسەزی بڕۆی ، چونکە قسەکانت کۆپێی قسەی ئەو زڕە شۆڕشگێڕە شارنشینانەیە کە دەگەڵ خان و خوندکاران سازاون و شێت و شەیدا و ئەڤینداری شۆڕشی خزۆکی بێتەقە و هەران ... قسەکانت توێکڵە شووتین و، دەخوازی ئەم توێکڵەشووتییە بخەیتە ژێر پێی پێشمـــەرگـــە و بۆ چـــەک دانـــان و گـــەڕانـــەوە هەڵیانخلیسکێنی ...

ــ وا نییە بەسەرت ... بەڵام با وا بێ ... کەسێک بژی ، لە دوارۆژدا دەیبینی کە نە نۆکەری و سیخوڕی شۆڕشگێرییە و ، نە هەڵتۆز هەڵتۆزی منالانەش بە چ جێیەک دەگا ... بێشکم ڕۆژێک دادێ و هەر دووک لا ، هەم خاسەی کە تۆ خاسەی پێ دەبێژی و هەم زڕەی لەمێژ زڕە ، هەمووی دەکەونەوە سەر یەک خاڵ و ، ئاخرسەر پێکەوە پەرپووت دەبن . لێکدانەوە باشترین ...

ــ لەسەری مەڕۆ ، بەسە !! ... دا تۆ خوا فەرهاد ئەو چەکەی لەشان بکەرەوە !! ... چەک لە شانی شۆڕشگێڕان دەوەشێتەوە . فشە شۆڕشگێڕەکان هەر ئێستێ لەخەوی نازدا خەریکی فاکتۆڕ شکاندن و ڕێ کوێرکردنەوەن...

ــ ... دیموکراسی بێشکەی زانایی‌یە ، دایکی وریایی و وشیارییە ... کوا کەی شۆڕش بە بێ بناغەی دیموکراسی سەقامی گیر دەبێ ؟ کوا کەی خۆخوازی و داسەپاندنی

خەیاڵ ، ئەویش بە زۆرەملێ ، شۆڕشی پێ دەگوترێ ... ئەمەیە توێکڵە شووتی و دەیخەینە ژێر پێی خۆمان ؟ بەڵام داخ و مخابن کە هەر هی وەکی خۆتی لە سەر هەڵدەخلیسکێ و ... »

لە پشتێن بەرەژوورەوە تەزوویەکی بە دەمارەکانی لەشیدا هات . تەزوو ، تۆزێک لاشانی لە گابەردەکە جیا کردەوە . سەریشی توزکاڵێک لە قۆنداغی چەکەکەی جیا بۆوە . پەنجەکانی بەم تەزوو پێداهاتنە، ئەوەندەی کە دەکرا لەبەر یەک کشانەوە و سەرلەنوێ وێک هاتنەوە . قاچەکانی ژانیان پێدا گەڕا . هەستی کرد هەر وەک ئەو کات و دەمەی کە وا لە داوێنی چۆڵکراوی کوێستانی ڕژدی « گمۆ » ، شەکەت و شپرزە و تینوو ، بۆ یەکەم جار لەدەست ئازاری قاچەکانی هاواری بە دەمدا گەڕا، هاوارێکی یەکجار بە ئەسپای بە کەلێن ددانە قفڵ و قەپات کراوەکانیدا گەڕا .

لەودیوی سنوورەوە دەگەڕانەوە . قەوسی پاییز بوو . ئازاری قاچەکانی لە وەرزی پاییز دا هەدادانیان پێ نەدەهێشت و هەتا گەرمای هاوین بەردەوام ژانیان پێدا دەگەڕا . بەڵام کەس هەتا ئەو ڕۆژە هاواری لەدەم نەبیستبوو . ئەو ڕۆژە بە داوێنە ڕژدەکەی کوێستانی چۆڵکراوی گمۆدا دەگەڕانەوە . زریانی ساردی پاییزی، ژانی قاچەکانی و قورسایی‌ی چەک و جانتای لاشانی لەلایەک و ، لەلایەکی دیکەوە پرتە و بۆڵەی هاوڕێیانی ، ئایینیان پێ نەهێشتبوو. بەڵام هەمووی ئەوانە بەجێی خۆیان ، دەکرا دەگەڵ یەک یەکیان بە بارێک بچارێ و بەجۆرێک دەگەڵیان پێ ڕابکێشێ . ئەوەی کە لەو دەمەدا ئازاری گیانی بوو، شکاندنی پەیمان بوو ؛ قەتی بۆ فەرامۆش نەدەکرا و هەر لە بیری بوو . دروشمە نووسراوەکانی سەر دار و دیواری شار و، خەت و نیشانی هاوڕێ چالاک و، پەیمانشکێنی و درۆکردن دەگەڵ خەڵک ، وەک برینی بەناسۆر بە مێشکیدا دەهاتن و لە تیژاوی شەرمدا دەیانتواندەوە . دروشمەکان ئەگەر «تاکتیک »یش بووبن ، لە سەر دیوارەکان هەرمابوون . بەسەر دیوارەکانیشەوە نەمابووبن ، لە تاریکخانەی مێشکی زۆر کەسدا هەر مابوون و پاک نەکرابوونەوە . قەت پێی وا نەبوو ڕۆژێک بە خشکەیی پەیمانی پێ بشکێنرێت و ڕێی ئەم بستوولکەیەی بخرێتە بەر. هاوڕێیانیش بە پرتە و بۆڵە بوون .

هاتەوە بیری . ئەم بیرەوەرییەش قەڵسی کرد. ددانە قفڵ و قەپات کراوەکانی بەسەر یەکدا سووتن و لە خەیاڵدا گوڕاندی :

ــ بەسکە سەعدە ! تۆ کە لە هەموو هاوڕێیانمان سووکبارتری و نابێ هێندە دەم بەهاوار بی . ئەگەر شەکەتی و ئەگەر تینووی ، هەر تەنێ تۆ نیی . منیش وەکی تۆم ... هاوڕێیانیش دەم و لێویان وشک هەڵاتووە ، تەنانەت بارەبەرە زمان بەستەکانیش تینوویانە . بەڵام خۆیشت دەزانی سەعدە ، کە ئاوەدانی لەم کەل وکەژانەدا نەماوە و هەرچی سەرچاوەی کانیاوانە گشتی بە چیمەنتۆ خنکاون ...

ــ توونیایەتی دەردی گرانم نییە ئازاد ! چۆڵەبڕ کردنی ئاوەدانی دەمپڕووکێنێ . تۆ بۆچ لە ئێمە ناڕوانی کە دەستی یارمەتیی کێمان خراوەتە دەست و کێ لە فریامان دێ و کێ ...

ــ ئەی هاوار بەسکە سەعدە ... خۆت بەم هاتەران پاتەران گوتنانە مەشەمزێنە هاوڕێ . ڕێمان دوورە ، خۆت قەڵس و تووڕە بکەی لەوانەیە کێشت نەمێنێ و بوەستی . هەر ئەوەندە بخوازە لەمە کاڵتر نەبینەوە ... ئەی هاوار قاچەکانم ... ئەی هاوار ئازار کوشتمی... ».

چەند جارانی تریش ، دەگەڵ زۆر مەفرەزە و پەل و دەستە پێشمەرگەی دی ، وەک سەرپەل و لێپرسراو ، بەم ڕێ و بانانەدا هات و گەڕایەوە . هەر هێنایان و بردیان . هەر هاتن و چوون . چەکیان هێنا و پارەیان هێنا . ئاخرسەر، گۆڕەپانی ناو خەڵکیان لێ تەنگەبەر بۆوە و ماسییەکانی شۆڕش لە زرێ هاتنە دەر و کەوتنە ناو زەلکە . هاتن و هاتن و بەیەکجاری لەم مەڵبەندە دا خستیان و نیشتەجێ بوون .

کە لەبەر ڕمی « میگ » و « سۆخۆی » هەڵهاتن ، خەڵک و پێشمەرگە و باڵدار و چوارپەل پێکەوە هەڵاتن . تەنانەت بە بێ ترس و تەقێ ، گورگ و مەڕیش پێکەوە هەڵاتن .

تەزوویەکی توندتر بەهەموو لەشیدا هات . مووچوڕک و تەزووی ئەمجارەکە ، بە تەواوی لە بەردی جیا کردەوە . ئازاد ، شان بەبەردەوە ، لەسەر پێ ، ڕەپ و ڕاست ڕاوەستا و هەر لەم حاڵە دا گیانی دا و مرد . لەسەر پێ مرد ، هەر بەو جۆرە مرد کە خۆی لە لاپەڕەیەکی دەفتەری ناو جانتاکەیا نووسیبووی :

«.............

ئەوە ڕێبازی مەزن پیاوانە<br>
پیاوی ئازا و نەبەزی پێویستە<br>
من بە فەرمانی سەرۆک و سەردار<br>
نابمە ڕێڕەوی ئەم ڕێبازە<br>
ئەوە ڕێبازی مرۆیانی هەموو دێرۆکە ،<br>
چەک بەشان مان و، دەگەڵ چەک مردن<br>
ئەوە بیری منە ، پێی سەربەرزم<br>
وەکوو پێشمەرگە بژیم و<br>
لە سەر پێ بمرم

.............»

چەند هەفتەیەک بەسەر تراژیدیای خنکان و قڕ تێکەوتنی خەڵک و پێشمەرگە و ژینەومردا تێپەڕی . لە هەموو دنیا بوو بە هەرا . زەرد و کەسک و شین و ڕەش بۆ ئەم غەمە مەزنە پرسەدار بوون . تەنانەت تەلاری مەزنی شاری ستۆکهۆلم ـ یش بەم خەمە گرانە خەم گرتی و دەنگی دژ بە فاشیزمی پێدا گەڕا .

هەر لەم تەلارەدا ، مەزنە خۆماڵییەکانیش هاتن و لە بەرامبەر لەش و گیان ناسازەکانی پەنابەری پەناگردا ڕاوەستان و کەوتنە وتن. دانیشتووانیش دانیشتن و گوێچکەلەکانیان شل کرد و قسە هەزار جار دووپات کراوەکانیان بیستەوە . زۆربەیان پێیان خۆش بوو کە دیسان و دیسان و دیسان بیبیسنەوە ، بەڵام پێیشیان خۆش بوو کە ئەگەر لە زمانی مەزنە خۆماڵییەکانیشیانەوە جوێنێک ، هەرایەک ، هەڕەشەیەک هاتبایە دەر . دانیشتووەکان وردیلە بوون و کەم چیکڵدانە . مەزنەکان وەک وردیلەکان نین ، مێروولە نین کە بەکەوچکێک ئاو بکەونە سەرپشت و بەرسنگیان ئاشکرا بێ . ئەوان بلیمەتانی بلیمەت خوڵقاون کە دوژمن بە شەکراو دەخنکێنن ، موو لە ماست دەردێنن و هەڵۆ بە ماڵی کۆترە سپیلکەی ئاشتیدا دەکەن .

دانیشتووان دانیشتبوون و کەس دەمی جووڵەی نەدەهات. هەر بەس خەشیمێکی خاوی ترسنۆکی نمەک کەردە ، هەم بۆ خۆ نواندن و ، هەمیش لەترسی نمەکگیر بوون ، هات زمانێک بە نیازی ڕەخنە و سکاڵا لە دەمدا ببزوێنێ و بڵێ :« ئەی بەڕێزی پایە بەرز ! دەستی ئێمە و داوێنی وادە و بەڵێن و وەفاتان ، دەسا فەرمانێک بۆ سەر لەقورنانێک !!.... »

زانای مەزنی خۆماڵی ، کە بە چاوی نووقاو عەڕش و قوڕشی دەبینی ، هیچ دەرخەمی پێ گوتن نەبوو . سەرێکی هاورد و برد و گوتی :

ــ « کێ لەتوانایەتی لە سەر خوان و سفرەی خانەخوێ، زمانی سکاڵا لە دەمدا ببزوێنێ کە ئێمەیش بیکەین ؟! پشتی شۆڕشی سوور و شینمان بەم خڕە بەردەگرانەوە بەندە . دەی ئەگەر ئێمە پەت و پەلەپیتکەی ئەم خڕەگابەردە بترازێنین ، دوایە دەس بە ڕێش و کلکی کێ بگرین و چۆنی دەربەرین ؟! ... ئێمە توێکڵەشووتی ناخەینە ژێر پێی خۆمان کە ...» دانیشتووان زمانی ئافەرینیان بۆ کردەوە .

پاییزی ۹۲

* مەناف بەدیع = مەنافی بەدیعی ، مامۆستا و هونەرمەند و پێشمەرگەی مەهابادی ، کە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا دەگەڵ چەند هاوڕێی تێکۆشەری ، بە هۆی تەقینەوەیەک ، تێکڕا لەژوورێکدا شەهید بوون .

بەڕۆژ ئاکرەیی

# مەسیح ڕۆیشت ، مارکس مرد، گیڤارایان کوشت ، منیش حەوسەڵەم نەماوە!

« نیگایەک و ساتەدیدارێ لەگەڵ جیهانی نائاگایی، پەردە لە ڕووی هەموو ڕازەکانی بوون لادەدا »

-گوستاڤ یۆنگ-

بۆ ناسری سینا

مەودای نێوان باکووری ژوورەکەم تا باشووری سێ هەنگاوە:

ژیان.

چاوەڕوانی.

مردن.

شەوی قژم بەرەو سپێدە دەڕوا. نینۆکەکانم درێژ دەبن. سێبووری بێدەنگییەکی گۆرانیبێژە، تووڕەبوون دڕاندنی لاپەڕەی یادە تۆزاوییەکانە و پەیڤینیش جگەرەکێشان.

من قاپەکانم شووشتوە وژوورەکەشم گەسک داوە. شاڵی تەڕی چاوەڕوانیم لەسەر تەنافی بیرەوەریەکانە. لێرە! لە باڵکۆنی هەستی شێداری شەودا.

هەڵدەژاکێ ڕەنگی ژوورەکان. تۆخ دەبێ ڕەنگی چاوەکانی شەو لە ماندوێتیی ئەم مانگە پیرەدا. لادەبرێ کۆڵەکەی هەیوانی هەست بە دەستی هەواڵ. تەمەن دەبێتە مشتێ پووشی ناو دەستی با. ڕۆژەکان ئەستوور دەبن، حەفتەکان قەڵەو، مانگەکان درێژ، ساڵەکان: خەزانەی فرمێسکی سوێر لە پشت پەردەی ئەو نامانەی تەنیا جارێ دەخوێنرێنەوە.

کوور دەبێ سێبەری ئەو، لە ڕووی دیوارێکی لە خۆ نامۆ. گۆچان دەبێتە دەستی ئەوانەی حەزی دەستگرتنیان شەوی یادەکانی تەڕکردبوو. ڕوودەنیشێ لە سەر سێبەری خۆی لە « Rinkeby ». باران بسمیلی دەکا لەو گوناهانەی نەیکردووە و ترسی کردنیان چاوەکانی



دەزێنێ. چاوێکی ئاو، کە لە ئاو ناچێ. ئەوی تریان خوێن، کە لە خوێن ناچێ. کڵاوەکەی لەبەر باران دادەنێ و سەری لەبەر با...

###

سێبەری پەپوولەی بزە لەسەر لێوی مەرگ . ڕاکردنی ژیان. چەپڵەلێدانی برین. لێمەیزینی زەین بەرەو کۆڵانەکانی ڕابردوو. ڕابردوو شەلوارێکە چۆتە ئاو و بە بەر بۆچوونی ئەمڕۆمانەوە ناچێ.

«... هەمومان باشین. شتێکی وا نییە بۆت بنووسم، دیارە خۆت چاکتر دەزانی. ئەگەر بۆت کرا سەفەرێک وەرەوە. بزانە بەڵکوو بێیت و خانووێک بۆ خۆت بکڕی. هەواڵی نوێش...»

هەر هەواڵێ بیورێ بوو لە ئاست داری بەژنەکەمدا. هەر فرمێسکێ دمی داسێ لە ئاست لاسکی گوڵەگەنمی بەژنەکەتدا. ئەمڕۆ دوێنێیە و سبەی ئیرۆ! دووکەڵی شین بە پەنا هەنگڵی چایەکەمدا رادەبوورێ. تەپڵەی جگەرە، ساتەکانم دەپێوێ و فنجان ناکۆخێ، وەک تۆ. چایەکەش، چاوەکانی لێکنانێ وەک من.

لە کۆلیتەی تەڕ و تەریکی ڕۆحمدا دوو هەنگاو ماوە تا بەیانی. سێ جگەرە تاکوو مردن. گەر بمهەوێ هەورازی ژین بگرمە بەر، دەبێ ئاو بە ئاو بشۆمەوە، هەوا بە هەوا، مردن بە فرمێسک، دووری بە شیعر، خەم بە خەو و ئەڤینیش بە سێکس.

گەر بمهەوێ لە نشێوی مەرگدا، دەستی چۆکەکانم تەوقە لەگەڵ دەستی لەرز نەکەن، دەبێ خوێن بە خوێن بشۆمەوە، ژوورەکەشم بە دووکەڵ. وەردەچەرخێم:

دوێنێ ئەمڕۆیە و سبەی دوێنێ.

ئەو نامەیەی دوێنێ لە وڵاتەوە هات، پشیلەیە و لەسەر مێزەکەم خەوتووە. نەمخوێندۆتەوە، بۆنی برسیەتی زراوی ڕۆحم دەبا. گۆڤارە نوێیەکەش لە ئاودەستخانەدا بە وەنەوزەوە هوتاف دەدا. نایخوێنمەوە. بۆنی ماستاو زراوی هەستم دەپسێنێ. باربارا گوتی:

– پەڕەکانی ئەم گۆڤارە گەلێ زبرن کلێنکس بکڕە.

درزێک لەم ئاوێنەیەدا منی کردۆتە دووان، یەکیانم دەزانێ گوێقولاغی زڕەی زەنگی تەلەفۆن بێ، شەو دەبێتە کووچەکانی تەسکی مێژوو، کە تەنێ خوێن بێی زامداربوونی شانەکانی پێیدا تێپەڕیوە. ئەوی تریان چاوی لێیە، چاوەڕوانیم بۆتە پۆرگێ لەژێر پێستیتەنیاییمدا.

– شەو باش «بێکێت»!– شەو شاد «گۆدۆ»!

منی من چاوی لێ بوو لێوەکانی گوتی نا... و چاوەکانی ئا. دڵم لەرزی و پێی نەلەرزی. زارم بە دەنگمرا نەگەیی بڵێم بۆ کوێ؟... دەنگی وەرچەرخا: بەرەو دوورگەی مردن ڕاکە! «هەرچەند دەمێکە، ئیدی مردووەکان مردوو دەنێژن».

ساتە بەفێرۆچووەکانی ناو تەپڵەی جگەرە دەرێژمە نێو زبڵدانەکە. بۆنی ساتە بەفێرۆچووەکان لووتم ئازار دەدا. دەزانم کە بێمەوە و دانیشم لە ئاست خودی خۆمدا، تەنیایی دێ و مەوداکان دەبڕێ. مەودای نێوان مەمکی دایک و زاری منالٚ. هەردوو دەست و یەک بۆشایی. کومپیوتەر و لەیلووکەکان. هەڵبەست و هەڵلەرزین، هەور و هەوریەکەی دایکم لە هەینییەکی هەناسەسواردا. مەودای نێوان من و نووسین، تۆ و خوێندنەوە.

ساموورایییەکان، ڤیتکۆنگەکان. قەرەجەکان. عەییارەکان. ئاشقەکان. بەرەڵڵاکان. شاعیرەکان. هەڵبەستەکان. هەڵوێستەکان. هەر هەموویان لەسەر لەپی جادە دەمرن. شەو بە پەنایاندا رەت دەبێ. خەو بە پەنایاندا ڕەت دەبێ. پەیڤ بە پەنایاندا رەت دەبێ. سۆزانییەکان، سیاسییەکان، فەلسەفەکان، ئایینەکان، هەر هەموویان ڕەت دەبن و منیش نازانم چما کە دەمویست بگریم، ئێوە نەتانهێشت. من دەمویست بمرم ئێوە نەتانهێشت. من دەمویست ڕابم ئێوە نەتانهێشت. من دەمویست ڕازێم، ئێوە نەتانهێشت،من...دەمویست...ئێوە...من...ئێوە...؟!

سەری جگەرەیەک بە ئاگر سوور دەکەم

بەڵکوو بشێ پەردەی شەوی پێ کون کون کەم

نا...

پێخەفەکەم دەریایەکە هەندێک شەوان نوقمم دەکا. شەوی واش هەیە لێی دەترسێم توخنی ناکەوم. لەو شەوانەدا، خەمێک دێنم تازەخەتی سمێڵانی هاتبێ، سەری دەبڕم و فرێی دەدەمە ناو زاری شەپۆلەکانی. بەهانەیەکی دەستکردی ژین دەخەمە نێو دەمە کەفاوییەکەی.

ئارامنابێ.

دەستم جگەرەیێ دەدزێ و سەرینیش سەرم.

بۆنی ئارەقەی سەرینەکەم قەیسەرییەکە کۆتاییەکەی دەگاتە گەڕەکی هەرزەکارییە بابردەڵەکەم. دەڕۆم و دەمەوێ هەناسەکانم بە هەناسەیەکی تر، لە شەوێکی تەڕی تردا بشۆمەوە. باربارا گوتی: بە ڕاست منت پێ جوانە؟ گوتم: ڕەنگی چاوەکانت لە دۆلار دەچن. چرایەکەی کوژاندەوە: لای ئێمە دۆلارێک سێ جەم خواردن و لاسمێڵێکی «لەخ ڤاڵسا» ی پێ دەکڕدرێ. کۆندۆم لەسەر مێزەکەیە. ئەی لای ئێوە؟ ئاشی مێژوو وڕینە دەکا و باراشی نوێ فڕێ دەدا. هەر هەواڵە ڕق دەچێنێ، بزە دەدروێ، خەم ئاودەدا. شاعیرێ دەمرێ، حیزبێ دەزێ. فەهد ئیدی کە سەر بە ماڵە هەژارەکاندا دەکا باسی کێشەی چینایەتی و کۆمۆنیزمیان بۆ ناکا. ڤیکتۆر گارا،



وازی لە حیزب هێناوە و حیزبیش لە داخان چاوەکانی فێر ناکا سووژنەکان بترسێنێ. وەزیرێ بێکەس دەبێ وکورسی و چاکەتەکەی بەجێ دێڵێ. بێکەسێ دەبێتە وەزیرو کورسییەکە گەرم دەکاتەوە:

«ئەو دیمۆکراسییەی لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، هەرگیز وێنەی نەبووە!» (چەپڵە و فیتووی خەڵک).

هەندرێن گوتی: « هەمووتان گەوادن... پاسکیلچی و فیتەرچی بوونەتە شاعیر... یەق !» ئەحمەد گوتی: «نەخەمە لۆ!...» ئەگەر- وان - خەبات نەخنکێنێ، یەکیەتیی نووسەران ئەمساڵیش کۆنگرەی خۆی دەبەستێ . دەنگی ڕێبوار لە سەردابێکی دانمارکەوە: «چۆنی حەوبرا؟ کتێبی تازە چی هەیە؟ هەڵکەوت سڵاوی نییە، ماشینەکەی خراپ بووە، یەگگرتن دوادەکەوێ. دەنگوباس چییە؟»

گوتم: فیدراسیۆن تەوڵەی قەدەغە کردووە. هەر بژی ناسری ڕەزازی نوێنەری سیاسەت و یەکێتیی نووسەران و شاعیران و چیرۆکنووسان و وەرگێڕان و گۆرانیبێژەکان». گوتی: «وازبێنە، پارەی تەلەفۆنەکەم زۆر دەبێ . دەنگوباسی وڵات چییە؟» گوتم : «جەمال حەیدەری شەهید بووە، شێرکۆ شیعرێکی چاکی بۆ نووسیوە.» تەلەفۆنەکەی دانایەوە.

ئەم چیرۆکانەش شەوەکانم قەدبڕ ناکەن. هەموو شەوێ بە کۆمەکۆم تاریکی دێ و پەنجە لە شووشەی پەنجەرەم دەدا. دەچم پاڵتۆیەکەم بەسەر شانەکانیدا دەدەم. هەموو ڕۆژێ پەنجەرەکەم ڕووناکایی میوان دەکا و خەو نایە سەرەخەوێ لە هەیوانی چاوەکانمدا بشکێنێ. گوتی: « گریان دەستە ڤۆدگا دێنێ.» گوتم: « ڤۆدگا جۆگەڵەیە گریان دێنێ.» گوتی: دەمێکە دیار نی؟» گوتم: « خۆم لە خۆم دەدزمەوە تا بتبینم.» نیگای لە من تێپەڕی، وەک تێپەڕینی هەور بەسەر گۆمێکی مەنددا» خۆم لە تۆ دەدزمەوە، تا خۆم ببینم!»

لە ئاوێنەدا بەجێم هێشت.

کە دەنووم ، ( بێ ئەوەی بنووم) هەموو شتێ لەگەڵما دەنوێ. کورسییەکەم، پێنووسەکەم، چرای ژوورە بچووکەکەم،

ڤۆدگایەکە لەسەر مێز وەنەوز دەدا. میلەکانی سەعاتەکەم سەر لە دووی یەکتر دەنێن. وێنەکانی نێو جامخانەکە دێنە دەرێ و ماڵەکەم داگیردەکەن: شاملوو، عەلی صالحی، مژگان، ریتسۆس، فروغ فرخزاد، دایکم، گلشیری، دالی ڤان کۆخ، منالێکی کورد، ڕەشێکی پێخواس، هەموویان ڤیکرِا هاوار دەکەن. چرایەکە هەڵدەکەم. پەنجەرەکەش نیوەتاک. باران دەبارێ، دەمەوێ چەترێک بۆ شەو ڕاگرم تاکو تەڕ نەبێ. جگەرەیێ دەستم دەگرێ و دەمباتە دەرێ. شەو لەوبەر شۆستەی شەقامەوە، بەرەو

بێژنگی بەیان دەچێ. منیش لەمبەر ڕووەو بێژنگی بێخەوی.

دەگەڕێمەوە.

کە شەو خەریکە هەڵخلیسکێتەوە نێو نەهالی سپێدەوە، دەستی یادێ، باوێشکەی پەیڤێ، کۆخەی خەمێ، پژمینی شیعرێ، هەنسکی خەونێ، هەنگاوی تێنوێتی لە بیابانی گەرووا ڕامدەچەنێ. گوێ هەڵدەخەم: بێدەنگی گۆرانیم بۆ دەڵێ. تەنیایی بزنەڕێەکی بەر مانگەشەوە، لە منەوە تا گوڵیادی بزمیەکی هەڵبزڕکاو. گەرووم دووکەڵ دەپەیڤینێ. خۆم لە بۆسەی دەنگێ، ڕەنگێ، بزاڤێ دەنێم. نە منالێ لە پاشکۆی شەودا دەگریێ، نە پشیلەیێ سەر لە دووی سێبەری خۆی دەنێ. نە سەگێکی بەرەڵڵای ڕۆحم ئاسا بە سێبەری خۆی دەوەڕێ.

ڕوانینم دەکەمە دەست، بە بنمیچ و دیوارەکاندا دەخشێنم، پەڵەیەکیش نییە هەر بۆ تاوێ چاوم بدزێ و بۆم ببێ بە سیمای کەسێ، کەپکەشاخێ، چاو و برۆ و لاڕوومەتێ. بیسالیم دەکەم بە پێ، دەینێرمە دەرێ، خاچەکان بۆیەنباخی گۆڕەکانن. دەنگێکی تەپ: مردووەکان لە تەنیشتەوە خۆ وەردەگێڕنە سەر تەنیشتەکەی تر. ڕاپەڕم. قومەئاوێک بە کۆڵانی گەروومدا دەکەم و دەزانم گەر خەو بێت و چاوەکانم بدزێ و مانگ بەپەنا پەنجەرەکەمدا راببووری، بە بیستنی دەنگێکی تەپ ڕادەوەستێ:

من، خەریکم لەم تەنیشتەوە

خۆ وەردەگێڕمە سەر تەنیشتەکەی تر.

###

دەستێک بە شانی دەکەوێ. کڵاوەکەی پڕبووە لە باران و چاوەکانی سەرڕێژی هەور، جگەرەکەش خامۆش. ڕووەو ماڵ دەبێتەوە. ماڵێ کە مەودای نێوان باکووری ژوورەکەی تا باشووری سێ هەنگاوە:

ژیان

چاوەڕوانی

مردن

پاییزی ١٩٩٣

نۆرتێلیە/ سوێد

ISSN 1102 - 2000

# Mamostay Kurd



20

Winter 1993/1994